# کــورد

و

# عـروبة

بابەکر دڕەیی

لەبلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

## پێشەکی

ئەو وتارانەی لەم چوارچێوەیەدا کۆکراونەتەوە زۆرتر بەمەبەستی بەرچاوڕوونی سەبارەت بەناسیۆنالیزمی عەرەبی عیراق نوسراون‌و بێگومان روداوە هەنوکەییەکانی باشور کاریگەریی زۆریان لەنوسینیاندا هەبوە.

هەڵەی گەورەی من لەخوێندنەوەو پێشبینی روداوەکاندا لەوتاری"مەترسیەکانی دوای هەڵبژاردن"دا بەرچاو دەکەوێ کەماوەیەك پێش هەڵبژاردن نوسراوە.

لەوێدا وتومە "مەترسی سەرەکی بۆ گەلی ئێمە لەوەوە دێت کەپرۆسەی هەڵبژاردن ژمارەیەك لەتوندڕەوەکان‌و ئەندامانی "دەستەی زانایانی سوننە" فرێ بداتە ناو پەرلەمانی عیراقەوە. "

لەهەڵبژاردن دا ئەم "هەڵە"یەی من راست دەرنەچو. واتە سوننەکانی ناوەڕاست بەگشتی لەپرۆسەی هەڵبژاردن دورکەوتنەوەو مەیدانی شەڕی دژی دیموکراسیان نەگواستەوە ناو پەرلەمان‌و کەسی وایان نەنارده ئەنجومەنی نیشتمانی.

بەڵام هەر مرۆڤێکی کۆلکە سیاسیش دەزانێ داخوا ئەوەی من پێشبینیم کردوە هەڵەیە یاخود ئەوەی سوننەکان ئەنجامیان دا؟ ئاخۆ بەشداری نەکردنی تاقمی ناسیونالیستی توندڕەوی ناوەڕاست



لەهەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا "سەهو" بو یاخود بەشداریکردن لەبنیاتنانی عیراقی نوێ دا؟

هەرچی چۆنێك بێت، بۆ ئێمەی کورد پڕبونی پەرلەمانی عیراق لەکەسانی عروبەوی‌و نادیموکرات جیاوازیەکی واهی نیە لەڕووبەڕووبونەوەی راستەوخۆو شەڕی سەرجادە: ئەگەر شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ عروبەوەیەکاندا دوایین شێوازە بۆ بەلاداخستنی ناکۆکیەکان، ئەوا حەنەحەبەشێی پەرلەمانی‌و فرت‌و فێڵی یاسایی‌و نایاسایی کەئێستا برا شیعەکانیشمان پەیڕەوی دەکەن . دیسان . پێشەکی یە بۆ ئەو بەڵایانەی مەزەندە هەیە "براکانی باشور " بەسەرمانی بهێنن.

بابەکر درەیی
٢٠٠٥/٧/ ٣

## ديموكراسی بە شێوازی عەللاوی

ئاسۆ

ژمارە (١٣) ٦/٧/٢٠٠٤

هەفتەی رابردوو دەزگاکانی هەواڵنێری ئەوبیروباوەڕانەی سەرەك وەزیرانیان بڵاو کردەوە کە لەرۆژنامەکانی واشنتون پۆستو ئیندیپەندنت دا سەبارەت بە دیموکراسیەت لەعیراقدا رایگەیاندبون. پوختەی بیروڕای سەرۆك وەزیرانمان لەمەدا پوختە دەبیتەوە: دیموکراسی عیراقی دیموکراسیەکی جیاواز دەبێ لەومیتۆدانەی لەدنیادا هەنو خاوەنی تایبەتمەندییەکی خۆماڵیو نیشتیمانی دەبێ. دەقی قسەی عەللاوی بەم جۆرەیە "إن مستقبل الديمقراطية في العراق سيتقرر طبقا لـ "القيم الفريدة" لثقافة وتاريخ العراق و إن العراق لن ينسخ النظم الديمقراطية من البلدان مثل امريكا وبريطانيا"!!

هەروەها عەللاوی وتویەتی "إن حكومته والشعب العراقي سيشكلون نظاماً ديمقراطياً يختلف عن الديمقراطية الغربية"

ئەگەری ئەوەی ئایا لەباری پراتیکەوە ئیمکانی هەیە دیموکراتیەتێکی تایبەتیو گونجاو لەگەڵ "القيم الفريدە"ی گەلی عیراقدا بنیات بنرێت مەسەلەیەکە ئێجگار جێی گومانو تێڕامانەو تەنها کەسێکی شارەزای وەك مۆنتسکیۆی فەرەنسایی دەتوانێ لەگەڵ بەرێز سەرۆك وەزیراندا موناقەشەی ئەوە بکات ئایا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دادوەریو یاسادانانو جێبەجێکردن کە بناغەی سیستمی دیموکراسین لەگەڵ "القيم الفريدە" عیراقدا دەگونجێ یان نا.. بەدەر لەوە، سەرپاکی هەراو هۆریای دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی نیشتیمانی، بیرێکی بەعسیانەیە کە لەباری تیۆرییەوە پوچو لەباری عەمەلیو کردەوەشەوە پڕگومانو مەترسیدارە . . . لەعیراقدا، نەك تەنها چینی رۆشنبیرو خوازیارانی سیستمی دیموکراتیو حوکمی سیکۆلار، بەڵکو تەنانەت جەماوەری بەرینی خەڵکی باکورو باشور چاك ئەو راستیە دەزانن کە هەوڵدان بۆ فۆرمولەکردنی هەرجۆرە بیروباوەرێك لەخزمەتی "دیموکراسیەتی عیراقی" دا جگە لەداکۆکیکردن لەناسیۆنالزمی عەرەبی لەکەولێکی تازەدا شتێکی تر نیەو ناتوانێ لەو جوغزە پڕمەترسیە بەدەربێ کە ناسیۆنالیزمی توخی عەرەبی دەیەوێ بۆموجامەلەی جەماوەری سەرلێشێواوی نەتەوە پەرستو مەزهەبی باشور واز لە پرەنسیپە جیهانیو سەلمێنراوەکانی دیموکراسیو بهێنێو بۆخۆشیرینکردن، بازرگانی بە پرەنسیپ و رێسا چەسپاوەکانەوە بکات. ئەم سیاسەتەی عەللاوی دەریدەخات کە حکومەتەکەی لە جیاتی راوەستان لەبەرامبەر گروپو کەسە ئایینیو نەتەوە پەرستەکانداو ریسواکردنی ئایدۆلۆژی توندڕەوانەیان، وە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیارییان بو رادەی پرنسیپە جیهانیەکان، نزم دەبێتەوە تا ئاستی بیروباوەری سەرجادەو موجامەلەیەکی نامەبدەئییان لەگەڵدا دەکاتو ئیدیعا دەکات گوایە دیموکراسی عیراق کۆپی دیموکراسی ئەمریکاو بەریتانیا نابێت!! وەك بڵێی سیستمی دیموکراسی ئەورپاو ئەمریکا لەداهێنانی تۆنی بلێرو جۆرج بۆش بێتو خاوەنی هیچ بەهایەکی مێژوویيو تێکۆشەرانە نەبێت!

پەیامی عەللاوی بۆهێنانە ئارای سیستمی دیموکراسی تایبەت بەعیراق پەیامێکی مەترسیدارەو خوازیارانی ئازادی ئینسانو دیموکراسی لەعیراقدا بەگشتیو لەکوردستاندا بەتایبەتی کە مەسەلەی نەتەوەیی بەتەواوی گرێدراوە بە ئەندازەی جێبەجێبوونی پرەنسیپە جیهانییەکانی دیموکراسیەوە (نەك بەشێوازە عیراقیەکەیەوە!) پێویستە لەئاقاریدا بوەستنو ناسنامەو بەرنامەی ئەم هەوڵە فریودەرانەیە لەسەرەتاوە ریسوابکەن. ئەگەر عەللاوی پێویستی بەوەیە کە بۆ خۆشیرین کردنی لای "دیوە خانی شیعە "و "دەستەی زانایانی موسڵمان" شیکردنەوەیەکی تازە بۆدیموکراسی عیراقی بکات، پێویستە ئەوەش بزانێ کە بەرێزیان لەوڵاتێکدا دەژین کە لانی کەم ٥ ملیۆن مرۆڤ ئێستاو ئایندەیان بە جێبەجێکرانی ئەو پرانسیپانەی دیموکراسیەوە بەستراوە کە رێژەیەکی زۆرکەمیان لەعیراقدا جێبەجێکراون.

ئەگەرکەسانی وەك عەللاوی رێبەری وڵات بنو بانگەشەی شێوازێکی نوێ بکەن بۆ ئازادی مرۆڤ و دیموکراسیەت، ەندە هەیە ئەو رێژەیەمەزی کە وەدەستیش هاتووە بسەنرێتەوە.



## سەدامو هەزار پارێزەر

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٤١٧ ) ٢٠٠٤/٧/١٢**

رەنگە کاتێك ناوی سەدام حسێن دەهێنرێت باسکردنی هەزار پاسەوانی درندە یاخود هەزار کۆشك یان هەزار گۆڕی بەکۆمەڵو هەزاران هەزار ئیعدامو بێسەروشوێن کاری سادەو ئاسایی بنو لەگەڵ رەفتارو ئاکاری دیکتاتۆردا بەتەواوی بگونجێن، بەڵام بیستنی ئەوەی گوایە بۆ داکۆکی لەسەدامی خوێنڕێژ هەزار پارێزەر خۆیان ئامادە دەکەن کاروانی ئۆتۆمبیلەکانیان لەئەردەنەوە بەرەو بەغدا رکبخەن، بەڕاستی هەواڵێکی تفتەو کردارێکە جێی تێڕمانە.

ئامادە بوونی هەزار پارێزەر بۆ داکۆکی لەسەدام، کە بەقسەی عیسام غەزاوی نوێنەری ساجیدە (٧٠٠) کەسیان بیانینو(٤٠٠)کەسیان ئەوروپیو ئەمریکین، ئەوە دەردەخات کە کێشەی جێبەجێبونی عەدالەت لەجیهاندا دووچاری تەنگو چەلەمەی جدیەو بەدحاڵیبونێکی قوڵ لەئاستی فیکرو لێکدانەوەدا لەئارادایەو پرۆسەی

پێشکەوتنی مرۆڤ و هەنگاونانی بەرەو ئازادی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتۆتە بەرشەپۆلێکی توندی بەرپەچدانەوەی ناڕەوا.

وا چاوەڕوان دەکرا روداوی تراژیدی ١١ی سێبتەمبەر زۆربەی رۆشتبیرانی ناو دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن لەئەمریکاو ئەوروپا بگەیەنێتە ئەوقەناعەتەی کە هێشتاش دنیای خۆرهەلات (بە تایبەت خۆرهەلاتی ناوەڕاست) پێگەو زەمینەیەکی لەبارەو بۆفیکرو پراتیکی توندڕەوی و سەرەڕۆیی و بلەوەزی دیکتاتۆری وە هانیانبدات بۆ بەرپەچدانەوەی، بەلام بەداخەوە پێدەچێت ١١ی سێپتەمبەر توانیبێتی بڕواکانی تەنها بەشێك لەرۆشنبیرانی ناو دەسەلات لەئەمریکاو ئەوروپا بگۆڕێ و بەشێکی بەچاو لەهەڵگرانی بڕوانامە زانکۆییەکان (لەوانەش پارێزەران) لەسەرئەو قەناعەتە چەوتە بمێننەوە گوایە ئەگەر ئەمریکا لێگەڕێت دنیا دنیایەکی بێ‌قڕەیەو گورگ و مەڕ پێکەوە لەکانی یەك ئاو دەخۆنەوەو تیرۆریزمی ئیسلامی و توندڕەوی ناسیۆنالیستی دەشێ بێ هیچ فشارو پەرچەکردارێك بێنەوە سەرخەت و کۆسپ بۆجیهانی دیموکراسی دروست نەکەن! کۆبونەوەی سەدان یاساناس و پارێزەر لەئەوروپا و ئمریکاو بۆداکۆکی لەسەدامی دیکتاتۆر دەیسەلمێنێ کەکارەساتی ١١ی سێپتەمبەرو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کوردو گۆڕەبەکۆمەڵەکان، تاکو ئێستاش لەلایەن رۆشنبیرانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئەمریکا و ئەوروپاوە شیکردنەوەی دروستیان بۆ نەکراوەو توێژی بەرهەمهێنی فیکرلەخۆرئاوا نەیتوانیوە فشارێکی جددی بخاتە سەرئەو کەسانەی



ئامادەن، بەهەرهۆیەك داکۆکی لەجەللادترین جەلادەکانی ئەم دنیایە بکەن.

رێککەوتنی ژمارەیەکی بەرچاو لەپارێزەری بیانی و ژمارەیەکی زۆریش یاساناسی عەرەب بۆ پشتیوانی سەدام ئەوەش ساغ دەکاتەوە کە دژایەتی سیاسەتی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گەیشتۆتە رادەیەك کەتەنانەت راستترین راستیەکانیش پشتگوێ دەخرێن و تەنها بۆ تەگەرە دانان لەبەردەم سیاسەتەکانی ئەمریکادا، هەزاران هەزار تاوانی کەسێکی تاوانکاری وەك سەدام لەبیر دەبرێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو غەدرەشدا کەتاقمێك پارێزەری بێویژدان و ناحاڵی دەیانەوێت لەگەلانی عیراقی بکەن و سەدام حسێن وەك بێتاوانێك لەقەڵەم بدەن، گەلی کوردو گەلانی عیراق پێیانوایە، سەدام لەمسولینی و هیتلەر تاوانکارترەو خوازیاری ئەوەن خۆی و سەرانی رژێمەکەی بەسزای رەوا بگەن.

گەلەکۆمەکیی هەزار یاخود دەیان هەزار پارێزەر بۆ داکۆکی لەسەدام مسقاڵێك لەو راستیە کەم ناکاتەوە کەسەرجەم گەلانی عیراق و تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری خێزان و بنەماڵەکانی باکوورو باشوور بەدەست سەدام و رژێمەکەیەوە زیانی گیانی و ماڵی یان بەرکەوتووە و هەوڵدانی بەکۆمەڵ بۆ سوککردنی تاوانەکانی سەدام، بەهۆکاری ماددی بێت یاخود سیاسی، هەوڵێکە لەئاقاری تەگەرەدانان بۆ جێبەجێبوونی یاسا و چاوپۆشین لەسەرجەم ئەو کردەوە نامرۆڤانەو دڕندانەی کەسێکی وەك دیکتاتۆر لەماوەی (٣٥) ساڵدا ئەنجامی داون.

## کوردو عروبە: خۆراکدانی تیمساح

**چاودێر**

**ژمارە ( ٦ ) ١١/١٠/٢٠٠٤**

١ـ لەناو کەسانی رۆشنبیر و قەڵەمبەدەست دا، مەسەلەیەك زۆرباوە کاتێك قسە لەسەر دۆستێکی درۆینە ئەکرێت بەم جۆرە وەسفی ئەکەن: "فرمێسکی تیمساح دەڕێژێ، بەڵام هیچی لەباردا نیە" یاخود ئەگەر باس بێتە سەر دوژمنێك کە بەڕواڵەت لەپێستی هاوڕێ دا خۆی دەربخات، دەڵێن: "بەدرۆوە فرمێسکی تیمساح دەرێژێ"! . .

لەراستیدا تیمساح، وەك گیانداریکی دڕندەی خشۆك خاسیەتی زۆرن: یەکێك لەخاسیەتە هەرە ناسراوەکانی ئەوەیە کە پێش ئەوەی نێچیرەکانی ئەنجن ئەنجن بکات، فرمێسك لەچاوی هەڵدەوەرێن و ئەمەش لەئەدەبیاتی سیاسیدا بۆتە نیشانە بۆ ئەو هێزو گروپانەی کە لەرواڵەتدا وا دەنوێنن کە خەریکی هاوکاری و دۆستایەتین. بەڵام گوایە تیمساح خەسڵەتێکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە ئاسانی تێر ناخوات! ئەگەر تێریش بخوات ئەوا تێربوونەکەی . بەپێی ئەزموونی ئەوانەی لەحەوزی بەخێوکردنی تیمساحدا سەرقاڵن . کاتێك روودەدات



کەخۆراك دەرەکەی بووبێتە بەشێك لەو خواردن و خۆراکەی پێی دەدرێت "خۆراکدانی تیمساح Crocodile Feeding " بەلای هەندێ نووسەرو لێکۆڵەری سیاسیەوە، هێمای خەریك بوونە بە کارێکی بێهودەو بی سەرەنجامو مەترسی دارەوە، هەوڵدانە بۆ تێرکردنی گەرووی دوژمنێك کە بە هیچ کلۆجێك نیازی نیەو ناتوانێ دەست لەخەسڵەتە دڕندەییەکانی خۆی هەڵگرێ.

٢ـ پەیوەندی کوردو عروبە لەم قۆناغەی ئێستای عیراقدا، جگە لە "خۆراکدان بە تیمساح" چ حاڵەتێکی تر بەزەیندا دێنێ؟

کوردستان، لە دەسپێکی ئەم شۆڕشەوە، جێگەی حەوانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عیراق بووە، حزبە سیاسیەکانی کورد "شانازی" یان بە هەبوونی دۆستایەتی کردووە لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانیان و وەك هاوڕێو هاوسەنگەر پشتگیریان کردوون.

لە ١٩٩١ بەدواوە، کوردستان بەرەسمی جێگەی ئارامگرتنو خۆ ئامادەکردنو وتاردانی بەشێکی فرەی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عیراق بووەو کەمکەس لەسەرکردەکانی باشوور هەبوە بۆ راپەڕاندنی کاری سیاسی ئیشی نەکەوتبێتە کوردستان. لەمارت و نیسانی ٢٠٠٣ یشەوە، کوردو پێشمەرگەی چەکدار، باشترین پاڵپشت بوون بۆ رووخاندنی رژێمی دڕندەی بەعس. ئەو رژێمەی تەنانەت توندترین فراکسیۆنی نەتەوە پەرستی عەرەبیش نەیتوانی لەژێر باڵەکانی دا بحەوێتەوە. بەڵام، ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عروبە) کە سەرجەم باڵە چەکدارو بێ چەکەکانی نەتەوە پەرستی عەرەب دەگرێتە خۆی، هەر لە

بالّی فاشیستی سەدام حسێنە وە تادەگاتە تاقمی غازی یاوەر، ئەوەی نەکرابێ و نەشیابێ بە کوردیان کردوەو دەیکەن .

* زیاتر لە چلّ ساڵە کورد داوای مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی دەکات بەڵام ئەوان گوێمان لێ ناگرن،

* لەپرۆسەیەکی مێژوویی چەندساڵەدا، ئێمە داوای لامەرکەزیو ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی مان دووبارە کردەوە بەڵام ئەوان گوێیان لێ خەفاندین. .

* ئێمە داکۆکیمان لە خۆمان کردو بۆ پاراستنی مانو ژیانمان دەستمان دایە چەك، بەڵام ئەوان کیمیاییان بۆهەڵڕشتینو سەدان هەزار کەسی بێ چەکیان بەپێی بنەماکانی ئیسلام لێ "ئەنفال" کردین...

تیمساحی عروبە لەعێراقدا ساڵەهایە لەحاڵەتی فرمێسك رشتنەوە چۆتە قۆناغی دەمگرتنەوە بۆ موجامەلەو پاشەکشێو قوتدانو هەڵلوشینی ئەو مافانەی کە لەسەرانسەری جیهاندا نکوڵی کردنیان دەبێتە شورەیی و نەنگ.

٣- ماوەی زیاتر لەساڵو نیوێکە حکومەتی بەعس روخاوەو گروپێکی ترلە نوخبەی عەرەبی عیراق دەسەڵاتیان دراوەتە دەست . کوردو هاوپەیمانان هەلومەرجی سەختی کارکردنی ئەندامانی نوخبەی عەرەبی دەسەڵاتدار لەبەغدا دەرك دەکەنو هەست پێئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر رەوایە گەر هاووڵاتیانی کوردستانو مرۆڤە ئاساییەکانی نیشتەجێی "باکوری عیراق" لەوە تێبگەن کە بەراستی



دەسەڵاتدارەکانی بەغدا نیازی راستەقینەیان چیە سەبارەت بە مافەکانی ئێمە: ئایا عەللاویو رێبەرە نەتەوەییەکانی باشوور نازانن لەکوردستان چ باسەو خەڵك چی دەوێت؟ ئەگەر دەیزانن، بۆچی هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە بە راشکاوی دەرنابڕن ؟ ئەگەر نایزانن، هۆی نەزانینەکەیان چیەو چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی لەدەردو غەمو خواستەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ ئاگابن ؟ گەلی کورد لەکوردستانی عیراقدا خوازیاری ئەوەیە گشت مافە نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی بەرەسمی لەلایەن نوێنەرانی نەتەوەکانی تری عیراقەوە دانی پێدابنرێت و لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا ئەو مافانە بنوسرێنو لەپراکتیکی سیاسیو یاسایی حکومەتی داهاتووی عیراقدا رەفتاریان پێبکرێت، خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەوەن کە وڵاتەکەیان بەشێوەی دیموکراسی خۆرئاوایی بەرێوەبەرنو لەسەر شێوازێك سیستمی عیراق دابمەزرێ کەگشت پرەنسیپو بنەماکانی ئازادی، بێ کەمو زیاد، چ لەکوردستانو چ لەباشور جێگیر بکرێنو ببنە چوارچێوە یەك بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و دینیەکانی ناو عێراق، هەروەها خوازیاری ئەوەن کە کوردستانو عیراق بەرەو مۆدێرنیزە بروات و ژێرخانی ئابووری وڵات بەگورجی ببەسترێتەوە بەسیستەمە هەر پێشکەوتوەکانی دنیاو مرۆڤەکانی ناو سنوری کوردستان لەو خۆشیانەی کە عەقڵی مرۆڤ بە زەحمە تێکی زۆر لەخۆرئاواو لەئەمریکا پێیان گەیشتوە، بەهرەمەند بن..

ئەگەر خەڵکی کوردستان بە تەواوی دڵنیانەبن لەنیازی پاك و دڵسۆزانەی رابەرانی تری عەرەب لەباشور، ناچارن بڵێن: ئێمە خوازیاری ریفراندۆمین، وە دەمانەوی لەرێگای "راپرسی"یەوە مافە نەتەوەییەکانمان جێگیر بکەین و وەدەست بهێنین.. ئەگەر کەسێك لەقوچەکی سەری سەرەوەی دەسەلاتی عیراق پێی وایە"راپرسی" خیانەتە، ئەوا خەڵکی کوردستان رایان جیاوازە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە گوێ بۆ خواستی رەوایان بگیرێت.. خواستێك کە لەبناغەدا بەهۆی ناپەیگیری و بێ پرنسیپی سەرانی گەلی عەرەب و پەیوەستبوونیان بەناسیۆنالیزمی تۆخی رەگەزپەرستیەوە سەری هەڵداوە و گەشەی سەندووە .

ئێستا گەلی کورد پێی وایە بێدەنگ بوون لەئاست وتار و قسەی سەرانی دەوڵەت لەبەغدا، وە چاوەریکردنی "بەزەیی"و" دڵسۆزی" لەکەسانێکەوە کە بروایان بەپرنسیپەکانی خۆیشیان نیە، جگە لەپاشەکشە لە بەرامبەر تیمساحی عروبەدا واتایەکی تر نابەخشێت. لەروانگەیەشەوە، هەرجۆرە خافڵ بوونێك لەو ئایدیۆلۆژیا مەترسیدارەی ناسیۆنالزمی عەرەبی عیراقی لەناخیدا هەڵگرتوە بەو واتایە بەئەنقست بمانەوێ ئەو دەسکەوتانەی تائێستاش وەدەست هاتوون بەرەو فەوتان بەرین و فەرتەنەیەك بۆنەوەکانی پاش خۆمان بەجێبهێڵین کە جگە لەسەرکۆنە لۆمە شایستەی هیچی تر نەیین. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە قسە لەسەر تەلاقدانی یەکجارەکی سازش و موجامەلە بکەین لەگەڵ بیروباوەری چەوت و بێ بناغەو تیمساح ئاسای عروبەدا؟



## کوردو ناسیۆنالیزمی عەرەبی:
## لەچاوەڕوانی "هەڵگەڕانەوە" ی برا چاوڕەشەکانماندا ..

**چاودێر**

**ژمارە (٢) ٢٠٠٤/١٠/١١**

بە تێپەڕینی زیاترلەساڵ و نیوێك بەسەر ئازادکردنی عیراق لەدەستی ڕژێمی بەعس و ناسیۆنالیزمی چەکداری بەعس، گۆڕانکاریەکی ئێجگار قەبە لەناوخۆی عیراق و ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە، یاخود خەریکە بهێنرێتە ئاراوە.

ئەوەی لەگشت مەسەلەیەك زیاتر پێویستی بە وردبونەوەو *شیکرنەوەو* تێڕامانە ئەو *دەسکەوتە سیاسیانەیە* کە گەلی کورد توانیویەتی یاخود دەتوانێ *لەم پرۆسە جیهانی و ناوچەیی*یەدا وەدەستی بهێنێ و لەئاقاری خۆشترکردنی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کاری لەسەر بکات.

بێگومان ئەوەی بۆگەلی ئێمە لەهەر مەسەلەیەك گرنگترە و بایەخی پلەیەکی هەیە، هاوشان لەگەڵ مۆدێرنکردن و پیشەسازیکردن و قایمکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان، *پرۆسەیەکی* هاوتەریبە

لەئازادی سیاسیو پلۆرالیزمو نەریتە خۆرئاواییەکان تا لەکوردستاندا بچەسپێنو دانیشتوانی کوردستان لەوڕێگایەوە لەپێشکەوتوترین نیعمەتەکانی ئەقڵی مرۆڤ کە لەمۆدێرنیزمی خۆرئاوایی و نەریتە خۆرئاوایەکاندا خۆی دەبینێتەوە بەهرەمەند بن.

بەڵام ئایا ئەو دوو *مەسەلەیەی سەرەوە*(مۆدێرنەکردنی ژێرخانی ئابوریو چەسپاندنی نەریتی *دیموکراسی) بەهەمان ئەندازەی بایە*خیان بۆکوردو سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەلای برا عەرەبەکانیشمانەوە ئاوا بایەخدارن؟ ئایا وەرگرتنی شارستانیەتی نویێ مرۆڤ بە هەموو رەهەندە ئابوریو سیاسیەکانیەوە بۆتە "مەسەلە" بۆ نوخبەو کەسانی دەوروبەرو پەڕاوێزی "نوخبە" لەعیراقی هاوچەرخدا؟

بێگومان روداوەکانی ژیانی خەڵکی عیراق بەگشتیو کوشتنی ١٣ *پۆلیسی کورد لەشاری خانەقی* لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەباشور، هەروەها داکۆکی دیبلۆماسیانەی پارێزگاری دیالە لەشۆڤێنیەت لەچەند هەفتەی پێشوودا دەریان خست *کە"* برا چاوڕەشەکانمان" هێشتا زۆر*یان ماوە* لەخەوی سەدان ساڵەیان *راست* ببنەوەو دەوروبە*ری خۆیان بەشێوەیەکی لۆجیکی لێك*بدەنەوە. واوەتر لەمەسەلەی کوشتو کوشتاری رۆژانەی باشور لەلایەن ناسیۆنالستە توندڕەوەکانو ئیسلامیەکانەوە، کێشەی گرنگو مەترسیدار بۆکورد خودی "نوخبە"ی عەرەبی دەسەڵاتدارە لەعیراقدا.

ئاشکرایە هیچ کەس لەکوردستاندا بەئەندازەی نوخبەی دەسەڵاتداری کورد ئەزمونی تاڵی لەگەڵ تاقمە *یەك لەدوای یەیەکانی*



*دەسەڵات لە عیراقدا* نیە، لەگەڵ ئەوەشدا کات وا دەخوازێ سەر لەنوێ ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە مەترسی "هەڵگەڕانەوە"ی برا عەرەبەکانمان دژبە خواستی گەلی کورد مەترسیەکی نزیکەو پێویستە حساباتی وردتری بۆ بکرێ.

پرۆسەی "هەڵگەرانەوە" لە پرەنسیپو بەها سیاسیو ئەخلاقیەکانی دنیای مۆدێرن بێگومان پرۆسەیەکی"عیراقی" روت نیەو شارەزایانو لێکۆڵەرەکان *لەئاستی جیهانی*دا توێژینەوەی وردو درێژیان لەسەر ئەنجامداوە.

وەك نمونەو بەلگەیەك بۆ ئەم چەند رستەیەمان بەشێك لەو شیکردنەوە سەرکەوتوانەی سامۆئێل هانتینگتۆن دەخەینە بەرچاوی خوێنەران کە لەکتێبە بەناوبانگەکەی "پێکدادانی شارستانیەتەکان"دا(چاپی لەندەن ل٩٣) زۆر بەدرێژی لەسەری دواوەو مەترسی هەڵگەڕانەوەی سەرکردە سیاسیەکانی خۆرهەڵات وەك شمشێری دامۆکلیس دەخاتە بەر چاومان... دەڵێ:

"پێویست ناکات لەپرۆسەی خۆماڵیبونەوەدا چاوەڕێی دووەمین نەوەبین، چونکە رابەرە لێزانو بەتواناو گونجاوەکانی نەوەی یەکەم پێشتر خۆیان "خۆجێی" کردۆتەوە! سێ حاڵەتی بەرچاو هەن کە بریتین *لە:* موحەمەد علی جیناح، *هاری* لی و سلومۆن بەندەرناکی. ئەمانە بەڕێز باشترین دەرچوانی زانکۆکانی ئۆکسفۆردو *کامبریجو لیکۆڵن*ئین بوونو بونە پارێزەری پلەیەکو بەتەواوی بونە ئەندامی خۆرئاوایی دەستەی هەڵبژاردەی کۆمەڵگاکانیان.

موحەمەد عەلی جیناح سیکۆلاریستێکی مولتەزیم بوو، (لی)ش، بەوتەی وەزیرێکی کابینەی بەریتانیا "*کەللەشەقترین مرۆڤی ئینگلیز بوو لەخۆرهەڵاتی سویزدا*" بەندەرنایک "یش ببوە رەواجپیدەری مەسیحیەت.

بەڵام ئەمانە بۆ ئەوەی *لەقۆناغی سەربەخۆیی*و پاش سەربەخۆییدا نەتەوە*کانیان رابەری بکەن*، دەبوایە "نەتەوەیی" (خۆماڵی)ببنەوە، بەو جۆرە "هەڵگەرانەوە" بۆ کلتورە میراتیەکەیان*و لەپرۆسەکەیداو لەکات*و *ساتی خۆی*دا: ناسنامە، ناو، جلوبەرگ و سەرەنجام قەناعەتەکانیشیان گۆڕی.

محمد علی جیناحی پارێزەری ئینگلیزی بوو به *"قائیدی ئەعزەم"*، *هاری*لی بوو بە "لی کوان یو"، جیناحی سیکولاریست بووە پڕخرۆشترین رابەری ئیسلام لەپێناوی دامەزراندنی حکومەتی پاکستاندا، (لی) ئەنگلۆفید خۆی فێری زمانی ماندارین کردو بوو بەختەتیبی رەواجپێدەری کۆنفۆشیوسی، بەن*دەرنایک ی مەسیحی هەڵگەرایەوە بۆ بودائیزم*و چەسپایەوە بەناسیۆنالیزمی سینهالی یەوە"

هانتینگتۆن باس لەنەوەی یەکەمی *رابەرانی دنیای سێ ئەکات*و *دەڵێ* پێویست ناکات چاوەڕێی نەوەی دووەم بین، چونکە خودی نەوەی یەکەم لەدژی خۆرئاوا وەستاونەتەوە چ جای ئەوەی نەوەی دووەم پێبگات!!

پرسیاری ئێمەش دەشێ ئەوەبێت: ئایا کاتێك دەرچوانی زانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبریج بەو جۆرەیان لێ بەسەرهاتبێ و نەیانتوانیبێ مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی پیادەبکەن، *دەبێ دەرچوانی زانکۆکانی* ژێر



سایەی بەعس*و قوتابخانەی بەعس*و *سعودیە* چییان لێ چاوەڕوان بکرێت؟ بەتایبەت لەوکاتەدا کە بزانین گەلی کورد هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا چەندین جار توشی گێژاوی بەخشینی متمانەی خۆڕایی بۆتەوەو سەرەنجام هیچی پێنەبڕاوەو گشت ئەو خەبات و هەوڵانەش کە *لەپێناوی ژیانێکی ئازاد دا*بونی میوەیەکیان لێ نەکەوتەوە. راستە چەسپاندنی مافەکان لەگشت حاڵێکدا پەیوەن*دی بەپارسەنگی هێزی سیاسی*و *عەسکەری*یەوە هەیە، بەڵام کاتێك مافەکانی کورد بەشێوەی *یاساو لەچوارچێوەیەکی ئەقڵانی*دا رێکخرابن، سەندنەوەیان بەو ئاسانیە نابێت کە کەمالیەکان لەتورکیا کردیان و حوکمی ئیسلام لەوڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا بەناوی ئیسلامەوە لەبیرخۆیان بردەوەو ژێرپێ یان نا.

## مەترسییەکانی دوای هەڵبژاردن

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ٣٤٩٨ ( ١٤/١٠/٢٠٠٤ )**

زۆربەی لێپرسراوانی حکومەتی کاتی و بەشێك لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەسەر ئەوە کۆکن کە هەڵبژاردنەکانی عیراق لەوادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت و هەلومەرجی سیاسی عیراق بەرەو قۆناغێکی نوێتر هەنگاو بنێت و "سەقامگیری" ببێتە ئەو چوارچێوەیەی کەعیراق بەهۆیەوە بتوانێت پرۆسەی بنیاتنانەوە خێراتر بە ئەنجام بگەیەنێت. بەشێك لەرۆشنبیران و لێکۆڵەرەکان نیگەرانیان لە "خاوێنی" هەڵبژاردنەکان هەیە، بەشێکیش لەوە نیگەرانن کە دۆخی ئەمنی باشورو ناوەڕاست ڕێگە نەدات خودی هەڵبژاردنەکان لەکات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت. بەڵام سەرەڕای گشت ئەو بایەخەی کە پرۆسەی دیموکراتی و هەڵبژاردن لەوڵاتێکی وەك عیراقدا هەیەتی، بۆگەلی کوردو دەسەڵاتی فیدراڵی کوردستان ئەوحاڵەت و دۆخە زۆرجێگەی سەرنجە کەپاش "هەڵبژاردن" لەعیراقدا مەزەندە دەکرێت بێتە ئاراوە. ئەوەی لەبەرچاوانەو بۆ زۆربەی خەڵکی کورد ئاشکرایە ئەوەیە کە بەشێکی



گرنگ لەداواکارییەکانی میللەتی ئێمە تاکو ئێستاش بەهەڵپەسێراوی ماونەتەوە: فیدراڵی، مەسەلەی کەرکوك و تەعریب و دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان و هتد . . . هۆی ئەو دواکەوتنەش لە جیبەجینەبونی خواستەکانی کورد، بیگومان، جگە لەرازینەبوونی نوخبەی دەسەڵاتداری عەرەبی عیراق بۆسەلماندنی ئەوخواستانە شتێکی ترنیە. نوخبەیەك کە لە حاڵی حازردا زۆر بە ئاشکرایی ئیدیعای دۆستایەتی گەلی کورد دەکات و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی، دەیان ساڵ ئاگاداری خەبات و خوێنرشتنی گەلی کوردو حزبەکانی بوون. بەوجۆرە مەترسی سەرەکی بۆگەلی ئێمە لەوەوە دێت کە پرۆسەی هەڵبژاردن ژمارەیەك لەتوندڕەوەکان و ئەندامانی "دەستەی زانایانی سوننە" فرێبداتە ناو پەرلەمانی عیراقەوە، وە لەباتی ئەوەی وەك ئێستا لەمزگەوتەکانەوە دژایەتی کوردو خواستەکانی بکەن، ڕاستەوخۆ لەبڵندگۆی پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە دژ بە خواست و ویستی گەلی کورد سەنگەر بگرن. ئەگەرئێستا توندڕەوەکانی ناوەڕاست هەڵبژاردن ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە بەهۆی ململانێ و شەڕو سەنگەرەوە دەتوانن بێنە سەر کورسی دەسەڵات، ئەوا دوای چەند شەڕێکی تر لەسامەڕاو فەلوجە بۆیان دەردەکەوێت کە بە ئامانجەکانیان ناگەن و ئینجا سوکانی سیاسەتیان بەرەو هەڵبژاردن و پەرلەمان دەگۆڕن و لەوێدا دژایەتی کوردو دیموکراسی دەکەنە بەرنامەی ڕۆژانەیان.

## حکومەتی هەڵبژێردراو

(سەرنجێکی کورت لەبیرو ڕاکانی جان ستیوارت میل)

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٥٤٥ ) ١٣/١٢/٢٠٠٤**

هەڵبژاردنی پەرلەمانی سەرتاسەری و ناوچەیی کە بڕیارە لەکۆتایی مانگی کانونی دووەمی داهاتودا ئەنجام بدرێت، هەم لەبواری تیۆری و هەم لەرووی پراکتیکەوە بایەخ و گرنگییان دەخەنە پێش هەر مەسەلەیەکی تری سیاسی نێو مەیدانی پڕ لەکێشەی ناوخۆی عیراق.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەگەلی کوردو دانیشتوانی کوردستانەوە هەبێت، مەترسیەکانی ئیسلامی بنچینەوان و ناسیۆنالیزمی شۆڤینی عەرەبی (عروبە) کە لەناوەڕاست و خواروی عیراق دا لەبرەوو رەواجدان، دەهێنن بەو پەڕی وشیاری و وریاییەوە رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و ئامادەییی سیاسی/ سایکۆلۆژی بۆ بەرپەرچدانەوەیان لەناو خەڵکدا بکرێتە مەسەلەی پلە یەك.

بەڵام سەرباری هەبونی توندڕەوی ئایینی و نەتەوەیی لەناوەڕاست و باشور وە چالاکبوونیان تا ئاستی بەڕێوەبردنی تیرۆریزم دژ بە



دامودەزگاکانی دەوڵەت و نەتەوەی کورد لەعیراقدا، مەترسییەکی دیکەش لەئارادایە کە دەتوانێ بەجۆرێك لەجۆرەکان یەخەی خەڵکی کوردستان بگرێت و رەوتی گەشەسەندنیان سست بکات، ئەو مەترسیەش بریتیە لەو نارۆشنیەی مەزەندە هەیە لەئەنجامی جێبەجێکرانی سیاسەتی "زۆرایەتی" یاخود هەر سیاسەتێکی تری ناوەنددا بێنە ئاراوە کە پەرلەمانی داهاتوی عیراق پەسەندی بکات و خەڵکی کوردستانیش ناچار بن پێرەوی لێ بکەن. وە لەوەدا کە دەلوێ زۆربەی بڕیارو پەسندکراوەکانی پەرلەمانی سەرانسەری بەغدا بواری رەتکردنەوەیان لەلایەن پەرلەمانی ناوچەییەوە نەبێ و ئەو دەسەڵاتە نەدرێ بە خەڵکی کوردستان کە لەرێگای نوێنەرانی خۆیانەوە چارەنوسی سیاسی و یاساییان دیاری بکەن، پێویستە هەرچی وردتر لەو مەسەلانە بکۆڵرێتەوە کە ئەگەری ئەوە دەخەنە ئاراوە ژیانی خەڵك لەم ناوچەیەدا بەرەو پاشەوە بگێڕنەوە.

مەترسی هەبونی "ستەمی یاسایی"بەو مانایەیە کە رەنگە هەڕەشەی لەمەودوا "توندڕەوی ئیسلام" یاخود "شۆڤێنیزمی توندڕەوی عەرەبی" نەبێت بەومەفهومەی ئێستاو سەردەمی بەعس لەئارادا بوون و هەن، بەڵکو دەگونجێ ئەو سەرکوتە سیاسییە لەرێگای کۆمەڵێك یاساو رێسای نوێوە بێت کە لەناو هۆڵی پەرلەمانی عیراق دا بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرابن و هەمان ستەمی دێرینەی سەر میللەتی کورد لەتوێکڵێکی زۆر تازەو فۆڕمێکی مۆدێرندا بخەنە روو وە رەوتی پێشکەوتن و ژیاری دانیشتوانی کوردستان بەرەو خراپ وەرچەرخێنن.

لەوەدا کە فەیلەسوف و سیاسەتمەداری ناسراوی ئینگلیز جان ستیوارت میل یەکێکە لەگرنگترین ئەو کەسایەتیە مێژووییانەی بەوردەکارییەکی زۆرەوە سەبارەت بەمەسەلەی دیموکراسیەت و هەڵبژاردن و کێشە جۆراوجۆرەکانی "حکومەتی هەڵبژێراو" دواوە و رەهەندە پڕ گرفتەکانی نەشتەرگەری کردوە، بەچاکمان زانی لێرەدا خوێندنەوەیەکی کورت سەبارەت بە بەشێك لەبۆچونەکانی ئەو کە لەهەردوو کتێبی ناوداری "دەربارەی ئازادی"١٨٥٩و "چەند تێڕامانێك لەسەر حکومەتی هەڵبژێردراو ١٨٦١" بکەین، بەو ئومێدەی بتوانین هاوشان لەگەڵ وەرگێڕانی بیروڕاکانی "میل" دا، سەرنج و بۆچونەکانی خۆمان و کەسانی تری شارەزا لەمەڕ ئیدەکانی ناوبراو بەشێوەیەك فۆرمۆلە بکرین کە خوێنەری هێژا بتوانێ لەئەنجامی دیتنی چەند دێڕێك لەدەقی نوسینەکانی میل، وێنایەکی رۆشنتری سەبارەت بەو پیاوە مەزنە هەبێ.

ئاشکراشە کە ئیمکانی ئەوە نییە لە "خوێندنەوەیەکی کورت" دا بتوانرێ بە درێژی سەبارەت بەو دوو کتێبە گرنگە قسە بکرێ . چونکە لەراستیدا سەرپاکی هەردو کتێبەکە ئێجگار بەنرخ و بێ وێنەن . بۆیە ئێمە سەرەتا زۆر بە خێرایی کورتەیەك سەبارەت بە باوەڕەکانی میل باس دەکەین و پاشان لەبارەی دوبەشی کتێبی "چەند تێڕامانێك "بەدیاریکراوتر قسە ئەکەین، بەتایبەت چونکە فەسڵەکانی ١٦و١٧ ناونیشانی وایان هەڵگرتوەکە رێك لەگەڵ زروفی ئەڕۆی عیراق و کوردستاندا دەگونجێن و دەشێ زیاتر کەڵکیان لێ وەربگرێ.



****

کتێبی "چەند تێڕامانێك دەربارەی حکومەتی هەڵبژێردراو" ناسراوترین کتێبی "میل"ە سەبارەت بە سیستمی دیموکراسی و شێوازی بەرێوەبردنی کاروباری خەڵك لەرژێمێکدا کە لەسەر بنچینەی "هەڵبژاردن"و "دەنگدانی ئازاد" دامەزرابێت.

هەڵبەت کتێبی "دەربارەی ئازادی" کە دووساڵ پێشتر بەهاوکاری و پشگەرمی هاریت ی هاوسەری نوسیبوی و بڵاوی کردبۆوە، ناوبانگێکی زۆرتری لەچاو "چەند تێڕامانێك.." وە دەست هێنابو وە ببوە یەکێك لەسەرچاوە کلاسیکیەکانی سیستمی دیموکراسی و ئازادیخوازی و لیبرالیزمی خۆرئاوایی، لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش "چەند تێڕامانێك دەربارەی حکومەتی هەڵبژێردراو" بایەخی پایەیی خۆی سەبارەت بە حکومەتی پەرلەمانی لەدەست نەداوە و لێکۆڵەرەکان بەرەسەنترین سەرچاوەی فەلسەفەی دیموکراسی دادەنێن. ئەوەی پێویستە لێرەوە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کەداکۆکی میل لەسیستمی دیموکراسی داکۆکیەکی قوڵ و ریشەدار بو چونکە جگە لەخوێندنی سەخت لەژێر چاودێری باوکیدا بۆ ساڵانێکی زۆر، خۆیشی وەك مرۆڤێکی سیاسی رەنگدانەوەی کامڵی نوسراوەکانی بو، وە دەیویست ئەوەی لەبواری ئەندێشەدا باسی کردوە و بەرهەمی هێناوە لەمەیدانی کردەوەش دا هەمانجۆر رەفتار بکات و بەمو لێ ی لانەدات، ئەمەشی لەوەوە هەڵێنجاب و کەناشێ مرۆڤی خاوەن پرەنسیپ قسەو کردەوەی لێك جیاوازبن . . . "میل لەساڵی ١٨٦٥ دا بوە کاندیدی ئەنجومەنی گشتی

(پەرلەمان) لەبازنەی وێستمینستەر (لەندەن)، وە قبوڵکردنی ئەندامەتی پەرلەمانی بەو مەرجە بەخۆی سەلماند کە دەبێ پێڕەوییەکی ورد لەپرەنسیپەکانی بکات . . بۆ بەدەستهێنانی دەنگ نەخۆی هیچ چالاکیەکی نواندو نەپارەیشی دا بەخەڵك تاکو دەنگی بۆ کۆبکەنەوە، هەروەها بەڵێنی ئەوەیشی نەدا کە لەپەرلەماندا بایەخێکی تایبەت تر بداتە بازنەی هەڵبژاردنەکەی . . تەنانەت بەزەحمەت ئامادەبو لەکۆبونەوەیەکی دەنگدەراندا لەبەرامبەر خەڵك دا قسەیەك بکات، سەرەڕای ئەوانەش بەئەندامەتی ئەنجومەن هەڵبژێردرا"[١]

گلادستونی سەرەك وەزیرانی ئەو دەمی بەریتانیاش لەوەسفی میل دا وتبوی: "کاتێك مرۆۋ گوێ لەقسەکانی جان ستیوارت میل رادەگرێ، وەك ئەوەیە گوێی بۆ پێغەمبەرێك گرتبێ"[٢]

میل پێی وابو ئەو کەسەی خۆ بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێت دەبێ شایستەیی ئەوەی هەبێ و خەڵك تا ئەو ئەندازەیە متمانەیان پێی هەبێ کەبێ سەرفکردنی پارەو پول دەنگی تەواو بەدەست بهێنێ و، لەوەش گرنگتر بتوانێ لەئاستی نیشتمانیدا قسەی بەسود بکاتو خۆ بەکێشەکانی ناوچەیەکی بچوکەوە سەرقاڵ نەکات.

جگە لەوەش، سەرڕای بڕوابونی تەواوی بەهەڵبژاردنو دەنگدان، میل بەپێچەوانەی جۆن لۆك ەوە پێی وابو کە رای "زۆربە" بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراسی بەس نیە. لۆك ووتبووی:

**"لەبڕیاردانی سیاسیدا بەدەستهێنانی تێکڕای دەنگ نەستەمە، بۆیە دەبێ بەڕای "زۆرایەتی" قەناعەت بکەین، رەتکردنەوەی رای زۆربە جگە**



**لەکەوتنە ناو زەلکاوی ئیستبدادی تاقە کەس یاخود ئاژاوەی بەکۆمەڵ ناتوانێ بەرەنجامیکی تری هەبێت"[٣]**

لەبەرامبەردا میل پێی وایە "رای زۆربە" تەنیا مەرجێکی پێویستە بۆ دیموکراسی بەڵام مەرجێکی بەس نیە، وە ئەنجومەنی یاسادانان کەگرنگترین کۆڵەکەی دیموکراسیە لەهەر ولاتێکدا، کاتێك رەسەنایەتی هەیە کەهەم زۆرایەتیو هەم " کەمایەتی" نوێنەری خۆیانیان هەبێت.

ئازادیخوازی میلو پێداگرتنی لەسەر مافی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دەربڕینی خواستو بیروباوەڕەکانیان، هەمان ئەو شاڕێیەیە کەڕێنوێنی دەکات بۆ داکۆکی لەکەمایەتیەکانی کۆمەڵگاو سەرەنجام بۆ بەرگریکردن لەکەمەنەتەوەییو ئاینییەکان. میل سەبارەت بەئازادی تاقە کەس بەوپەڕی راشکاوی لەکتێبی "دەربارەی ئازادی" دا نوسویە:

**" ئەگەر هەموو توخمی مرۆۋ پێکەوە بێجگە لەیەک تاقە کەس لەسەر یەک باوەڕبن، بەهەمان ئەو جۆرەی کە ئەو تاقە کەسە مافی نییە کە، ئەگەر لەدەسەڵاتیا بوایە، توخمی مرۆۋ بێدەنگ بکات، توخمی مرۆۋیش مافی ئەوەی نیە کە دەنگی ئەو تاقە کەسە خامۆش بکات" [٤]**

باوەڕە سەرەکیەکانی میل لەژێر کاریگەری فەیلەسوفی ئینگلیزی جێرمی بینتام دا خەملین کەپێی لەسەر "رەسەنایەتی سودمەندی" دادەگرت.

ئەو لەسەرەتادا پێی وابو کەداڕشتنی سیستمی دیموکراسی کە لەمافی ڕادانی گشتیو هەڵبژاردنی ئازادو نهێنی دا خۆدەبینێتەوە بۆ

جەماوەر بەسودەو بەسە بۆ سەقامگیرکردنی دەولەتێك کەمافەکانی تاكو کۆمەڵ سەر لەبەر دەستەبەر بکات، بەلأم لەساڵەکانی دوایی تەمەنیدا وردە وردە هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەناو خودی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بەتایبەت لە میکانیزمی " زۆربەی بەژمارە" دا، مەترسی وا شاراوەن کەدەهێنن هەڵوێستەیان لەسەر بکرێتو چاویان پێدا بخشێنرێتەوە، لەوڕووەوە میل قەناعەتی وای لێهات کە هاوشان لەگەڵ دانانی بە هەبونی "زۆرایەتی ژمارەیی" لەناو پەرلەماندا، پێویستە کەسانێکی شایستەو ڕۆشنبیرو کارزان وەك نوێنەری کەمایەتی وجودیان هەبێ تاببنە پارسەنگێك بۆ هێشتنەوەی سیستمی دیموکراسیو بەهێزکردنی گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بەو ئاقارەدا کەخزمەتی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری کۆمەلأنی خەڵك بکات.

لەدواین ئەنجام دا میل گەیشتە ئەو بڕوایەی کە:

"دیموکراسی ژمارەیی، دیموکراتیەکی درۆینەیە، چونکە جیاوازیە سروشتیەکانی نێوان خەڵک لەبەر چاو ناگرێت، لەبەرامبەردا دیموکراسی راستەقینە، بۆ سەرجەم توخمە جیاوازەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا، دەسەلأتو ڕۆڵێکی گونجاو لەبەرچاو دەگرێ . . کەواتە دیموکراسی واقعی لەباتی نوێنەرایەتی کەسانێکی پەراکەندەو بێ شومار، ئیمکانی نوێنەرایەتی گروپەکانو بەرژەوەندە جیاوازەکان لەدەزگا سیاسیەکاندا دەستەبەر دەکات"[٥]



لەکتێبی "دەربارەی ئازادی"دا میل راشکاوانەتر مەسەلەکە روون دەکاتەوە. نوسیویە :

" نابێ وابزانین کە " ئیستبدادی زۆرایەتی" لەبناغەوە بەهۆی دامەزراوە دەوڵەتیەکانەوە دەکەوێتە گەڕ، خودی دیموکراسی کۆمەلأیەتی دەتوانێ ئستبدادێکی تۆقێنەرترو بەگوژمتر لەچاو زۆر جۆری تری زوڵمو ستەمی سیاسیدا بهێنێتە ئاراوە، چونکە - هەرچەندە ئێجگار کەم پشتبەستوە بەو سزا توندانەی لەستەمی حکومەت دا هەن - کەم رێگا دەهێڵێتەوە بۆ هەلأتنو زۆر بەقوڵی لەوردەکاریەکانی ژیان دا کاریگەری دادەنێو گیان کۆیلە دەکات "[٦]

فەسڵەکانی ١٦و ١٧ی کتێبی "چەند تێڕامانێك . . " ناونیشانەکانیان بەم جۆرەیە: " نەتەوە لەپێوەند لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێراودا"، وە "حکومەتە فیدراڵیە هەڵبژێراوەکان".

لێرە بەدواوە خوێنەر هەست دەکات دەتوانێ زیاتر لەلێکدانەوەکانی میل سەبارەت بەگرفتی فیدرالیزمو پێناسەی میللەتو چۆنیەتی ئاوێتەبونی میللەتی بچوك لەگەل میللەتی گەورەدا نزیك ببێتەوەو لەو راستیانە دا قوڵتر ببێتەوە کە ئەم زانا مەزنە توانیویەتی لەساڵی ١٨٦١ دا باسیان بکاتو کۆمەڵە تێروانینێك پێشکەش بکات کە بۆ تێگەیشتنی کێشەکانی ئەمڕۆی عیراقو کوردستان سودی بەرچاویان

هەبێ. بۆ ئەوەی لێرەدا خۆ لەهەر جۆرە پیاهەڵدانێك بەدووربگرین، چاکترە هێندەی دەکرێ بۆچونەکانی خودی میل بەو جۆرەی لەکتێبەکەدا هاتون بگوێزینەوە، وە ئەوەی زیاتر پەیوەندی بەدۆخی رۆمانەوە هەیە، بەشێوەیەك لەشێوەکان ئامادە بکەین.

میل نوسیویە:

"کاتێک ژمارەیەک لەتاکەکانی مرۆڤ میللەت پێک دەهێنن کە بەهۆی "پەیوەند"ی هاوبەشەوە پێکەوە بەسترابنەوە، پێوەند گەلێک کە لەنێوان ئەوان و تاقمەکانی تردا وجودی نەبێ.

ئەم پەیوەندیانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بەمەیلێکی زۆرترەوە پشتیوانی یەکتر بن و هەوڵدەن لەسێبەری یەک حکومەتدا بەسەر بەرن و خوازیاری ئەوەبن کە ئەو حکومەتە تەنها بەهۆی خۆیان یان بەشێک لەخۆیان بەڕێوە بچێ.

ئەم هەستە نەتەوەییە دەشێ لەئەنجامی هۆکاری جۆراوجۆردا پەیدا ببێ: هەندێ جار یەکبونی نەژادو رەسەن سەرچاوەیەتی، هاوبەش بون لەزمان و ئاین دا پشکێکی زۆری لەهەبونی دا هەیە، سنوری جوگرافی یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی، بەڵام بەهێزترین هۆکار یەکبونی پێشینەی سیاسی یە. هەبونی مێژوویەکی نەتەوەیی وە لەئاکامی ئەوەش دا بەشداربون لەیادەوەری هاوبەشدا، لەپێکهێنانی هەستی بونە نەتەوەدا زیاتر لەهۆکارەکانی تر کاریگەرە" (٧)



رەنگە لێکدانەوەی میل بۆ ناساندنی میللەت شتێکی تازەیان تێدا نەبێت، نەك لەو روەوە کە بۆچونەکانی میل کۆنن و بەسەرچون، بەڵکو لەو لایەنەوە کەمیتۆدی پێناسەکردنی میللەت بەشێوازی سەرەوە بەڕادەیەك قبوڵی جەماوەری وەدەست هێناوەو چەند پاتە بۆتەوە کەمەزەندە هەیە نوسینەوەی سەرهێشە وەدوای خۆیدا بهێنێ.

ئەوەی بۆ خوێنەرەی ئەمڕۆ جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە بۆچی دەبێ سەرەڕای هەبونی سەرجەم خاسیەتەکانی "نەتەوە" لەگەلی کورددا (بەپێی پێناسەکەی میل) هێشتاش بەشێك لەنوخبەی رۆشنبیری عەرەب و ناعەرەب لەعیراق و وڵاتانی دراوسێی کوردستاندا ئامادەنین سەبارەت بەوجودی نەتەوەی کورد بەجۆرێك بیربکەنەوە کە لەگەڵ لۆجیکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بگونجێ.

لۆجیك و میتۆدێك کەپێش سەدەو نیوێك لەئەوروپادا بیری لێکراوەتەوەو چەسپینراوە و هەوڵدراوە ئازادیە سیاسیەکان بەجۆرێك بن کە لەگەڵ خواستی میللەت دا بگونجێ و مەرجەکانی پێشکەوتنی مسۆگەر بکات.

گەلی کورد، چ لەعیراق و چ لەدەرەوەی عیراق، یەك نەتەوە پێك دەهێنێ. هەبونی گومان لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی مەرکەزدا یاخود لەنێو هەڵبژاردەی عەرەبی عیراق دا سەبارەت بەوەی کورد رێگای نەدرێ لانیکەم لەناوچەکانی خۆیدا حکومەتێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، مەسەلەیەکی مەترسیدارەو تائێستاش لەنێو تەم و مژی سیاسی و

یاساییدا ماوەتەوەو وادەکات بەشێکی زۆر لەخەڵکی کوردستان لەئێستاو ئایندەی خۆیان نیگەران بن.

میل دەڵێ:

" ئەگەر ژمارەیەک لەئادەمیزادەکان ئازاد نەبن لەوەی کە بڕیار بدەن لەگەڵ کام گروپ لەگروپە جیاوازەکانی خەڵکدا پەیوەندیان هەبێ، ئاشکرا نیە کە بۆ هەڵبژاردنی چ شتێک ئازادیان هەیە" (٨)

هەروەها:

"لەهەر جێگایەک هەستی نەتەوەیی . . وجودی هەبێ، بەهانەو زەمینە بۆ یەکخستنی هەموو کەسەکانی خاوەن ئەو هەستە لەژێر باڵی حکومەتێکدا کەتایبەت بێ بەخۆیان، وجودی هەیە" (٩)

مەسەلەیەکی تری ئێجگار گرنگ کەپەیوەندیی‌یەکی راستەوخۆی بەژیانی ئەمڕۆی عیراقەوە هەیە لەفەسڵی ١٦ دا روون کراوەتەوە.

نوسیویە:

" لەناو خەڵکێکدا کە هاودڵیان لەگەڵ یەکدیدا نەبێت، بەتایبەت ئەگەر بەزمانی جیاواز قسە بکەن‌و بخوێننەوە، رایەکی گشتی ناتوانێ وجودی هەبێ چونکە ئەو هۆکارە کاریگەرانەی سازدەری رای گشتین‌و دیاریکەری کاری سیاسین لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا لەیەکدی ناچن. هەر تاقمێک لەسەرکردەکانی وڵات جێ متمانەی بەشێکی وڵاتن. کتێب‌و رۆژنامەو نامیلکەو گوتارەکان بەناوەڕۆکی یەکسان ناکەونە بەردەستی خەڵک، بەشێک لەکۆمەڵگا بێ خەبەرە لەو بۆچون‌و بیروڕایانەی لەبەشەکانی تری کۆمەڵدا بڵاودەکرێنەوە . . هەر میللەتە زیاتر



نیگەرانی جەزرەبەی میللەتێکی ترە تاکو مەترسی هەبێ لەدەسەڵاتداری هاوبەش کە بریتیە لە "دەوڵەت".. ئەگەر یەکێک لەمیللەتەکان لەبەرنامەی حکومەت زویر بوبێ . هەر ئەوە دەبێتە هۆکار تا میللەتێکی تر لایەنگری لەحکومەت بکات" (١٠)

میتدۆلۆژی میل لەراڤەکردنی بۆچونەکانیدا بەجۆرێکە مرۆڤ هەست دەکات گلادستۆن چاکی پێکاوە کاتێك ئەو بەپێغەمبەر دەشوبهێنێ. خوێنەر بەبینینی دەقێکی میل لەباتی ئەوەی وا بزانێ خەریکی خوێندنەوەی دەقێکی سیاسی‌و فەلسەفی مرۆڤێکی ئاساییە، هەست دەکات‌و کە پیتۆلێك قسەی بۆ دەکات‌و سەبارەت بە رووداوەکانی ژیانی مرۆڤ پێشبینی بێ ئەملاو ئەولای پێیە. راستە شیکردنەوەی تیۆری یاخود چەکدار بە تیۆریەکی دروست لەمەڕ کێشەکانی کۆمەڵگا دەتوانێ بەرچاو رونیەکی زیاتر بەمرۆڤ ببەخشێ، بەڵام کەسانێکی زۆر پێش میل و دوای ئەو هەوڵیان داوە رێگای دەرباز بون بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەلگا بدۆزنەوە و سەرەنجام دەسکەوتێکی وایان بەنسیب نەبوە.

پێدا گرتن لەسەر ئەو راستیەی کە پێشکەوتنی ژیاری هەر میللەتێك تەنها کاتێك زامنە کە خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات، بۆتە مەسەلەیەکی بەدیهی‌و تەنانەت دام‌و دەزگا جیهانیەکانیش، لەئەنجامی قەناعەت هێنان بەو راستیەدا دانیان بە "مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنوسی" دا ناوەو سەدەی بیستەم بەتایبەت سالانی پێش‌و دوای شەڕی دوەم لەئاستی دیکومێنت دا شایەدی ئەدەن کە مسۆگەرکردنی

ئاسایشی جیهانی زۆرتر چۆتە گرەوی ئەوەوە کە "چوارچێوە"ی جوگرافیایی‌و سیاسی گەلان بەجۆرێك دابڕێژرێ کە لەگەڵ سەرجەم ئەو مافانەدا بێتەوە کە لەبەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ دا جەختیان لەسەر کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوام بوونی سیستمی توتالیتاری‌و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی‌و هەڵاوسانی ناسیۆنالیزمی توندڕەو لەزۆر ناوچەی جیهان، ئەگەری ئەوەیان هێناوەتەوە پێشەوە کە بەدیهترین مافەکانی کۆمەڵی مرۆڤیش بکەونە ژێر پرسیارەوەو تارماییایەکی خەست باڵ بەسەر ئەو ماف‌و راستیانەدا بکێشێ کە توخمی مرۆڤ بە ئێش‌و ئازارێکی زۆرەوە پێیان گەیشتوە.

میل بەردەوامە:

**" بەپێی ئەو بەڵگانەی باسمان کردن، مەرجی پێویستی دامەزراوە ئازادەکان ئەوەیە کە دەبێ سنورو مەرزی حکومەتەکان لەبەشی سەرەکیدا لەگەڵ سنورو مەرزی میللەتاندا جوت بێ "[١١]**

بۆچی دەبێ "سنوری حکومەت" لەگەڵ "سنوری میللەت" دا جوت بێ؟ ئایا قازانجی میللەت لەوەدایە کەخۆی حوکمی خۆی بکات؟

ئایا حکومەتی فیدراڵ چارەسەرێکی کاربڕە بۆ پێکەوە ژیانی میللەتان؟

لێرە بەدواوە میل دێتە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەتایبەتن بەژیانی میللەتان لەحکومەتێکی فیدراڵ دا.



مەسەلەی داواکردنی فیدرالیزم وەك خواستێکی سیاسی، لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابوردووەوە بۆتە داواکاری هێزە حزبیەکانی کوردستان.

ترسی گەلی کورد لەهەبونی حکومەتێکی ناوەندی ستەمگەر لەبەغدا، هەمیشە وەك شمشێری داموکلس حسابی بۆ کرادوەو ئەم مەترسیەش لەوەوە سەری هەڵداوە کە ئاسایش‌و مانەوەی گەلی کورد بەپلەی یەکەم وە پێشکەوتنی لەرووی کۆمەڵایەتی‌و ئابوریەوە زۆرتر لەو ناوەندەوە هەڕەشەی هاتۆتە سەر کەدەبوا . بەحساب . ببێتە مایەی دڵنیایی‌و سپەرێك بێت بۆ پاراستنی پێشکەوتنی.

میراتی سیاسی چەندین دەیە لەخەباتی خەڵك لەکوردستاندا لەسەر ئەو بنچینەیە بنیاتنراوە کەهەرچی زیاتر پاڵ بەو پەرژینەوە بنرێت کە "ناوەند" بەزۆرو بەخوایشت ویستویەتی وەك چەکێکی هەڕەشەو ترساندن بەردەوام لەهەوڵی فراوان کردنیدا بێت.

رەنگە هەڵبژاردنی ناونیشانی "ئەژدیها" لەلایەن تۆماس هۆبزەوە بۆ یەکێك لەکتێبە ناسراوەکانی کە لەساڵی ١٦٥١دا بڵاوی کردەوە بێبناغە نەبێ کە لەوێدا دەیەوێ دەسەڵاتی حکومەتی ستەمگەر بەو دەعبا ئەفسانەییە بشوبهێنێ کە هەندێ جار وەك نەهەنگ‌و هەندێ جاری تریش لەفۆرمی شێردایە، پێکگرتنێك کە بەچاکترین شێواز تەعبیر لەدەسەڵاتی دەوڵەتی پاشایەتی دەکات کە هەمیشە "لەشێك بوە لەسەروی لەشەکانەوە" وە "کەسێکی بەهێزترە لەکەسە ئاساییەکان" (پێشەکی "ئەژدیها" ل ٣٨)[١٢]

دەسەڵاتی حوکم لەعیراقی رابوردودا جگە لە "لەشێك لەسەرووی لەشەکانەوە" شتێکی تر نەبوەو دەشێ بوترێ کە تا ئەو شوێنەی دەسەڵاتی  حوکم لەسەر کۆمەڵانی خەڵك نەرمتر بوبێ، بەرپەرچدانەوەی هاوڵاتیانیش بۆ سیاسەتەکانی حوکمی ناوەند لەئاستی ئاسایی دەرنەچوەوو بەپێچەوانەوە هەر کات دەسەڵاتی ناوەند لەسنوری تێپەراندبێ و بوبێتە دەعبای " ئەژدیها"، کۆمەڵانی خەڵکیش بەریان پێ گرتوەو روبەڕووی بونەتەوە.

مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتێکی فیدرالی لەعیراق ئەمڕۆدا مەسەلەیەکە لانی کەم لەئاستی تیۆری دا کۆتایی هاتوە. باسکردنەوەی رایەکانی جان ستیوارت میل یش لەو ئاقارەدا کە بتوانێ ئەم واقیعەی ئەورۆ بەرەو تێگەیشتنێکی راستتر ببات و بەرچاومان رونتر بکاتەوە لەپێویست پێویست ترە.

میل سێ مەرج  بۆ دامەزراندنی حکومەتی فیدرال بەگیانی دەزانێ و پێیان لەسەر دادەگرێ:

**"مەرجی یەکەم: دەبێ یەکدیویستن و هاودڵی هاوبەش بەئەندازەی پێویست لەنێوان میللەتەکاندا هەبێ.. هاودڵی پێویست بۆ ئەم مەبەستە بریتین لە هاودڵی نەژادیی و زمانیی و ئاینیی و لەهەمو ئەوانەش سەروتر هاودڵی پەیوەندیدار بە دامەزراوە سیاسیەکان کە لەپێکهاتنی هەستی یەکبونی پێوەندە سیاسیەکاندا لەهەمو شتێک کاریگەر ترن"** (١٣)

**"مەرجی دووەم: مەرجی پایەداری سەقامگیرکردنی حکومەتێکی فیدرال لەوەدایە کە دەوڵەتە سەربەخۆکانی تا ئەو ئەندازەیە بەهێز نەبن**



**کە بۆ هێشتنەوەی خۆیان لەبەرامبەر دەستدرێژی بیگانەدا بتوانن پشت بەتوانایی خۆیان ببەستن. ئەگەر ئەم تواناییەیان هەبێ.. لەحاڵەتی یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا.. ئیمتیازێک بەدەست ناهێنن"** (١٤)

**"مەرجی سێهەم: کە بایەخی لەدوو مەرجی پێشوو کەمترنیە ئەوەیە کە نابێ نایەکسانیەکی زۆر لەهێزو توانایی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ناو فیدراسیۆنەکەدا هەبێ. سروشتیە کە ئەوان ناتوانن خاوەنی سەرچاوەی رێک وەک یەک بن، لەهەموو فیدراسیۆنەکاندا چەند ئاستێکی جیاواز لەهێز لەدەوڵەتە ئەندامەکان دا هەیە، هەندێکیان قەرەباڵغ ترو شارستانی ترو دەوڵەمەندترن لەئەندامەکانی تر"** (١٥)

بەو جۆرە هەقمانە ستایشی مرۆڤێك بکەین کە لەسەردەم و زمانێکدا باسی لەمافەکانی خەڵك کردووەو داکۆکی لێ کردوون کە زۆربەی توخمی مرۆڤ لەتاریکستانی دواکەوتوییدا جێنگڵی دەدا. سەردەمانێك کە بەشێکی زۆر لەو حکومەتانەی بونەمایەی شەرمەزاری مرۆڤ ، وە لەوانەش حکومەتی بەعس لەعیراق، لەبنچینەوە نەهاتبونە ناو کایەی هەبونەوەو نەیانتوانی بو ئەو ستەمگەریەی میل بەدرێژیی و قوڵی ژیانی بۆ رووبەڕووبونەوەی تەرخان کرد، بهێننە ئاراوە.

**پەراوێز**

١) جان استیوارت میل: تأملات در حکومت انتخابی
ترجمه علی رامین، تهران ١٣٦٩ ل ١٩

٢) جان استوارت میل: در آزادی . لەکتێبی " آزادی فرد وقدرت دولت، ترجمە محمود صناعی تهران ١٣٤٤، ل ٢٣٩

٣) سەرچاوەی (١) ل١٣

٤) خرد درسیاست، عزت الله فولادوند، تهران ل١١٥ .

٥) درسهای دمکراسی برای همە، د. حسین بشیریە، تهران ١٣٨٠ ل٦٩

٦) خرد در سیاست ل ١٠٩ .

٧) تأملاتی در حکومت انتخابی ل٢٥٥، هەروەها (٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥) هەمان کتێب لاپەڕەکانی ٢٥٦ تا ٢٦٤.




## دەنگدان: کۆڕەو بەرەو باشوور

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٥٨٧ ) ٢٠٠٥/٢/٣**

زۆرجار رۆشنبیرو سیاسیەکانی ئەوروپا بۆ پێداگرتن لەسەر زەرورەتی هەڵبژاردن و بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی دیموکراسیانەی "خولانەوەی دەسەلات" لەنێوان پارت و کەسایەتیە سیاسیەکانی کۆمەڵ دا، لێکچونی هەردو زاراوەی "کاغەزی دەنگدان: *Ballot* " و "گوللە: *Bullet*" دەهێنینە ئاراوە کە لەزمانی ئینگلیزی دا هەمان گرفت و کێشە رۆشن دەکەنەوە کەئەمڕۆ لەعیراق و کوردستاندا رووبەڕووی بوینەتەوە، لەسۆنگەی ئەو پێداگرتنەشەوە، نوسەرانی لیبراڵ و دیموکراتخواز بەردەوام وەك کۆرسێکی مۆسیقایی پێکەوە هاوار دەکەن کە لایەنگرو پشت وپەنای *Ballot* ن بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی نەك سەنگەر گرتن بە*Bullet* !..

باسکردنی ئەوەی کەپاش ساڵەهای ساڵ نەگبەتی و سەرکوت، تازە بەتازە لەپێنجەمین ساڵەی سەدەی بیست ویەکەم دا" هەڵبژاردنێکی ئازاد" لەعیراق دا ئەنجام دەدرێت، ناتوانێ خۆبەخۆ هەواڵێکی هێندە سەرنجراکێش بێت کە ختوکەی هۆشی مرۆۋ بدات گوایە یەکسەر

**"سەردەمێکی زێڕین" لەمێژووی عێراق دا بەم پێکهاتە ئەتنی و سیاسیەوە دێتە ئاراوە..**

**ئەوەی ئەمڕۆ لەهەر مەسەلەیەك زیاتر پێویستی بەقسە لێکردنە چۆنیەتی هێنانەدی ئەو "سەردەمە زێڕین"ەیە کەبڕیارە هەمووان ـ بەتایبەت گەلی کورد ـ هەوڵی بۆ بدەین، وە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بناغەیەیە کە: ئایا پێویستە گەلی کورد هەوڵدات لەناو هۆڵی پەرلەمانی عێراق دا نوێنەری هەبێت و لەرێگای" نامەی دەنگدان** *Ballot*"" **وە لێهاتوویی و کامڵبونی سیاسی خۆی بسەلمێنێ و دەربیخات کە بۆ پێچەقاندن لەسەر خواستەکانی ئامادەیە لە"سەنتەر"یشدا ململانەو خەباتی یاسایی بکات؟**

**ئەگەر کاتی ئەوە هاتووەو پێویستە نوێنەرانی گەلی کورد بەوپەڕی چالاکیەوە بەشداری لە وەگەڕخستنی پەرلەمانی عێراق دا بکەن، پێویستە چی بکرێت تا سەرکەوتنی گروپی کوردستان لەناو پەرلەماندا هەرچی زیاتر مسۆگەر بکرێت؟.. زەمانەتی هەناردنی ژمارەی پێویست (هەرچی زۆرتر باشتر!) بۆ "ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق" لە چیدایەو چ شتێك دەتوانێ دەنگی گروپی کوردستان لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەهێزترو بەگوڕترو بیستراوتر بکات؟**

* * *

وردبونەوەیەکی خێرا لەهەلومەرجی عیراق نیشانمان دەدات کە دۆخی سیاسی ئەم وڵاتە لەڕەگو ریشەوە هەڵتەکێنراوەو لەقەڵای سەختی توتالیتاریزمی بەعس و



**چەکمە رەقەکانی عروبە، جگە لەچەند تاقمو گروپێکی مرۆڤ کوژو وێرانەیەکی سیاسی، ئاسەواری شتێکی دی بەدینا کرێت.**

**راستە هێشتاش لەناوەڕاستی عیراقدا گیانی ئینسان کەمتر لەجاران نرخی هەیەو ئیمکانی هەیە لەهەر چرکەیەك دا تیرۆریستێکی ئیسلامی ـ عروبەوی گیانی دەیان ژن و منداڵ ـ بە بەهانەی کوشتنی سەربازێکی ئەمریکاوە ـ بستێنێ، بەڵام، بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیەو درێژە کێشانی بۆماوەی زیاتر لەساڵێك، لەباتی ئەوەی نیشانە بێت بۆ لاوازی و بێ بەرنامەیی ئەمریکا (وەك زۆر لەرۆشنبیرە چەپ و راستەکانی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی دەیانەوێ وادەربخەن)، نیشانەیە بۆ بەهێزی و قایمی پایەگا نائەقڵانیەکەی خودی حکومەتی توتالیتاری بەعس کە لەناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسیدا خۆی دەبێنێتەوە.. ناسیۆنالیزمێك کە بەدەرە لەگشت بەها ئەخلاقیەکانی ئینسان و فاشیزمێك کەجگە لەروبەڕوبونەوەی سیاسی و پاشەکشە پێکردنی، ناکرێ بیر لەهیچ بەدیلێکی تر بکرێتەوە لەئاستیا.**

**نەتەوە پەرستی عەرەبی کەئەمڕۆ زیاتر لەجاران خۆی ئاوێتەی ئیسلامی سیاسی کردووە، بەدرێژایی ٣٥ساڵی سەردەمی بەعس، گەورەترین کارەسات و ئاپارتایدی نەتەوەیی بۆکوردو گەلانی تری عیراق بەدیاری هێنا.**

**لەژێر سایەی ئەم ئایدیۆلۆژیەدا گەلی کورد سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوانی لەدەست دان و هەزارانی بەچەکی کیمیایی خنکێنران، هەزاران گوندو کانی و باخی وێران و خاپور کران و بەهەزاران کیلۆمەتری**

چوارگۆشە، لەسەرانسەری کوردستاندا بەهۆی لوغمو تەقەمەنیەوە بونە چوارچێوەیەك بۆمردنو سەقەتبونی لەسەرخۆی سەدان منداڵو ژنو پیر. بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی عەرەبی لەعیراق دا هەرگیز ئامادە نەبووە شکستەکانی خۆی قبوڵ بکاتو بەچاوێکی کراوەوە راستیەکان ببینێ.. سەدام حسەین کەخۆی بەرهەمو دەرهاویشتەی ئەم زەلکاوە فیکریە بوو لەناوەڕاستی عیراق دا، لەتیژکردنەوەو مشتومالّدانەوەی تەوری شۆڤێنیستی عەرەبیدا، رازی نەبوو کەس پێشبڕکەی لەگەڵدا بکات.

کۆڕەوی ملیۆنی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، دوا بەدوای شکاندنی بەعسو لەشکرەکەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ئاکامێکی تری ئەو ترسە بوو کەخەڵکی کوردستان بەئەزموون لەسیاسەتی بەعس هەڵیان هێنجابوو. خەڵکی کورد لەوە تێگەیشتبوون کەوڵاتە گەورەکان لەو سەردەمو زەمانەیەدا خوازیاری گۆڕانی رژێم نینو نایانەوێ لەسەر کاری لابەرن، بۆیە بڕیاریان دا لەروبەڕوبونەوەی زیاتر خۆبپارێزن. دانیشتوانی کوردستان بەتاقیکردنەوە لەوە حاڵی ببون کەحکومەتی بەعس بۆمانەوەی لەدەسەڵاتدا دەستی لەهیچ خراپەو تاوانێك ناپارێزێتو لەقاموسی بەعسدا قانونو رێسایەك نیە بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو تاك یاخود دەسەڵاتو میللەت.. بۆیە بڕیاریاندا" کۆڕەو" بکەنو لەجەنگەڵی بێ یاسایی بەعسدا خۆ بەکوشت نەدەنو دەسەڵات لەهەرجۆرە شەرعیەتێك بێبەش بکەن.



سەرجەم جەماوەریی کورد بەهۆی ژیانی کولەمەرگی لەژێر سایەی رژێمی سەدام دا دەیانزانی بەعس لەشەڕێکی گەورەدا شکستی خواردوەو وەك دڕندەی بریندار بەگشت لایەکدا شاڵاو دێنێو ناتوانن لەبەرامبەر تانكو تۆپی زەبەلاح دا دەست بدەنە رووبەڕووبونەوەو شەڕێکی کابڕ ئەنجام بدەن. لەو سۆنگەیەوە بڕیاریاندا ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیش بێت گیانیان لەم دڕندەیە بپارێزنو خۆ سازدەنەوە، بەم جۆرە" کۆڕەو"ی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان سەرەڕای قوربانیە مادیو گیانیەکانی، زەقترین بەیانی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان بو دژ بەرژێمی بەعس، وە گەورەترین خۆنیشاندان بوو بەرامبەر ئەو سیستمەی کە بەزۆرداریو بلەوەزی ساڵەهای ساڵ خۆی سەپاندبوە سەر خەڵکی کوردستان.

رەنگە "نەبونی متمانە" بەناسیۆنالیزمی چەکداری بەعس لەساڵی ١٩٩١دا دەربڕینێکی راستگۆیانەو کتومت بێت بەرامبەر بەو واقیعەی کەپانزە ساڵ پێش ئێستا جەماوەری کورد گرتیانە پێش. ئەگەر خەڵکی کوردستان کەمترین" متمانە" یان بەسەدامو رژێمەکەی هەبایەو کەمترین بواری ژیان لەژێر سایەی رەشی بەعس دا لەئارا دا بوایە، ئەوا بێگومان سەدان هەزار کەس ئامادە نەبوون ماڵو حاڵی خۆیان جێ بهێڵنو چنگ بدەنە شاخو کێوەکانو پەنا بەرنە بەر ناوچە تەلبەندکراوەکانی سنوری تورکیاو ئێرانو ناچاربن لەژێر رێژنەی ئاسمانێکی تورەدا بۆ چەندین رۆژ دەست لەگیانی خۆیان بشۆن. بێ متمانەیی خەڵك بەحکومەتو دەسەڵاتدارانی شۆڤێنی عەرەب لەکۆڕەوی

بەهاری ١٩٩١دا خۆی گەیاندە لوتکەو راپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕێگای بەحکومەتی بەعس نەدا کەئەم خۆنیشاندانە مێژووییە بکاتە بەهانەیەك بۆ تەپاندنی یەکجارەکی روحی خەڵکی کوردستانو، پێشمەرگەو جەماوەر زەبرێکیان لیوەشاند کەهەتا هەتایە بەعس نەتوانێ لەژێر باریدا راست ببێتەوە.

دەنگدانی خەڵکی کوردستان لەکۆتایی کانونی دووەمی ئەمساڵ دا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر لەپەرلەمانی پایتەخت دا، تەواوکەری ئەو کۆڕەوە مێژوویی و راپەڕینە کۆمەڵایەتیەیە کە خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١دا بۆی هاتنە مەیدان.

ئەگەر کۆڕەوو راپەڕینی بەهاری ١٩٩١نیشانەی ئەوپەڕی بێ متمانەیی خەڵك بوو بەویژدانو رەفتاری ناسیۆنالیستە رەگەزپەرستەکانی عەرەب لەسەنتەردا، دەشێ دەنگدانی خەڵکی کوردستان لەزستانی ٢٠٠٥دا بۆ پەرلەمانی عیراق نیشانە بێت بۆ درێژە کێشانی ئەو بێ متمانەییە بەو ناسیۆنالیستە" لیبراڵ" انەی کە بەرواڵەت خۆیان بەپڕەنسیپەکانی خۆرئاواو ئەمریکاوە هەڵواسیوە بەڵام لەدڵدا هەزاران ئاخو حەسرەت بۆ ئەو رۆژگارە هەڵدەکێشن کەهاوبیرەکانیان سیاسەتی کورد قڕانو ئەنفالیان جێبەجێ دەکردو دەیانەوێ سەر لەنوێ رەوانەی سنورەکانمان بکەنەوەو لەسەنتەری بڕیارو یاسادانان دورمان بخەنەوە.



بۆیە راستترین هەنگاو لەدۆخی ئێستادا سازدانی" کۆڕەوی دەنگدان"ە و رەوانەکردنی ملیۆن ملیۆن نامەی دەنگدانە بەرەو پایتەخت کە بەڕوشنی دیارکرابێت ئێمە کێمان دەوێت.

کۆڕەوی دەنگدان دەریدەخات کەخەڵکی کوردستان دەزانن لەکاتە ناسکەکاندا چۆن رەفتار بکەن: لەو کاتەدا کەپشتو پەنامان نیەو پارسەنگی هێز بەلای دوژمنەکانماندایە، شەرەفی خۆمان دەپارێزینو خۆمان ناخەینە بەردەمی جەللادو پەنا دەبەینە بەر کێوو تەلانو دارستان... وە لەو ئانو ساتانەشدا کەرێگای بڕیاردانی چارەنوسو شێوازی شارستانیانەمان خراوەتە بەردەم، بەنامەو دەنگدان دەچینە پێشەوەو بەمیتۆدێکی ئوسولی لەهەقەکانمان دەپرسینەوە.

کۆڕەو بەرەو باشوور واتە کۆڕەوی دەنگدانو خۆسازدان بۆ هەڵبژاردنی ناوی "لیستی هاوپەیمانی کوردستان" (١٣٠)و لیستی "نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان (١٦٢)" کە لەمڕۆدا چەکی دەستی خەڵکی کوردستانن بۆ قایمترکردنی پێگەی کورد لەناو جەنگەڵێکی پڕ لەژاوەژاوو و تاریك دا.

# پەرلەمانی ئاینده

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٥٩٦ ) ٢٠٠٥/٢/١٤**

لەدیمانەی شەوی ٢/٦ ی "کوردسات" دا، کاك عەبدوللای موهتەدی ئاماژەی بەزۆر مەسەلەی گرنگ دا سەبارەت بەدۆخی عیراق دوای هەڵبژاردن‌و چۆنیەتی سودوەرگرتن لەو دەسکەوتەی بەهۆی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە سەرجەم گەلانی عیراق وەدەستیان هێناوە. یەکێك لەو خاڵانەی زۆر جێگای سەرنج بو لێکدانەوەی کاك عەبدوللا بو بۆ چۆنیەتی هاتنە ئاراو گەشەکردنی پەرلەمان.

لەوەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرە: ئایا بەدامەزراندنی پەرلەمانی عیراق سەرجەم گرفت‌و کێشە سیاسیەکان چارەسەر دەبن؟ موهتەدی نمونەی لەدایك بوونی منداڵێکی هێنایەوە کە هەرچەندە لەدایك بوونی ئەو دەبێتە "قۆناغێکی نوێ" بۆ خێزان‌و بنەماڵەکەی، بەڵام خودی هاتنە دنیای "منداڵ"ێك ناتوانێ سەلامەتی ئەو "قۆناغە نوێ" یەی هاتۆتە ئاراوە مسۆگەر بکات، زیاتر لەوەش، خودی منداڵەکەش پێویستی بەچاودێریەکی بەردەوام‌و ئاگاداریەکی ورد هەیە تا بتوانێ لەڕەوتی



ژیانیدا، هەم لەباری فیزیکی (لەش‌و تەندروستی) وە هەم لەرووی کۆمەڵایەتیەوە ساغ‌و سەرکەوتو بێت.

وتنی ئەو راستییەی کە پەرلەمانی داهاتووی عیراق پێویستی بە چاودێریەکی بەردەوام و شێلگیر هەیەو خوازیارانی دەسەڵاتی دیموکراسی ناچارن وەك کۆرپەیەکی تاقانە لێی بڕوانن، پێشمەرجی هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی سیاسیە سەبارەت بە "ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق".

چاودێری چ واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەرکی خەڵکی عیراقە بەگشتی کە بەچاوێکی میکرۆسکۆبی دیقەتی سەرجەم بڕیارو یاساکانی ئەم کۆرپە سیاسیە بدەن یاخود ئەو ئەرکە مێژووییە دەکەوێتە سەر خودی ئەندامانی پەرلەمان کە لەئاوات‌و خواستەکانی خەڵك بەئاگابن‌و چارەیان بکەن؟

لەسەروی ئەوانەشەوە، ئایا ئاوات‌و خواستەکانی خەڵکی عیراق یەکسانن‌و هاووڵاتیان "لەبەسرەوە تا زاخۆ" یەکدەنگن لەسەر پەسەندکردنی (بۆ نمونە) یاسا پێشکەوتووەکانی پاراستنی مافەکانی ژنان؟

ئەو کۆرپەیەی بڕیارە لەچەند هەفتەی داهاتودا لەدایك ببێ‌و ببێتە سەرەتای راکێشانی خەڵکی عیراق بۆ ناو بازنەی بڕیاردانی سیاسی، بەگشت لێکدانەوەیەك، دەتوانێ کاریگەرییەکی مەزن لەسەر رەوتی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی سەرجەم تاکەکانی وڵات دابنێ.

سەرکەوتویی پەرلەمانی داهاتوی عیراق بەوەوە گرێ دراوە کە تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ هەم لەرێو رەسمە ناوخۆییەکانی دا و هەم لەو بڕیار و یاسایانەدا کە پەسەندیان ئەکات رێچکەی دیموکراسی بگرێ و پرەنسیپی ئازادی مرۆڤەکانی ناو چوار دیواری عیراق لەسەرو هەموو شتێکی دیەوە دابنێ، هەروەها لەوەش دا بەرجەستە دەبێ کە جگە لەپاراستنی مافی "تاك" ەکانی کۆمەڵگا، بە چ میتۆدێك داکۆکی لەمافی "گەل"ی کورد دەکات . . . گەلێك کە یەکدەنگ و یەکڕەنگ نیشانی دا لە هەموان زیاتر خوازیاری پێشکەوتنو ئازادیو دیموکراسیەو ئەگەر پەرلەمانی داهاتوی عیراق نەتوانێ وەلامدەرەوەیەکی بڕێنەرەوەی ئەو پرسیارانە بێت کە لەلایەکەوە دنیای شارستانیەت خستونیە بەردەم گەلانو، لەلایەکی تریشەوە چارەسەرێکی بنەبڕ بۆ گرفتی گەلی کوردستان کە لەفیدرالیزمو سیکولاریزمدا خۆی دەبینێتەوە، پەسند نەکات، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە چەسپانەنی نەریتی دیموکراسیەت لەعیراقدا دوو چاری گرفتی گەورە دەبێتەوە کە هەم سەرکردایەتی کورد ناچار دەکات چاو بەسیاسەتو دیدگاکانیدا بخشێنێتەوەو هەم ولاتانی پێشکەوتوش والێ دەکات ئەو گەشبینیەی بەهۆی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەوە هاتبووە ئاراوە لەدەست بدەن.

ئەرکی گروپی کوردستان لەناو پەرلەمانی عیراقدا هەڵدەگرێ بەجیا و بەتایبەت قسەی لەسەر بکرێو رەهەندەکانی شرۆڤە بکرێن.. بەلام بێجێ نییە گەر لێرەدا وەك یاد هێنانەوەیەك چەند کۆپلە لەوتارێکی بەنرخی د. کمال مەزهەری مێژوونوسی گەورەمان چاپ بکەینەوە تا



هەمووان بزانن کە ئەندامەتی پەرلەمانو داکۆکی لەمافەکانی خەڵکی بەشخوراوی کوردستان پێویستی بەچ جۆرە مرۆڤێکەو ئەو کەسانەی کورسی پەرلەمان داگیر دەکەن دەبێ "کانزا"کەیان لەکام چەشنە بێت تا دەرۆستی رووبەڕوو بونەوەی توندڕەوەکانی پەرلەمان بێنو مێژوونوسان نەتوانن دوای ساڵەهای ساڵ لەکتێبەکاندا بەچاوی سوك تەماشایان بکەنو بەترسنۆك لەقەڵەمیان بدەن.

د. کەمال مەزهەر نوسیویە:

"لەو رۆژەوەی "ئەنجومەنی نوێنەران" (مجلس النواب) لەعیراق دامەزرێنرا، واتا لەشازدەی تەمووزی ساڵی ١٩٢٥ وە تا پێچانەوەی دامو دەزگاکانی لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨دا هەمیشە ژمارەی نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لەو ئەنجومەنەدا لە١٠ کەس زیاتر بوو. بەلام، **عەلی کەمالو ئەمین زەکیو مەعروف جیاوك** یان لێ دەرکەی ئەوانی تریان زۆر دەگمەن نەبێ ورتەیان لەخۆیان بڕی بوو، هی وایان تێدا بوو لەبەر مووچەی مانگانەکەی دەبووە نایب. هی واشیان هەبوو دەتگوت لەجنسی کوردان نییە. بە تۆماری ساڵانەی گفتو گۆکانی "ئەنجومەنی نوێنەران"دا دیارە کە مەعروف جیاوك یەکێك بوو لەنوێنەرە هەرە قسەزانو چالاکەکانی ئەو ئەنجومەنە.."

"لەکۆبونەوەی رۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٢٨ی ئەنجومەندا "عطا الخطیب " ی نوێنەری کوت باسی مووچەی مانگانەی سەید تەها نەهری قایمقامی رەوەندوزی هێنایە گۆڕێو محمود رەمزی نوێنەری بەغداش پشتگیری

لێ کرد. . . جیاوك وازی نەهێنا، لەکۆبونەوەی رۆژی ٣٠ی ئابو ئنجا لەکۆبونەوەی یەکی ئەیلولی هەمان ساڵدا، واتا پاش کەمتر لەحەفتەیەك ئەویش باسی مانگانەی **ساطع ئەلحەصری** هێنایە کایەوە کە قیبلەی نەتەوە پەرستانی ئەو رۆژگارە بوو.. جیاوك لەدانیشتنی رۆژی یەکی ئەیلولی ئەنجومەندا دووجار داوای داشکاندنی مانگانەی ساطع **ئەلحەصری** کرد، بەڵام داواکەی لەدەنگداندا دۆڕاندی " (چەند لاپەرەیەك لەمێژووی کورد. ل ٤٨١و دواتر)

بەڵێ! پێش ٧٧ ساڵ نەتەوە پەرستانی عەرەب "قیبلە"یان هەبووەو بە بلەوەزی موچەی زیادەیان لەپەڕلەمان بۆ بڕیوەتەوەو کاتێك پەرلەمانتارێکی ئازای کوردیش داوای کردوە دەنگ بدرێ بۆ وەستاندنی ئەو ناهەقیە، "زۆربە" دەنگی نەداوەتێو مێژوونوس وتەنی: "لەدەنگداندا دۆڕاندی".

مێژووی عیراق بە پەرلەمانتارانی کوردستان دەڵێ کە ئەوان لەگەڵ دوو دیاردەی زەقو رەق رووبەروون کە بریتین لە:

. ناسیونالیزمی عەرەبی توندڕەو.

. ئیسلامی سیاسی توندڕەو (بە هەردوو باڵی شیعەو سوننەوە).

خۆ تەیارکردن بۆ بەگژاچونەوەی ئەو دوو دیاردە ترسناکە، پێش هەر هەنگاوێك ئەوە دەخوازێ کە جارێکی تر بەوردی مێژووی عیراقو گفتوگۆکانی ناو "ئەنجومەنی نوێنەران" لەسەرەتاوە تا کۆتایی بخوێنرێنەوەو ئاوێتەی ئەو زانستو زانیاریانە بکرێن کە دنیای نوێ بە دڵفراوانیەوە خستویەتە بەردەم هەمووان.



## ئیسلامی سیاسی لەقۆناغی"دیالۆگ"دا

(لەپەراوێزی هاتنی نامەیەکی کراوەدا بۆ کاك مەلابەختیار)

**چاودێر**

**ژمارە( ١٨ ) ٢٠٠٥/٢/٢٨**

**هەرچەند کاك مەلابەختیار بەشێوازێکی زۆر تۆکمەو جوان وەڵامی ئەو"نامەکراوە" یەی نوسیەوە کە لەژمارە(١٥)ی چاودێردا بڵاوکرا بۆوە، بەڵام لەوەدا کە ئەو نامە "سەرکراوە" ی کاك ئارام روخۆش یەخەی بە سەرجەم دیموکراتخوازو سیکولاریستەکان دەگرت و چەند خاڵێکی گرنگی دەربارەی ئیسلام و بەعس وروژاندبون، لام باش بومنیش بچمە ناو ئەو باسەوەو پێموایە درێژەدان بەم گفتوگۆیانە لەسەر ڕوپەری رۆژنامەو بڵاوکراوەکان سەدان جار باشترو بەسودترە لەوەی کەسو لایەنە دژە عەلمانیەکان سەری خۆیانو ئێمەش بەشتی ترەوە قاڵ بکەنو لەخەیاڵی ئەوە دابن دەگەنە ئەنجامێك. وەڵامدانەوەی بۆچونو دیدگای ئیسلامی ئوسولی(بنچینەوان) لەمەڕ مەسەلەکانی سیاسەتو مێژوو، ئەو هەلەش دەڕەخسینێ کە هەم خودی ئیسلامیە رادیکالەکان لەئەندازەی "لۆجیك" بونو قوڵی ئایدیۆلۆژیەکەیان حاڵی بنو بەچاوێکی کراوەتر لەمێژووی ئیسلامو مرۆڤ بڕوانن، هەم باڵی سیکولارو "رەخنە لێگیراو" کە دەکەونە بەر**

**خەنجەری ڕەخنەی ئەوان، تیبگەن بەڕاستی دنیا چ باسەو پێویستە چی بکریت تاکۆمەڵگا هەرچی ئارام ترو هێمنتر بەرەو پێشکەوتن و عەدالەت هەنگاوبنێت.**

هەڵبەت ئەم جۆرە قسانە تەنها لە کاتێکدا ڕاستن کە "دیالۆگ" لەئارادابێت، واتە بەوجۆرە بێت کە "ئارام روخۆش؟" نامەی نوسیوە (هەرچەندە رەق و نازانستی و نالۆجیکی) و کاك مەلابەختیاریش وەڵامی بۆ نوسیوەتەوەو لە بڵاوکراوەکەی خویدا بڵاوی کردۆتەوە. خۆ ئەگەر "دیالوگ" لەکایەدا نەمێنێ و"مۆنۆلوگ" زاڵو دەسەڵاتداربێت، واتە لایەك بیەویت بەپشتیوانی ئاین و سوننەت و مێژووی ئیسلام یاخود لە پەنای خۆقایمکردن بە بناغەکانی سیکولاریزم و دیموکراسیەت خوازیاری ئەوەبیت هەرچی ئەو رایگەیاند خەڵکی تر بڵێن"اشهدبالله"و یەك لایەنە خۆی موددەعی و قازی بێت، ئەوا ئاشکرایە کە تەرازوی عەدل وەردەگەڕێ و کێشەکان و گرفتەکان پێوسیتیان بە قسەوباسی تر دەبێت .

هەرچی چۆنێك بێت ئیستا بوارێك هاتۆتە ئاراوە بۆ "دیالۆگ"، ئەم بوارەش بەهۆی کەسێکی سەر بە ئیسلامی سیاسی یەوە پەیدا بوەو چاکترە ئێمەش بە بەڵگەو سەلماندن بۆچونەکانمان بڵێین. بەڵام لە سەرەتاوە داوا لە خوینەری هێژا دەکەم هەردوو بابەتی" نامەی سەرکراوە بۆ مەلابختیار" و"کورتە وەڵامێکی نامەی سەرکراوە" لەژمارە (١٥)ی "چاودێر"دا تەماشا بکات تا پیشینەی گفتوگۆکانی لەبەرچاو بێت و وا نەزانێت ئێمە لەخۆڕا قسەی نەوتراو بۆ ئارام ڕوخۆش هەڵدەبەستین .



(١)

## بەعس و ئیسلام: دۆستایەتی یان خزمایەتی؟

ئارام لەوە ناڕازیە کە مەلابەختیار رای وایە حکومەتی بەعس رژێمێکی درێژەدەربوە بۆ رژێمی ئیسلامی و لە دیمانەکەی د.ئەلبیرت عیساداو تویە" ئەگەر ئیمە سەرنجێکی مێژووی ئیسلام بدەین هەرلە خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی یەوە تا دوای ئەوانیش، جگە لە پیاوکوشتن و وێرانکاری چی یان پێ بوە؟ "

سەرەتا دەبێ بڵێم: من پارێزەری مەلا بەختیار نیم ونامەوێت داکۆکی ناهەقی لێ بکەم. پێشینەی سیاسی کاك مەلا بەختیار لەسەر کویرە ڕێیان نەکەوتوە تا کەسێکی وەك من بێت و بەرگری لیبکات. لەو ڕوەوە ئەو زۆر چاکتر لەهەرکەسێك دەتوانێ"شەڕ"ەکانی خۆی بکات. ئەوەی لێرەدا مەبەستە و کرۆکی مەسەلەیە ئەوەیە ساغ ببیتەوە داخۆ حکومەتی بەعس حکومەتێکی عەلمانی بوە یاخود ئیسلامی. باقی مەسەلەکان لە شوینی خۆیدا دیینە سەریان و بەکورتی شرۆڤەیان دەکەین.

بەرای من حکومەتی بەعس و سیستمی دەسەڵات لەسەردەمی سەددام حسین دا، بەتەواوی واتای وشە حکومەتیکی فاشستی بو وە میکانیزمی هەڵسوڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە بنچینەوە لەسەر کوڵەکەی

ناسیونالیزمی توندڕەو بنیات نرابوکە بەناچار ئیلهامی لە ئاینی ئیسلامەوە وەردەگرت، چونکە خودی ئاینی ئیسلام، وەك دواتر روونی دەکەینەوە، ماك و بناغەی نەتەوەپەرستی بەعسی پیکدەهیناو کانیاویکی دەولەمەندو بەلرفەی بۆ دیماگۆگەکانی بەعس تەقاندبۆوە کە لە هیچ حالیکدا، بە حوکمی جوگرافیاو میژوو، قابیلی پشتگویخستن نەبو.

وتنی ئەم راستیە " حکومەتی بەعس درێژەدەری رژیمی ئیسلامی بوە" لەلایەن مەلابەختیارەوە مسقالێك لەو حەقیقەتە ناگوڕێت، چونکە لە پراتیك دا بەعس، جگە لە راگەیاندنی ئیسلام وەك "روحی عروبە"، تێکەڵپیکەڵێکی تەواوی لەسەرجەم ئایدیۆلۆژیەکان خەملاندبو وە سترەکتوری بەعسیش جگە لەو ئاوێتەکردنەی دیدگا جیاوازەکان لەپیناوی دەسەڵاتدا ناتوانێ شتێکی تربێت. کاتێك ئێمە سەیری خەسڵەتەکانی حکومەتی فاشستیو توتالیتاری دەکەین، دەبینین سەرجەم ئەو خەسڵەتانە لەبەعسدا هەبوون‌و بێکەموزیاد پیرەڕی لێکردوون، جگە لەوەش، بە هەردو باری تیوریو پراتیك دا، ناگونجێت ئیمە حکومەتەکان بەو پێوانەوە بپێوین کەخۆیان ئیدیعای دەکەن. ئەگەر بەو حسابە بوایە، واتە بەو پێیە بێت کە ئارام روخۆش دەیەوێ بیسەپینی و دەلی چونکە حکومەتی بەعس ناوی"حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیە" کەواتە: حزبی بەعس ناسیونالیست و سوشیالیستە...ئنجا دەپرسی: "ئەمە چ فڕێکی بەسەر ئیسلامەوە هەیە؟"، ئەوا دەبوایە حکومەتی نازی ئەڵمانی بە "نەتەوەیی"و



سۆڤیەتی کۆن بە"سۆشیالست"و ئەفغانستانی تالیبان بە"ئیسلامی" لەقەڵەمبدەین. لەکاتێکدا هەروەك چۆن هیچ کەس بەناوهێنانی "خوا" نابێت بەحاجی، بەهەمان شێوەش ناکرێ ئیدیعاکانی دەوڵەتێك یان حزبێك یان تەنانەت تاقەکەسێکیش سەبارەت بەخۆی مۆری پەسەندکردن‌و قبوڵی لی بدرێت.

ئاڵای حکومەتی بەعس کەتائێستاش لەعیراقدا کاری پێدەکرێت لەناوەراستیدا"اللەأکبر"ی تێدانوسراوە. ئایا هەبونی ئەم"اللەأکبر"ە لەخۆرایی هاتووە؟ ئەگەر حکومەتی بەعس سۆشیالست بو(وەك ئارام وتویە) بۆچی دروشمی"اللەأکبر"ی لەسەر ئاڵاکەی دانابو؟ جگەلەوەش، ئارام دەزانێت کەزیاتر لە١٨٠هەزارکەس لەخەڵکی کوردستان لەڕێگای بەرزکردنەوەی دروشمی" انفال" کەسورەتێکی قورئانیە کۆمەڵکوژکران‌و ئاسەواریان نەما. ئایە دەشێ ئێمە وابزانین بەعس روانگەو ئەخلاقی ئیسلامی جیبەجێکردووە!

وەك پێشتر ئامارەی پێکرا، حکومەتی فاشیستی بەعس هەوڵی ئەدا سەرجەم ئایدیۆلۆژیەکان لە بۆتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بتوێنێتەوەو ئەم راستیانەش بەشێوەیەکی زۆر روون لەفەسڵی پێنجەمی کتێبی "خویندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مبزوویی" دکتۆر ئەلبێرت عیسادا شیکراونەتەوە. دکتۆر ئەلبێرت لەزمانی حەننا بەتاتۆ وە نوسیویەتی:

"بیرۆکەی عەفلەق لەتێکەڵی ئەم چوارچێوە ئایدۆلۆژیانەی خوارەوە پێکهاتوە: ناسیۆنالیزمی مرۆیی، هەندێ لایەنی تاکگەرایی رۆشنگەرەکان، دیموکراتی یەعقوبی یەکان، ئیدیالیزەکردنی گەنج

لەروانگەی مەتزینیەوە، ......لەگەڵ بەشێکی زۆر لەروحیانەتی دیانی و تەماشایەکی ناسیۆنالیستانە بۆئیسلام " (بەشی پێنجەم ی کتێبی: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژویی"ل٢٥٣

بەلام هەلویستی عەفلەقی بەعسی سەبارەت بە ئیسلام لە دەرەوەی ئەو "تیکەلە" یەشدا واتاو ناوەرۆکیکی تایبەتتری هەیە، هەلویستیک کە دەشی وەك بنچ و بناغەی گەشەسەندنی درەختی بەعس لە سەر خاکی ئیسلام تەماشای بکریت. لە کتیبی"فی سبیل البعث"دا عەفلەق لە بنی مەنجەلەکەی داوە:

"ئەندیشەی روتی ناسیونالیستی خۆرئاوا، لۆجیکیە لەو روەوە کە ناسیونالیزم لە ئاین جیادەکاتەوە ، ئاین لە خۆرهەلاتی ناوەراستەوە گەیشتۆتە ئەوروپا ولەوسۆنگەیەوە دەرهەق بە میژووی ئەوروپا بە توخمیکی دەرەکی حساب دەکری... بەلام ئیسلام بۆ عەرەب تەنیا باوەریك نیە بە رۆژی قیامەت. بریتیش نیە لە ئەخلاقیکی رووت. بەلکو بەرزترین بەرجەستەبونی هەستەکانی جیهانبینی و تیروانینە بۆ ژیان، بەهیزترین بەرجەستەبوونی یەکبوونی کاملە لە کەسایەتی عەرەب کە لەویدا دەربرین لەگەل هەست و ئەندیشەدا تیکدەئالی وبیر لەگەل کار و"خود" لەگەل چارەنوسدا ئاویتە دەبی. ئیسلام درەخشانترین وینەی زمان و ئەدەبی عەرەبیە، مەزنترین بەشی میژووی نەتەوەییانە.... پەیوەندی ئیسلام لەگەل عەرەب وەك پەیوەندی ئاینەکانی تر نیە لەگەل میللەتانا"(کۆماری تۆقاندن) (١)



کەواتە سەرکردەکانی بەعس لەوە بەئاگابون کە لە پیناوی مانەوە و دەسەڵاتدا، کەڵك لەئیسلام وەربگرن و وەك بەهیزترین چەکی پڕوپاگەندە هەڵی بسوڕێنن.

وتنی ئەوەی: بەعس رژیمیکی "ناسیۆنالیست" بوە هەربەوئەندازەیە راستە بلێین بەعس رژێمێکی "ئیسلامی" خالیس بوە. چونکە لەواقیعدا بەعس ئاوێتەیەك بو لە دوو ئایدۆلۆژیای سەرەکی کەهەردوکیان لەخزمەت "دەسەڵاتی سیاسی"دا واتایان ئەدا بەدەستەوە. بەعس ئیدیعای ناسیۆنالیزمی ئەکرد بەڵام ئەگەر کەسێك بەراستی داکۆکی لەبەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی عەرەب بکردایە حەتمەن سەری بەبرین ئەدا، بەعس ئاڵای ئیسلامی بەرزئەکردەوەو ئیلهامی روحی لی وەردەگرت، بەڵام ئەگەرگومانی ببردایە مەلایەکی شیعە یان سوننە لەناو خەڵکدا رێزی هەیەو ملکەچ و ئەندامی بەعس نیە ئەوا بە "کن فیکون"ێك لەناوئەبرا.

هاتوهاواری بەعس سەبارەت بەدیموکراسیەتو عەلمانیەتو ئازادی گوێی ئاسمانی کەڕکردبو، بەڵام دەیان کەس لە کۆمیتەی هەرێمایەتی و سەرکردایەتی بەعسو هاورێ کۆنەکانی سەدام، لەسەر بچوکترین نارەزایەتی لەناومەنجەڵی ئەسیددا توانەوەو هەزاران تێکۆشەری کوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوری، لەسەر کەمترین خواستو جوڵەی دیموکراتیك فەوتێنران.

بەم شێوەیە روندەبێتەوەکە ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزموئیسلامیزم یەکێك لەخەسڵەتە هەرە سەرەکیەکانی حکومەتی بەعس لەعیراقدا

پێکدەهێنێ و بناغەی ئەودەزگا توتالیارە لێك دەداتەوە کە بۆماوەی زیاتر لە٣٥ساڵ درێژەی کێشا.

هەڵبەت دەکرێ چەمکەکانی "حکومەتی فاشستی"و "سیستمی سیکۆلار" (عەلمانی) بۆبەرچاوروونی زیاتریان قسە لەسەر بکرێو لێکبدرێنەوە، لانیکەم تا بتوانرێ"دیالۆگ"ی نێوان سیکۆلاریستە واقیعیەکانو ئیسلامیە راستینەکان دەوڵەمەندتربێ.

باسەرەتا لە "حکومەتی فاشستی"یەوە دەست پێ بکەین کەبەندە پێی وایە بەعس سەرجەم خەسڵەتو سیماکانی هەڵگرتون.

موسولینی دەلی:"ئێمەی فاشیست خاوەنی دیدگایەکی ریکوپیك نین، چونکە دیدگای ئێمە بریتیە لە کردەوە" (٢)

بەعسیش بەهەمان شێوەی حزبەکەی موسولینی، جگە لە ئاینی ئیسلام، خۆی لەدیدگاو ئایدیۆلۆژیەکانی تر بە بەرزتر دەبینیو پێیوابو تێروانینو پرەنسیپ بەهەر مەعنایەك (چ لیبرالیو دیموکراسی یاخود سۆسیالیستی)دەستو قاچی دەبەستێوناچاری دەکات لەجوغزێکی دیاریکراودا چالاکی بنوێنێو ناهێڵێ"کردەوە"ی بەدەر لەئوسوڵو بەرنامە پراکتیزە بکات، ئەوەش لەگەڵ عەنتەریاتی توتالیتاریو فاشیستی دا نەدەگونجاو لەحاڵیکی وادا باشترین ڕێچکە بۆهەڵاتن لە "یەك" پرەنسیپی دیاریکراو، ئاوێتەکردنو تێکهەڵشیلانی ژمارەیەك لە باوەرە کۆنو تازەکانی مرۆڤ بو بۆ سەرشێواندن لە ئینسانەکان، وە تاقیکردنەوەی ئەم باوەرە خومالی و دەرەکیانە بو وەك دەرمانێکی سڕکەری بەهێزو کاریگەر لە سەر خەلك.



هیتلەر رای خۆی لەم بارەیەوە چاکتر دەربڕیوە: "ماکی بەرنامەی ناسیۆنال سوشیالیزم بریتیە لەکۆتاییهێنان بەچەمکەکانی تاکگەرایی لیبراڵیو مرۆڤگەرایی ماکسیستیو پڕکردنەوەی شوێنی ئەوانە بە "کۆمەڵگایەکی خەڵکی" کە رەگی لەخاکدا بێتو یەکبونیشی لەسەر بناغەی هاوخوێنی بێت"(٣)

ئارام رووخۆش دەیەوێت دەوڵەتی سیکۆلار کە ئیمە داکۆکی لیدەکەین وەك حکومەتەکانی سەددامو هیتلەرو موسولینی بەخوێنەر بفرۆشێو بەلیستەکردنی لایەنە"باش"و"خراپ"ەکانی چەند نمونەیەکی مێژووییو باسکردنیان بەنائەمینی، ئەم بیرۆکەیە لای خوینەری نەشارەزا بخەملێنێ: هەروەك چۆن ئەونمونانە لایەنی باشو خراپیان هەبوە (بەشیکردنەوەی خۆی)ئەوا حکومەتە ئیسلامیەکانی سەردەمی ئەمەویو عەبباسیش هەڵگری خێروچاکەبوون، . . . ئەم هەوڵەش تەنها بۆئەوەیە بڵێ"سیکۆلاریزم لەحکومەتی سەددامدا بەرجەستە بوە و ئیسلام لە بەعس بیبەریە"...

لەکاتێکدا ئەگەر ئارام لەم وتەیەی خوارەوەی موسولینی وردبێتەوە، بەبەڵگەی حاشاهەڵنەگر بۆی ساغ دەبێتەوە تاچ رادەیەك نەریتی فاشیزم لەگەڵ نەریتی دیموکراسیو پلورالیزمدا ناکوکە، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوحەقیقەتە هەرە بناغەییەی کە "سیکۆلاریزم" لەسەرکۆڵەکەی دیموکراسیوئازادی تاك بنیاتنراوە.

دەقی قسەکەی موسولینی بەم جۆرەیە:"ئەگەردیموکراتەکانی جیهان دەیانەوێ بزانن بەرنامەی ئێمە چیە، پێیان بڵێین کەبەرنامەی ئێمە وردوخاشکردنی ئێسقانی دیموکراتەکانی جیهان ە" (٤)

ئێستا، پێش ئەوەی دوایین قسەمان سەبارەت بە"سیکۆلاریزم" بەکاک ئارام روخۆش بڵێین، ئەو خەسڵەتانەی بەلای"رینهاردکۆنل"ی ئەلمانیەوە سیستمی فاشیستی دەناسێنن و دەبنە جیاکەرەوەی لە چەشنەکانی تری رژێمە سیاسیەکان باس دەکەین، لەهەمان کاتدا هەقمانە لەم برایە بپرسین بەچ لۆجیکێک دەیەوێت حکومەتی سەدام بە"سیکۆلار" لەقەلەم بدات کاتێک سەرجەم ئەوخەسڵەتانەی کۆنێل لە ١٩٧١دا دیاری کردون(وەک لەخوارەوە دەیبینین) دەقاودەق لەحیزب و حکومەتەکەی بەعس و سەددام دا رەنگیان دابووە؟

کۆنل نوسیویە:

"لەئایدۆلۆژی فاشیزمدا شەش جومگەی سەرەکیی هەن کە هەریەکەیان خاوەنی میکانیزمیکی بەوردی دیاریکراوە. بۆحاڵیبون لەتایبەتمەندی و ئەندازەی کاریگەری ئایدۆلۆژی فاشیزم، دەبێ ئەم شەش توخمە لەپەیوەند لەگەڵ یەکدیدا سەرنج بدرێن و شرۆڤە بکرێن:

١-ئایدیۆلۆژی"تاقە میللەت"، وە لەپەیوەند لەگەڵ ئەودا ناسیۆنالیزم،

٢-ئایدیۆلۆژی"دەسەڵات" کە سەرەنجام دەگاتە پرەنسیپی "سەرۆک"،



٣-ئایدیۆلۆژی پاراستنی موڵکایەتی تایبەتی کە لەسەربناغەیەکی ئەنتی کۆمونیستی دارێژراوە،

٤-هەندێک لەتوخمەکانی دژە سەرمایەداری کە ئاراستەی سەرمایەی گەورەن، بەڵام لەواقیعدا بەهۆی هەندێ توخمی تری ئایدیۆلۆژی فاشیزمەوە (بەتایبەت ئایدیۆلۆژی مڵکایەتی تایبەتی) لەباری سیاسیەوە بەتەواوی هەموار دەکرێنەوە،

٥-فەلسەفەی "قۆچی قوربانی"کە هەمیشە پاساوێکی قابیلی قبوڵ بۆ سەرجەم گرفتەکانی دنیا پەیدا ئەکات و، بابەتی وا دەداتە دەست خەڵک کە خەفەت و زوخاوەکانیان بێ کەمترین مەترسی لەسەری قوربانیەکاندا بەتاڵ بکەنەوە(بۆ نمونە کوشتنی جوەکان و قەرەجەکان لەئەڵمانیای هیتلەری دا ب.د)،

٦-عەسکەرتاریەت کە جەماوەری خەڵک لەباری ئایدۆلۆژیەوە ئامادەی شەڕ ئەکات." (٥)

رەنگە پێویست نەکات دوای گواستنەوەی ئەوفاکتە تیۆری ومێژووییەی سەرەوە زیاتر درێژەی بدەینێ. هێندە بەسە بۆ قەناعەت پێهێنانی ئارام روخۆش بلێین: گەر ئەو پێی وایە بەعس حکومەتێکی سیکۆلار بوە (بێگومان ئارام لەهەمان کاتدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یش بە سیکۆلار دەزانێ و ئەمەی لەنامەکەیدا راگەیاندوە)، هەروەک لەپەرەگرافی دووەمی نامەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەوا بەهەڵەداچوە، چونکە هەروەک چۆن حکومەتی فاشستی پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، حکومەت وسیستمی سیکۆلاریش هەڵگری

ناسنامەی تایبەتەو داوای لی دەکەین لەگەڵ ئێمەدا سەرنجێك لەم پێناسەیەی"قاموسی ئۆکسفۆردی سیاسی"بدات تا لەمەودوا بەویژدانێکی خاوێنترەوە بڕیارەکانی دەربکات.

"سیکۆلاراندن: جیاکردنەوەی دەوڵەت یاخود هەر دەسەڵاتێکی تر لەدامەزراوە ئاینیەکان"(٦)

خۆش ئەوەیە قاموسی ناوبراو نەك حکومەتی بەعس بە سیکۆلار نازانێ و دوای رێچکەی بریاردانی ئارام روخۆش ناکەوێ لەوەدا کە هەرحکومەتێك ئیدیعای هەڵگرتنی دروشمێکی کرد پاساوی بۆبدات، بەڵکو تەنانەت حکومەتی بەریتانیای مەزنیش لەریزی حکومەتە سیکۆلارەکاندا حیساب نەکات! قاموسی ناوبراودەنوسێ:

"لەمەملەکەتی یەکگرتودا سیکۆلاریزم کامڵ نیە. لەئینگلستان کڵێسای ئینگلستان دامەزراوەو هەندێك لەئەسقەفەکانی لەئەنجومەنی لۆردەکاندا جێیان گرتوە، بڕیارە ناوخۆیەکانی لەلایەن پەرلەمانەوە پیاچونەوەیان لەسەردەکرێو، داهاتی ماڵی کڵێسایش لەلایەن دەستەی سەرپەرشتیاری کڵێساوە بەڕێوە دەبرێ‌کە سەرەك وەزیران یش تێیدا ئەندامە، مەلیکە سەرۆکی کڵێسای ئینگلیستانەو. ."(٧)

"دیالۆك" ی ئارام روخۆش بۆ دانانی حکومەتی بەعس بە سیکۆلارو داکۆکیکردن لەفەسادی رێبەرە سیاسیو ئاینیەکانی رابوردوی خەلافەتی ئیسلام و لکاندنی ناسنامەی بەعس بەحیزبە سیکۆلارەکانی کوردستانەوە بەپێی ئەم هاوکێشەیە:

حیزبی بەعس= سیکۆلار



یەکێتی نیشتیمانی= سیکۆلار

کەواتە یەکیتی نیشتیمانی = حیزبی بەعس!

دەریدەخات کە پشتگویخستنی ئەم جۆرە"دیالۆگ" ە لەبنچینەوە زیاتر لەبەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکدایە چونکە نەك هیچ چەمك‌و شیکردنەوەیەکی نوێ ناهێنێتە ئاراوەو گفتوگۆیەکی دەوڵەمەند ناخوڵقێنێ، بەڵکو ئاستی متمانەو رێزلێنانی ئەدەبیش بەرەوکەمتر ئەبات، هۆکاری سەرەکی ئەوەش لەوەدایە کە لایەنێك بڕیاری داوە لەبناغەوە هەرچی سەنگەری بەرامبەری بڕوای پێی هەبێ "تیرۆر" ی بکات ورەتی بکاتەوەو بە ئیلحادی بزانێ.

(٢)

## "دیالۆگ" لەسەر ڕیتمی فەلوجە!

ئارام نوسیویەتی "ئەگەر بەعس حیزبێکی عەلمانی سۆشیالست نەبوایە شیوعیەکان لەگەڵیا نەئەچونە ناو بەرەوە"

هەروەها دەڵێ "هەموان عەلمانی بوونی یەکێتی دەزانن ".

لێکدانەوەی چەوتی ئارام سەبارەت بەعەلمانی بونی بەعسو یەکێتی بەرەو هەڵدێریکی تری ئەبات کەبریتیە لەپیکگرتنی سیفاتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی لەگەڵ رەفتاری سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دا. نوسیویە "هەندێ لەوسیفەتانەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی لەیەکێتی نیشتمانیدا هەیە . . . چونکە لەوکاتەوەی یەکێتی یەکیتیە تەنیا جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی یەتی کە ئەویش یەکێکە لەسیفەتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی"

کەلەپورو کلتوری کەسانێك خۆیان لەناخی دلدا بروایان بەسیستمی خەلافەت هەبێ، بتەوێ نەتەوێ، جگەلە تیرۆری فیکری و سەرکوتی ئایدۆلۆژی شتێکی تری لێ شین نابێت.

سادەترین ڕاستی لەم کێشەیەدا ئەوەیە کە دەبوا ئارام بیزانیبایە مام جەلال لەلایەن کۆنگرەی حیزبی یەوە بەدەنگدانی زۆربەی ئەندامان بۆتە



سکرتێری گشتی، لەو روانگیەشەوە ئەگەر مام جەلال چەندین جاری تریش لەلایەن کۆنگرەی حیزبو ئەندامانەوە هەڵبژێرێت ئەوا نەك نەریتی خەلیفەکانی ئیسلام پەیرەوی نەکراوە بەڵکو نەریتی دیموکراسیەتو ئازادی پەیرەوی کراوە کە هەڵگرانی بیروباوەری چەوتی خەلافەتخوازی چاویان پێدا هەڵنایەتو لەگەڵ دامودەزگای بەعسو سەدام پێکی دەشوبهێنن.

دەڵێ: "هەموان عەلمانیبونی یەکێتی دەزانن".

ئارام عەلمانی بونی یەکێتی بەعەیبە دەزانێ و پێی وایە دەبوا یەکێتی عەلمانی نەبێت.

گلەیی گەورەی ئەو لە مەلابەختیار ئەوە کە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رەخنەی لەکلتوری خەلیفەکانی ئیسلام گرتوەو بە نادادپەروەری لەقەڵەمداون. لەمبارەیەوە زۆربە سەخڵەتی دەنوسێ:

"بەراستی بۆچونێکی زۆر ناحەزانەبوو بەرامبەر بەئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە . . . هەرگیز چاوەروانیم نەدەکرد. . . ئاوەها هەستی بەشی زۆری گەلەکەی بریندار بکاتو بەوڕق و قینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بدوێ"

بەداخەوە مێشك و دڵی ئارام رقو قین هێلانەی تیاکردووە دەنا رەخنەگرتن لەخەلیفەکانی ئیسلام و مێژوی ئیسلام ئەرکێکی ئینسانیو پێشکەوتنخوازانەیە ئەگەر تەنانەت ئەرکێکی ئیسلامی ش نەبێت!!

راستە رەفتاری ناڕەواو ناکۆك لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا لەناو یەکێتیو حکومەتدا هەیە وگەندەڵی ئیداریو سیاسی گرفتی گەورەی

ناونەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆڕیشەکێش کردنی فەسادوو فڕێدانی بۆ دەرەوەی دەزگاکانی حزب و حکومەت.
راستە کەموکوڕی و گرفت هەن بەڵام کۆمەلانی خەڵك وەك سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلام نەتۆقیون، وە ئەوەی بیانەوێت دەیڵێن و دەری دەبڕن.

جگە لەوانەش، بەچ هەقێك کەسیکی خاوەن ئایدیۆلۆژی وەك ئارام رووخۆش ریگا بە خۆی دەدات لە پەنای ئیسلامی سیاسیدا یەکیتی و سیکولاریزم بەدناو بکات و بە ناوی "زۆربەی خەلکی کوردستان "ەوە قسە بکات؟

ئیسلام" ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە" ئەمەڕاستە. بەڵام ئەوەش راستە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئیسلامیان بۆسیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی ناوێ و نایانەوێ ئاینەکەیان تێکەڵ بەگێروگرفتێك بکەن کە لەبنچینەدا بۆی ناشێت. زۆرینەی خەڵك نایانەوێ (وەك لەهەڵبژادنەکانیشدا ساغ بۆوە) پیرۆزی ئاینەکەیان تێکەڵ بەکێشمەکیشی دەسەڵات و سیاسەت و دیاردەئاڵۆزو پڕگرفتەکانی دنیای نوێ بکەن و بیروباوەڕەکەیان بۆ سەردەمێك بەکاربهێنن کە زۆرجیاوازە لەو سەردەمەی ئەم ئاینە تیایدا سەری هەڵداوەو خەملیوەو پەلی هاویشتوە.

"زۆرینەی خەڵکی کوردستان" باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام وەك ئاینیکی پیرۆزو"ئاسمانی" پتەوو قایمە، بەڵام کەمایەتێکی ئێجگار



نەبینراو لەم خەڵکە، خوازیاری ئەوەن ئایینی ئیسلام بکەنە "سیاسەت"و بۆئامانجە "زەمینی"یەکانی خۆیان وەگەڕی بخەن.

وتاردان بەناوی "زۆربەی خەڵکی کوردستان" ەوە، بەتایبەت کاتێك باس لەسەر "دەسەڵاتی ئاین"و "ئایینی دەسەڵات" و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بێت بە مێژووەوە، کارێکی ئاسان و ساکارنیەو ناشێ بەبەهانەی داکۆکیکردن لە "ئایینی زۆربەی خەڵکی کوردستان"، سیکۆلاریزم و دیموکراسیەت کە بونەتە ڕێرەوی ژیانی زۆربەی خەڵکی جیهان و بەسودبونیان ئیسپات بوە، رەتبکرینەوەو لەپەناوە بەرچاوی خەڵك بخرێن.

ئەگەرکەموکوڕی لەسیستمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەیە (کە بیگومان هەیە ) ئەوە خەوشی پرەنسیپی سیکۆلاریزم نیە کە چوارچێوەکەی بۆهەموان ڕوونە، بەڵکو خەوشی ئەو مرۆڤانەیە کە ویست و خواستیان هێندە نیە بتوانن پڕەنسیپە جیهانیەکان لەکاتوساتی خۆیدا سەقامگیر بکەن و لەبەرژەوەندی "زۆربەی خەڵکی کوردستان"دا کاری پێ بکەن.

"دیالۆگ" کارێکی ئێجگار بەسودە لەنێوان خەڵکانی رۆشنبیرو هەڵگرانی باوەڕی جیاواز و دیدگای جیاوازدا، بەڵام ئەم "دیالۆگ"ە سودبەخشی خۆی لەدەست ئەدات کاتێك لایەنێك بیەوێت "هێز" بەکاربهێنێ و بەناوی "زۆربە"وە قسە بکات و ئەوئاماژەیە بدات گوایە رای ئەو ڕای زۆربەیە.

بنج‌وبناغەی دیالۆگی سیاسی‌و فیکری لەوەدا پوختە دەبێتەوە کە جەمسەرەکانی "دیالۆگ" قەناعەتی تەواویان بەوە هەبێت کە وەك "تاقەکەس" گفتوگۆبکەن‌و ئاماژەیان بە"رای زۆربە" تەنیا لەپەڕاوێزدا بێتە بەرباس‌و وەك بەلگەیەکی ناسەرەکی حسابی بۆ بکرێت، گەر وانەبوایە نە لەئاستی میژووی مرۆڤایەتیدا کەسێك لە ترسی "رای زۆربە" هەڵدەکەوت‌و جورئەتی داهێنانی دەبوو وەنە لەمێژووی هاوچەرخیشدا دەکرا مەسەلە سیاسی‌و فیکریەکان پێش بکەون‌و یەکلایی ببنەوە.

تیروری ئینسانەکان‌و باوەڕەکانیان تەنێ لەتەقاندنی گوللەو فەوتاندنی جەستەی بەرامبەردا دەرناکەوێ، بەڵکولە شەرعیەت سەندنەوەو بەناهەقدانانی ئەوباوەرانەشدا بەرجەستەدەبێ کە مرۆڤەکان (چ وەك تاك‌و چ وەك حزب وتاقم) هەڵیان گرتون‌و، بە لای خۆیانەوە، لەپێناوی سەندنی "هەق"دا خەباتیان پیکردوون.

دیموکراتیزم‌و ئازادیخوازی و داکۆکیکردن لەپرەنسیپی پلورالیزم، وە "جیاکردنەوەی ئاین لەدەولەت" دەیانساڵ رێبازو ئاواتی مرۆڤگەلێکی بێشوماری خەڵکی کوردستان بووەو پرۆسیسی چەسپاندنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانیش تەنها لە دەسەلاتیکەوە دەتوانێ رێچکە بگرێ کە باوەڕی بەجیاوازی باوەڕو فرەیی‌و ئازادی تاك هەبیت، نەك لەقەناعەتێکەوە هەرلەسەرەتاوە بڕیاری دابێت ئەوەی ئاین نەیسەلمێنیت رەوا نیە.



هەرچی چۆنێك بێت، هاتنی هەڵگرانی باوەری ئیسلامی سیاسی بۆناو کایەی دیالۆگ، دیاردەیەکی بەسودە بۆمیللەت. بەڵام پێشرەوی لەم دیالۆگەدا ئەومەرجەی دەوێ لانیکەم تائەو ئەندازەیە راستگۆیی هەبێ‌کە جیاوازی دابنرێت لەنێوان حزبێکی فاشیستیدا کە بەئاشکرا ئیلهامی لەئیسلام وەرگرتوەو پارتێك کە زۆربەی نیشانەکانی سیکۆلاریزمی لەخۆیدا بەرجەستە کردووەو بەردەوام لە هەولی ئەوەدایە خۆی لە دنیای شارستانیەتی پیشکەوتو نزیك بکاتەوەو ئازادی و سەربەستی و بەختەوەری بۆ هەموان دەستەبەر بکات.

( ٣ )

## فەساد: ئێمە وئەوان

نەبوونی راسگۆیی لای ئارام سەبارەت بەپێکگرتنی یەکێتی و بەعس، ناچارمان دەکات لەکایەیەکی گرینگی تریش دا کە کایەی گەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلامە، بەخێرایی جێی نەهێڵین و بێینەوەسەری.

هۆکاری بنچینەیی ئەم بەدواداچونەش لەوەوە دێت کە "رەخنەگر"ی حکومەتی عەلمانی پێی وایە گەندەڵی ناو حکومەت و حزب وەك گەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلام وایە و لەشوێنك دا دەڵی: "هەندێ لەوسیفەتانەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی لەیەکێتی نیشتیمانی دا هەیە".

بێگومان گفتوگۆی سیاسی کارێکی بەسودە، بەسودبونی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسیش لەوکاتەدا زۆرتر بەرجەستە دەبێ کە لەرێگاو"تونێل"ی موناقەشەکانەوە خەوش و کەموکوریەکانی کۆمەڵگا وەدیار بکەون و بەشێوازێکی واقیعی هەڵبسەنگێنرێن و لەئاکام دا . ئەوەش کرۆکی مەسەلەکەیە . چارەسەریان بۆ وەدۆزرێ و لەجەستەی نەخۆشی کۆمەڵی ئینسانەکان بتەکێنرێن و رێگای هاتنەوە مەیدانیان ببەسترێت.



"گەندەڵی" نەخۆشی یەکی مەترسیدارەو ئارام روخۆش کردویەتە بەهانە بۆپەلاماردانێکی هێمنانەو زیرەکانە بۆسەر کادرو پێکهاتەی ی.ن.ك .

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئارام روخۆش و هاوریکانی لەسەرەتاوە بیزانن ئەوەیە کە ئیتر رۆژگاری "رەگەزپەرستی حزبی" بەسەرچوەو زەحمەتە لەناو دنیای پێشکەوتووی سیاسەت و حزبە بەراستی عەلمانیەکاندا کەسانێك بدۆزیتەوە نانت بەقەرز بدەنێ تاکو رۆژی دواتر نانەکەیان بۆ بگێرێتەوە!. . ئەگەر لەناو حزب و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی هەیە، دەبێ دانی پیدابنرێت و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن و چارەسەربکرێن ... دەنا بێدەنگبوونی هەمووان لەعاست کەموکورِیە گەورەو بچوکەکاندا وا دەکات نەخۆشیەکان قورستربن و لەچارەنەیەن.

جگە لەوەش، دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکی شاراوە نییە، "روخۆشەکان" ئاماژەی پێ بدەن یان نا رێبەری ی.ن.ك بەو پەڕی راشکاوی و جدیەتەوە قسەی لیکردوەو لییدەکۆڵیتەوە.

هەڤاڵ مام جەلال چەندین جار بە رەسمی لەدەزگا حزبیەکانەوە رایگەیاندوە کە دەبی"گەندەڵی" بنەبڕبکرێ و تەنانەت وای کرد ئەم خواستە . کەخواستی هەموو خەڵکە . وەك بریارێك بدرێت بەسەرجەم دەزگا حزبی و حکومیەکان. بەهەمان شێوە کاك نەوشیروان مستەفا لەوتارێك دا کە بلاوکراوەی "سلێمانی نوێ" (ژ ١١٧ ) بلاوی کردەوە، بەئاشکرا پەردەی لەسەر دیاردەکە هەڵماڵی و بۆ هەمووانی روونکردەوە

"شەڕ دژی گەندەڵی" کاتی دەستپێکردنی هاتووەو بەبەڵگەوە چەندین راستی سەبارەت بە هەبونی گەندەڵی لە سیستمی بەرێوەبردنی وڵاتدا راگەیاند.

کاریگەری‌و بایەخی بڕیارو بۆچونی هەڤاڵانی رێبەری ی. ن. ك لەهەرئاستێکدا بێت‌و ئەندازەی پراتیك بوونی تێروانینەکان لەهەر کوێیەکدا وەستابێتەوە، راستییەك روونە: ی. ن. ك نەخۆشیەکە ئەبینێ‌و دەیەوێت چارەسەری بکات، درەنگکەوتن لەپەلاماردانی رەگەکانی گەندەڵی‌و هەڵتەکاندنی شورەی دزینی ماڵی خەڵك، تەنیا مەسەلەی کاتەو ئەمرۆ بێت یان سبەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەك پارتێکی سیکۆلارو سۆشیال دیموکرات ناچارەو دەبێ روبەرووی ببێتەوەو چارەی بکات.

کەواتە ئێمە نامانەوێ هەڵگرانی بیرو باوەری ئیسلامی سیاسی یان هەر بیروباوەرێکی تر، لەسونگەی بێدەنگ بونیان لەکەموکوڕیەکانی حزب‌و حکومەت، وا تێبگەن ئێمە چاوەڕێین نانمان بدەنێ تا بەقەرز بۆیان بگێڕینەوە! حزبی راستگۆ خوازیاری ئەوەیە هەموو راستیە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان بەوپەڕی روون‌و ئاشکراییەوە بێنە بەر باس‌و گفتوگۆیان لەسەربکرێ . . پرەنسیپی حزبی سیکۆلار خزمەتکردنی کۆمەڵگاو بەدەنگەوە چونی کێشەو گرفتەکانی ئەو مرۆڤانەیە کە ئەم پارتە بەڵێنی داوە کارەکانیان رێك بخات‌و گرێکوێرەکان بکاتەوە.

"گەندەڵی" کە بەشێك لەشارەزایان پێیان وایە بریتیە لە "کەڵك وەرگرتنی نایاسایی لەموڵکی گشتی بۆبەرژەوەندی تایبەتی"



لەدێرزەمانەوە هەبوەو تائێستاش لەزۆر شوێنی دنیادا نەتوانراوە بەتەواوی بنبڕبکرێت‌و بفەوتێنرێت.

تائەو جێگایەی پێوەندی بەکوردستانەوە هەیە، نەریتی فەسادو کەڵکوەرگرتن لەموڵکی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، دەگونجێ لەبناغەوە لەو گەندەڵیەوە سەرچاوەی گرتبێ کەخەلیفەکانی ئیسلام لە هەردوو سەردەمی ئەمەوی‌و عەباسی یەوە رەواجیان پێداو سولتانەکانی عوسمانیش بۆ سەدان سال کردیانە سیاسەت و پیشە بۆ بەریوەبردنی ئیمپراتۆری، سیاسەتیك کە ناکری درێژبونەوەی کاریگەریەکەی بۆ سەرجەم مێژووی عیراق‌و ناوچەکە ئینکاربکرێت‌و وەك جۆگەیەك لەجۆگە هەرە سەرەکیەکانی گەندەڵی لەبەرچاو نەگیرێت.

هەڵبەت گەندەڵی گەندەڵی یە، چ کۆن‌و چ تازە، چ وەك نەریتی ئەمەوی‌و عەباسی و عوسمانی یاخود وەك داهێنانی نوێکراوەی لێپرسراوانی حزب‌و حکومەت، دیاردەیەکی ناپەسەندو خراپترین کاریگەری دەخاتە سەر رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سایکۆلۆژی کۆمەڵگا: هەر لەو روەوە ئاشکرایە کاتێك "گەندەڵی" وەك دیاردەیەکی سیاسی و مێژویی باس دەکریتەوە، دەبێ بەوپەری جدیەوە بەرامبەری بوەستین‌و رەهەندەکانی روون بکەینەوەو رێگاکانی بنبڕکردنی وەدۆزین.

من لێرە بەدواوە چەند نمونەیەك لەگەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلام کە لەکتێبی "دوای هەزارو چوارسەد ساڵ"ی دکتۆر شوجاعەدینی شەفا دا نوسراون دەکەمەوە کوردی. کتێبی ناوبراو شكوگومان لە

رەسەنایەتیدا نیە چونکە راستەوخۆ لەسەرچاوە ئەسلیەکانی مێژووی ئیسلامەوە وەریگرتونو بەوردی سەرچاوەکانی دەسنیشانکردوون، شایانی باسە بزانین ئیستا د. شوجاعەدین بە نوسەریکی بیوینە دەژمێرێت لەئاستی "ئیسلامناسی" داو کتیبی یەکەمی دەربارەی ئیسلام و ئیران بە ناویشانی "لەدایك بونەوەیەکی تر "، لەماوەی چەند سالی رابوردودا لە ئەورپاو ئەمریکا چەند جاریك چاپ کرایەوەو لەناوخۆی ئیرانیش زیاترلە ١٠٠ هەزار نوسخەی لێ فرۆشراوە.

دوابەدوای دیتنی رەفتاری هەندێك لەخەلیفەکانی ئیسلام وەك نەریتکی دزێو، کاك ئارام رووخۆش سەرپشکە لەوەی پێکگرتن بکات لەنیوان گەندەلی "ئەمرۆ" و گەندەڵی "ئەوسا"دا، بیئەوەی ئێمەمانان چاوەڕێ بین لەمەسەلە سیاسیو چارەنووسیەکاندا کەمترین خاترو خوایشت بێتە ئاراوەو برایانی سەر بە رەوتی " عەدالەتی ئیسلامی " پییان وابی ئیمەش پاریزەرو داکۆکیکەری فەسادی سەردەمی خۆمانین و ئەممان لا جوانترە!

**بفەرموون لەگەڵ چەند نموونەیەك:**

** "هیشام بن عبدوالمەلیك ی خەلیفەی ئەمەوی، ١٢/٠٠٠ جلو بەرگی ئاوریشمی پرلە نەخشو نیگارو ١٠/٠٠٠ دۆخینی ئاوریشمی دەرپی ی لەسندوقخانەی تایبەتی خۆیدا هەبوو کە هەر کاتێك دەرچوە سەفەر، حەوسەت حوشتر باریان دەکردنو دەیان گوازتنەوە. دوای مردنی المکتفی باللە ی خەلیفەی عەباسیش، جلوبەرگی لەم چەشنە لەماڵەکەیدا بینرا: ٤٠ هەزار جلی بڕاوو دوراو، ٦٣ هەزار شەلواری تایبەتی خوراسانی، ١٣ هەزار دەستاری مەروی، ١٨ هەزار شاڵی کرمانی، هەزارو هەشسەد پانتۆڵی بەزیر دوراوی یەمەنی".

لیستەی دارایی هەمان خەلیفە بیجگە لەجلو بەرگ بەم جۆرە بوو: پارەی نەختینە ١٠ ملیۆن دینار، قاپو قاچاغی ئالتونو زیو ١٠ ملیۆن دینار، فەرشو قاڵیچە ٢٠ ملیۆن دینار، قەنەفەو چەك ١٠ ملۆن دینار، غولامو کەنیز ١٠ ملیۆن دینار، ملْكو باغو کێڵگە ٢٠ ملیۆن دینار، خشلی گرانبەها ٢٠ ملیۆن دینار، کۆی هەمووی ١٠٠ ملیون دینار " (ل٦٠٤ ی کتیبی: پس از ١٤٠٠ سال، جلد اول، د. شجاع الدين شفا، نشر فرزاد)

** " پاش مردنی "مەنسوور" ی خەلیفەی عەباسی. ٦٠٠ ملیۆن درهەمو ١٤ ملیۆن دینار کە ئەویش یەکسان بوو لەگەڵ ٢٠٠ ملیۆن درهەم، لەدوای بەجێ ما. دەلێن ئەو لەکاتی مردندا بە مەهدی کوری وت: هێندەم سامان بۆ بەجێ هێشتووی کە بەشی دەساڵی تەواوی خۆتو حکومەتەکەت دەکات. هەمان ئەم مەنسورە لەماوەی یەك رۆژدا ٢٠ کرۆر (١٠ ملیۆن) درهەمی لەنێوان خزمو نزیکەکانیدا بەخشیبووە"(ل٦٠٤و ٦٠٥)

** " هارونەرەشید، زیاتر لە ٩٠٠ ملیۆن درهەمی لەپاش بەجێ ما کە بەشێك لەو پارەیە سامانی سەندراوی خەیزرانی دایکی بوو کە لەکاتی شووکردن بە باوکی هاروندا فلسێکی نەبوو بەڵام لەکاتی مردندا هێندەی ملْكو ماڵ جێهێشت کە داهاتی ساڵانەیان دەگەیشتە ١٦٠ ملیۆن درهەم"(ل٦٠٥)

** " مێژوونووسان باس لە لەچکەی زێرداری خوشکی هارونە رەشیدو پێڵاوە ئاڵتوندارەکانی زبیدە ی هاوسەری هارون دەکەن کە هەندێ جار لەمەسرەفی وڵاتێکی تێپەراندوە "(ل٦٠٦)

** "مەراسمی زەماوەندی خەلیفە مەئمون لەگەڵ "پوران"ی کچی حەسەنی بن سەهل، بەشکۆترین و بێگومان پڕخەرجترین زەماوەندی مێژووی ئیسلام بوو. چونکە ئەم مەراسیمە، چل شەوو چل رۆژ لەسەریەك و یەك ساڵ بەشێوەیەکی گشتی درێژەی هەبوو، وە لە سەرتاسەری مانگی یەکەمدا، هەموو خەڵکی بەغدا بۆ نانخواردن میوانی خەلیفە بوون. ژمارەی خواردنە جیاوازەکان کە لەلایەن هەزاران چیشتلینەرەوە ئامادەکران بە رادەیەك زۆربو کە وەك دەگێرنەوە" هیچ خواردنیك دو جار نەهاتۆتە سەر سفرە"، زۆربەی مێژونوسان لە بارەی ئەم مەراسیمەوە بە درێژی دواون لەوانە تەبەری و ئیبن ئەسیر و مەسعودی. بە وتەی کتێبی "عقدالفرید" "لەم مەراسیمەدا لە میسك و زەعفەران دەنکی گەورەیان دروست کردبون کە لە ناویدا ناوی ملك و غولام و کەنیزەیان تیا نوسرابو تا لە کاتی هەلدان بە سەر خەلکەکەدا هەر کەسیك هەلی گرتەوە ببیت بە هی خۆی"

بە پیی قسەی ئیبن خەلدون لە "پیشەکی"دا سەبارەت بە هەمان زەماوەند: " رۆژی داوەت، هەر کام لە هەڤالانی مەئمون قەبالەی ملکیکی کامل (شەشدانگ) ی پیشکەشکرا کە خرابوە ناو زەرفیکی عەتراوی ئاویتە بە میسکی ختەن، وە هەر یەك لە کەسە نزیك و پلە دوەکان کیسەیەکی درایە کە١٠ هەزار سکەی ئاڵتونی تیدا بو، وە



هەرکام لە وابەستە پلە سیکان کیسەیەکی دە هەزار درهەمی زیوی بەرکەوت. خودی مەئمون لە شەوی زاوایەتیدا هەزار یاقوتی گەورەی وەك مارەیی دایە "پوران"..... لە ژیر پیی تازە بوك دا فەرشیکیان راخست کە تانوپۆکەی لە زیر چنرابو وە بە مرواری جوان کرابو، لە سەرتاسەری سالدا، ١٤٠ ئیستری بە هەیکەل رۆژی سی جار چیلکەو داریان دەبرد بۆ چیشتخانەکانی خەلافەت تا لە شەوی زاوایەتیدا هەمو پیکەوە بسوتینرین،.... میوانە بەرجەستەکانیان بە شەپۆلەکانی دیجلەدا بۆ شوینی میواندارییەکە پەراندەوە کە ژمارەیان لە ٣٠ هەزار کەسی تیپەراندبو".(ل٦٠٧و٦٠٨)

** "داهاتی دایکی محمد بن واسق (خەلیفەی نویەمی عەبباسی) سالانە ٢٠ کرۆر(=٢٠×١٠٠٠٠٠) دیناری ئالتون بو کە یەکسان بو لەگەل داهاتی خەیزران ی دایکی هارون، ئەمەش لە سەردەمیکدا بو کە داتەپینی خەلافەتی عەبباسی دەستی پیکردبو وە " بیت المال" ی موسلمانان دوچاری لەکەمدانیکی بەردەوام بو."(ل٦٠٨)

** "سەیدە موسای دایکی خەلیفە المقتدر، لە هەمو سەردەمی خەلافەتی کورەکەیدا، خەریکی فرۆشتنی پۆستە گرنگەکانی خەلافەت بو بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر."(ل٦٠٨)

** " المعتمدبالله ی خەلیفەی ئەندەلوس مەعشوقەیەکی هەبو ناوی ئیعتماد بو، رۆژیك ئیعتماد کۆمەڵێ ژنی لادێی بینی کەشیریان کردۆتە مەشکەوەو لەکۆڵانەکانی ئشبیلە (سویلا) دەیفرۆشن و بۆ ئەوەی قوراوی نەبن، داوێنی خۆیان هەڵکردبوو. ئیعتیماد ئەم دیمەنەی بەلاوە

جوان بو وه به المعتمدی وت ئەویش دەیەوێ دامێنی هەڵبکاتو شیر بفرۆشێ.

خەلیفە فرمانیدا لە کۆشکی سەڵتەنەت دا بە گولاوو میسكو کافور قور بگرنەوە و بەسەر زەوی دا بلاوی بکەنەوە، ئنجا وتی چەندین مەشکە بەدەسرازەی ئاوریشمی ئامادە بکەنو پڕیان کەن لەشیر. ئەودەمی ئیعتیماد لەگەڵ کەنیزەکانی خۆی مەشکەکانیان هەڵگرتو کراسەکانیان هەڵکردو وەك ژنانی لادێ دەستیان کردە شیرفرۆشی"(ل٦١١)

ئەوەی وترا قەترەیەك بو لە دەریای گەندەڵی ئەو سیستەمە سیاسیو کۆمەڵایەتی یەی ئارام روخۆشو کەسانێکی تر دەیانەوێ زیندوی بکەنەوەو وەك قەلای یەکسانی پێمان بناسێننەوە.

بەو ئومیدەی نمونە باسکراوەکان ببنە دەرس و پەند بۆ گشت ئەوانەی خوازیاری دەسەلاتی هەق و عەدالەتن، وە ببنە رینیشاندەریکی واقعی بۆ هەلبژاردنی ریبازیکی دروست و مرۆڤانە، بە تایبەت بۆ ئەو کەسە خاوینانەی لە روانگەی دلسۆزی یەوە دەیانەوی کۆمەلەکەیان پیشبخەن و ریچکەی هەندیك لە خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی، بە هەلە، وەك میراتیکی "خۆمالی" دەبینن و داکۆکی لیدەکەن.



پەراویزەکان

١)بروانە:

REPUBLIC OF FEAR
(THF POLITICS OF MODERN IRAQ)
KANAN MAKYA
UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS
1998, P198

٢)فاشیسم: مفر جامعه سرمایەداری از بحران
راینهارد کونل، ترجمه منوچهر فکری ارشاد
تهران، انتشارات توس،١٣٥٨ ل٥٧ و ٥٨

٣)سنت فاشیسم: جان وایس ، ترجمه عبدالمحمد یزدی
تهران،١٣٨٠ ل٣٩

٤) هەمان ل ١٤٦

٥)سەرچاوەی ٢ ل ٢٥ و ٢٦

٦)و (٧) OXFORD CONCISE
DICTIONARY OF POLITICS
IAIN Mc LEAN AND ALISTER Mc MILLAN

OXFORD UNIVERSITY PRESS 2003, P 4
81

## پاشەکشەیەکی عاقڵانە

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٦١٦ ) ٢٠٠٥/٣/٨**

پێشەکەوتنی دۆخی سیاسی عیراق بۆتە راستیەکی حاشاهەڵنەگر کە جگە لەتیرۆریستانو ناحەزانی ئازادیو دیموکراسی، هەمووان دەتوانن ببینینو لێی بەهرەمەند بن.

بەڵام گرنگتر لەپێشکەوتنی بارودۆخی سیاسی عیراق ئەوەیە کە ئەم پێشڕەوییو گەشەسەندنە لەئاستی "سیاسەت" بترازێو بچێتە سەر ئاستی کامڵبونو پێشکەوتنی کلتورییو فیکرییو لەم رەهەندە بایەخدارەشدا خۆی دەربخات چونکە . وەك دەزانین . ئەگەر پێشکەوتنی سیاسی (هەڵبژاردن، ئارامی سیاسی، پێشبڕکەی مۆدێرن..) هەماهەنگ نەبێت لەگەڵ پێشکەوتنو کامڵبونی فیکرییو کلتوریدا، مەزەندە هەیە پرۆسەی هەنگاونانی گەلانی عیراق روەو ئایندەیەکی گەشترلەهەر قوناغێکدا دووچاری گرفتو چەڵەمەببێتو ئەو خێراییە لەدەست بدات کە ئێستا بۆتە خەسڵەتو سیمای سەرەکی.



یەکێك لەو دیاردانەی دەیسەلمێنن کە سەرەتاکانی کامڵبونی فیکری لەناو نوخبەی سیاسی باشوردا خەریکی سەرهەڵدانە، وازهێنانی "شەریف عەلی بن حسێن"ە لەبیرۆکەی "گێڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بۆ عیراق".

( رۆژنامەی ئاسۆ ٢٠٠٥/٢/٢٤).

کاك شەریف عەلی بن حسێن کارێکی زۆر باشی کردووە کە وازی لە بیرۆکەی "پاشایەتی دەستوری" هێناوەو ئەم بڕیارەی . ئەگەر جیدی بێت . دەیسەلمێنێ کە ئەم پاشەکشەیە لەخزمەتی خۆیو کۆمەڵانی خەڵکی عیراق دایەو هێندەی کە بەڕواڵەت پاشگەزبونەوەیە لەقەناعەتێك کە ساڵەها لەمێشکی خۆیدا جێی بۆکردبوٚوە، لەواقیعدا پێشڕەوییە بەرەو حاڵیبوون لەدۆخی کراوەی عیراقوخواستی کۆماریخوازی هاووڵاتیانی عیراقی.

ئەوەی زیاتر ئەم هەنگاوە وەك دەستپێشکەریەکی ئازایانە دەنوێنێ، دەگمەنبوونی پاشەکشەو وازهێنانە لەلایەن ئەو سیاسەتکارو سیاسەتپیشانەوە کە بۆ ساڵەهای ساڵ لەسەر یەك ڕیتمی هەڵە رۆیشتون کە بۆ خۆیشیانو دەوروبەریشیان ساغبۆتەوە ڕێبازەکەیان "ڕێگا" نیەو کوێرەڕێیە، بەڵام بەکەللە رەقییەکی ناپلیونی یەوە بەردەوامن وئامادەی دەسبەرداربوون نین.

جگە لەوەش، خودی سیستمی پاشایەتیو "بنەماڵە" بۆتە دیاردەیەکی کۆنو بەسەرچوو، بەرادەیەك لەوڵاتی بەریتانیاش،

هەرچەند بە تەواوی لەقەفەزکراوە، جارجارە لەکاتی تەنگانەو هەستیاردا، باسی هەڵوەشاندنەوەو لابردنی دەکرێ.

کاتی خۆی (١٩٩٧) کە شازادە دایانەی هاوسەری شازادە چارلز ی جێنشین لەکارەساتێکی ئۆتومبیل لەشاری پاریس کۆچی دوایی کرد، لە بەر کۆمەلیك هۆ، رای گشتی خەڵکی بەریتانیا بەتوندی دژی مەلیکە و چارلز وەستابوونەوەو بەدەیان و سەدان وتارو ریپورتاژ لەسەر سیستمی پاشایەتی و جەنابی چارلز بلاوکرانەوە و بەرادەیەك ناوبراویان کردە گاڵتەجار ئەوسەری دیار نەبێ.

یەکێك لەرۆژنامە پرتیژەکانی لەندەن نووسیبووی "شازادە چارلز تەنها لەئەسپ سواریدا شارەزایە، بەلاّم لەویشدا لە دە جار نۆجاری سەرەنگرێ دەبێ!"

دیارە ئێمە نازانین دەستکێشانەوەی کاك شەریف عەلی بن حسێن لەسیستمی پاشایەتی تاچ رادەیەك لە "سەرەنگرێ" بوونی سیاسی دەیپارێزێو لە گۆرەپانی سیاسی عیراق دا جێگای بۆ دەکاتەوە، بەلاّم دەرکەوتنی سەرو کەللەی ناوبراو لەگەڵ لەشکری قەرەباڵغی ئەو سیاسەتکارە دەسەلاّتخوازانەی بەردەوام دێنە کوردستان و "راوێژ" دەکەن، هەرچەندە وەدرەنگیش کەوتبێ، دوو راستی ئەسەلمێنێ:

یەکەم: ئەو راستیەیە کە بێ رۆڵ و قورسایی کورد، "پایتەخت" ناتوانێ سەربەخۆ ببێتە سەنتەری بڕیارو یەکلاکەرەوەی دەسەلاّتی سیاسی عیراق،



دووەم: لەوەدایە گەر تەنانەت مرۆڤ بیەوێ ببێت بە "پاشا"ی عیراق، یان لەوەش باشتر، بیەوێ لەپاشایەتی وازبێنێ، دەبێ ئەم راستیە مژدەبەخشەی دواییان بەخەڵکی کوردستان و رابەرانی مێژوویی کورد بڵێ و بیسەلمێنێ کە بەڕاستی و لەدڵەوە وازی لەنیازی کۆن و بەسەرچووی "بنەماڵەخوازی" هێناوەو دەیەوێ لاپەرەیەکی نوێ بۆپەیوەندیەکانی بکاتەوەو لەکۆتایش دا(ئەمەش لەهەموی گرینگترە)خواستی خۆی بۆگرتنی کورسیەك لەکورسیەکانی دەسەلاّت پێشکەش بەرێبەری سیاسی عیراقی نوێ بکات و ئامادەبێ بۆبەشداربون لە سیستمی کۆماریدا.

## زانكۆی ئاینده:
## واوەتر لەداخستنی زانكۆ!

**ئاسۆ**

**ژمارە ( ٧٢ ) ٢٠٠٥/٤/٧**

زۆر كەس لەئەندێشمەندو خاوەن بیرەكانی دیموكراسیەت لەسەدەكانی ١٨و١٩ی ئەوروپادا سەبارەت بە "ئیستبدادی زۆربە" دواون. لەمەسەلەی سەپاندنی رای خوێندكارانی زانكۆی سلێمانیدا . بەهۆی خۆپیشاندانەوە . بەسەر راو بەرژەوەندی خوێندكارانی زانكۆی ئایندەدا، جگە لە "ئیستبدادی زۆربە" شتێكیتر بەبیری مندا نەهات.

وتیان زانكۆی ئاینده لەخۆرا دامەزراوەو مۆڵەتی نیە، دەركەوت وانیە، وتیان "ئاینده" خوێندكاران بێ بروانامە وەردەگرێو پرەنسیپی خوێندن رەچاو ناكات، دەركەوتو دەردەكەوێ گەر لیژنەیەكی وردبین لەمەسەلەكان بكۆڵێتەوە، "ئاینده" لەزانكۆی سلێمانی پڕكەمو كوڕی تر نابێت (والقیاس مع الفارق!). .

هاواریان كرد لەبەغدا مۆڵەتی نیەو وەزیری پایتەخت لێیان تورەیە، بەڵام ساغ بۆوە كەبەهانەكانی د.گاهر البكائی وەزیری خوێندنی باڵای



بەغدا كە گوایە دامەزرێنەری زانكۆی "ئاینده" بڕوانامەی بەرزی نیە، كۆنەقینی سەردەمی منداڵی طاهر البكاء دكتۆر وەلیدی خاوەنی زانكۆیە، دەنا سەرمایەگوزاریو كردنەوەی شوێنێك بۆ خوێندنو زانستو چ پێویستی بە بەبڕوانامەی بەرزە؟!

ئەودەمەی بەریتانیا دەیویست بەهاوشانی ئەمریكا رژێمی عیراق بروخێنێ، سەدان هەزار كەس بۆ چەندین شەوو رۆژ خۆنیشاندانیان سازكردو تورەییان دەربڕیو هاتو هاواریانكرد: نابێ حكومەت بەشداری شەڕ بكات چونكە بەپێی لێكدانەوەی هەڵەی ئەوان شەڕ لەبەرژەوەندی بەریتانیا نەبوو. تۆنی بلێرو وەزیرەكانیو زۆربەی پەرلەمانتارەكانی سەر بە نەریتپاریزان و كرێكاران، لەدەنگدانێكی مێژوویدا، بڕیاری شەڕیانداو بۆ خەڵكی دنیایان دەریانخست كە نوخبەی دەسەڵاتداری ئینگلیز بەراستی شایستەی ئەوەیە پێی بوترێ "نوخبەی دیموكرات" چونكە ملیان بۆ "زۆربە"ی سەرجادەو ژاوەژاو دانەنەواندو خۆیان تەسلیمی هاتوهاواری بێ بناغە نەكرد.

بێگومان مەترسی هەر لەوەدانیە كە هەرەشە لەزانكۆیەكی ٣٨٠ كەسی بكرێت، بەڵكو لەوەدایە كەهێزی "جەماوەر" بەشێوەیەكی وا لەلایەن "نوخبە"وە رێكبخرێ كە سیاسەتی نارەوای پێ ئەنجامبدرێو پێموانیە هیچ لۆجیكێك ئەوە قبوڵ بكات كە بەخواستو پێچەقاندنی خوێندكارانی زانكۆیەك دەرگای زانكۆیەكی تر دابخرێ، لەكاتێكدا ئەمەی دواییان ئامادەو ناچاربێ سەرجەم مەرجەكان قبوڵ بكات.

ئیستبدای زۆربەی بەڕێوەیە. . .

هیوادارم ئەو هەموو وتارو کتێبو گۆڤارەی سەبارەت بە قبوڵ نەکردنی "زۆرایەتی عەرەب" ئامادەکرانو تیایدا پێ لەسەر "تەوافق" داگیرا، فیشاڵ نەبێتو وامان لێنەیەت هەرلەوکاتەدا کە "زۆرایەتی عەرەب" قبوڵ ناکەین، لەناوخۆماندا مافی "کەمایەتی" پێشێل بکەینو نەریتێکی مەترسیدار لەهێنانە سەرجادەی هێزی ناڕەوا بچەسپێنین.



## "الجزیرە" و "حکومەتی کاتی" لەعیراق. .

**کوردستان نوێ**

**ژمارە ( ٣٦٦٢ ) ٢٠٠٥/٥/٤**

هەموومان کەناڵی ئاسمانی"جزیرە" ئەناسینو دەزانین ئەم کەناڵە ئاسمانییە یەکێکە لەکەناڵە هەرە بەهێزەکانی جیهانی عەرەب، هەروەها دەشزانین کە ئایدۆلۆژیای ئەم کەناڵە لەسەر کۆڵەکەی ئایدۆلۆژییەکانی عروبەی ناسیۆنالیستیو پان . ئیسلامی بنیات نراوە، یان باشتر بڵێین تێکەڵەیەکە لەهەردوو بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی عروبەیو پان ئیسلامیزمی کۆنە پەرستانە.

میتۆدی کەناڵی جزیرە لەکارکردن دا میتۆدێکی مۆدێرنە، بەو واتایەی کە لەمیش دا تێکەڵەیەکی لەرەسمیەتو ناڕەسمیەت، ئاشکراییو نهێنی کاری، ڕاستی وتنو درۆهەڵبەستن پێکهێناوە کە بۆ گوێگرو بینەری ئاسایی لەو شوێنانەدا کە گەلی عەرەب لێی نیشتەجێن دڵفرێنو سەرنج راکێشەو، ئا لێرەشەوە مەترسیەکەی بۆ سەر مێشکو عەقڵی "جەماوەر" دەست پێدەکاتو ژەهری میدیای

مۆدێرن . بەتایبەت کاتێك دوو ئایدۆلۆژیای ژەهراوی و مەترسیداری لەپشتەوە بن. وەك مۆتەکەیەك بۆ سەر زەین و هۆش دێتە ئاراوە.

کەناڵی جزیرە هیچ قسەو لێکدانەوەو هەواڵێکی بێ ئامانج نییە. هەر لەو سەردێڕەوە کە لەتایتڵی ئەسڵی دا باس دەکرێت تاکو ئەو هەواڵەی کە زۆر بەبێ بایەخی لەزنجیرەی تێپەڕی دامێنی سکرینەوە دێتە بەرچاو، سەرتاپا بەمەبەستێکی سیاسی دیاریکراو دەنوسرێن و پێشکەش دەکرێن گەر تەنانەت بەڕواڵەت لەوپەڕی بەرائەت و "دوره سیاسەت" یش بنوێنن.

یەکێك لەو هەواڵانەی کەناڵی جزیرە سەبارەت بەعیراقی نوێ و بەرواڵەت "بدون تعليق" . رۆژانە قەوانەکەی لێ دەداتەوە مەسەلەی "کاتی" بوونی حکومەتی عیراقە.

بەلای "جزیرە" وە حکومەتی عیراقی کاتیە، سەرەك وەزیرانی پێشوو کاتی بووەو هی نوێش هەر کاتیەو تەنانەت سەبارەت بە بەڕێز مام جەلالیش دەڵێن "الرئيس العراقي المؤقت" . .

کەناڵی جزیرە دەیەوێ هەموو شتێك لەعیراق دا بەکاتی و زوگوزەر لەقەڵەم بدات، دەیەوێ بڵێت: وەزیرەکان و دەسەلات "کاتی"ن و خولاسە سەرجەم ئەو ئامرازانەی حکومەتێکی مەعقول پێویستی پێیانەو فەلسەفەی هەبوونی دەولەتن لەعیراق دا کاتین وە . بەواتایەکی تر " سیستمی عیراق" سیستمێکە ناتوانێ بەردەوامی بەخۆی ببەخشێ و سەقامگیر ببێ، ناتوانێ وەك حکومەتێکی متعارف (باو) خۆی بناسێنێ و رەفتارو سیاسەت بکات و لەئاکام دا پەیامی جزیرە بەجۆرێك



دەگاتە زەین و روحی بینەر کە لەباشترین حاڵەتی دا دەکرێ بەم جۆرە بێ: هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسیەت لەعیراق دا شکستی خواردووەو گۆڕانی بەپەلەی لێپرسراوان و یاساکان دەریدەخات کە رژێمی پێشووی عیراق کە یەکدەندە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لەسەر حوکم مایەوە سەقامگیر تر بوو وە دیموکراسیەت بەکەڵکی عیراقییەکان نایەت. .

بەلای ناسیۆنالیستی عەرەبەوە گرنگ نییە کە خەڵك بکوژرێن و سەرببڕدرێن، گرنگ ئەوەیە سەقامگیری هەبێ. .

بەلای توندڕەوی مرۆڤ کوژی عروبەویەوە گرنگ نییە میللەتێك ئەنفال بکرێ و قەتل و عام بکرێ، گرنگ ئەوەیە سەقامگیری هەبێ و شتەکان "کاتی" نەبن.

بەلای خەیاڵپلاوە ئیسلامییەکانەوە بایەخی نیە ژن و منداڵی کورد لەتیاترۆخانەکانی میسردا لەبەر بەناچاری دەست بدەنە کاری خراپەو لەدۆزەخی ئەنفال قوتار بىن. گرنگ ئەوەیە "قائد" ێکی عەرەبی ئیسلامی ٣ دەورە، ٤ دەورە لەحوکم دا وەمێنێ و "ولات بەرەو پێشەوە بەرێت".

بەلای کەناڵی جزیرەو هاوشێوەکانیەوە زۆر کەمبایەخە عیراق سیستمی دیموکراسی هەبێ و لێپرسراو مرۆڤێکی ئاسایی بێت و ئەمساڵ هەڵبژێرێ و ساڵێکی تر لەریزی پاص دا بوەستێ، بەلای ئەوانەوە دەبێ حکومەت "الى أبد الآبدين" بێت و "المؤقت" کەبۆتە وێردی سەرزمانیان و بەئەنقەست سەدبارەی دەکەنەوە، عەیبەیەکی

نەبەخشراوە کە لەگەڵ میکرۆبی ئەمریکی دا پەڕیوەتەوە ناو گیانی پیرۆزی میللەتی عەرەبو ئیسلام. .

خەونی ناسیۆنالیستەکانی عەرەبو هاوشێوە ئیسلامییەکان سەبارەت بەشکستهێنانی پرۆژەی دیموکراسی ئەمریکایی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەیاڵێکی بەتاڵو بێ بناغەیە.

گەر سەدان کەناڵی تری وەك "جزیرە" بکەونە گەڕو دیموکراسیەتو سیستمی خولانەوەی دەسەڵات لەنێوان نوخبەی سیاسی وڵات دا بەلاقرتێوە بە "کاتی" لەقەڵەم بدەن، یەك سانتیمەتر لەو راستیە دوورناکەوینەوە گەر بڵێین: دیموکراسی خەونو ئاواتو هیوای ملیۆنان ئینسانی ئازادو ئاگایە کە بۆ گەیشتن بەجیهانێکی عادلانەترو هێمن ترو پێشکەوتووتر ئەمڕۆ لەهەر کاتێك زیاتر پێویست بوونو گیانی بوونی بۆ هەموان ئاشکرا تر بووە.



# ئەوروپاو مەسەلەی کوشتاری ئەرمەن

**گفتوگۆ لەگەڵ رۆژنامەی" ئاسۆ"**

**ژمارە ٤٨ ( ٢٠٠٥/٥/٨ )**

- **لەماوەی رابردوودا بەهۆی تێپەڕ بوونی ٩٠ ساڵ بەسەر کوشتاری ئەرمەنەکان کەساڵی ١٩١٥ دەوڵەتی عوسمانلی لەدژی هاووڵاتیانی خۆی لەبنەچەی ئەرمەنی ئەنجامی دابوو هەڵمەتێکی سیاسی توند لەدژی تورکیا بەرپا کرا. پەرلەمانەکانی رۆژئاوا بەراشکاویو بەئاماژە گوشار دەخەنە سەر ئەنقەرە کەدان بەم جینۆسایدەدا بنێت.**
- **ئەم باسە بۆچی لەم هەلومەرجە گەرمکرایەوە؟ بۆچی تورکیای چاو لەیەکێتی ئەوروپا سەغڵەتکرا؟ ئایا کولانەوەی برینی ئەرمەنەکان بۆ دواجار رۆحی کوژراوەکان شاد دەکات؟**

بابەکر دڕەیی: "فشار خستنە سەر تورکیا تاکو دان بەوەدا بنێت کەکوشتاری ئەرمەن کارێکی جینۆسایدی دژی مرۆڤایەتیە لەڕووی ئەخلاقیو مۆراڵیەوە هەنگاوێکی باشەو، ئەمەش دەستپێکی چەسپاندنی دیموکراسیە لەجیهاندا کەئەمریکا رابەرایەتی دەکاتو ئەوروپاش هاوشانە لەگەڵیدا"

" بۆیە ئێستا مەسەلەی ئەم کوشتارە زیندوو کراوەتەوە چونکە لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی جیهان بەرەو دیموکراسی دا دەبێ ئەو وڵات و حکومەتانەی ئیدعای دیموکراسی دەکەن هاوشان و هاوکار بن لەگەڵ ئەوروپادا، تورکیاش کەمێژووی پڕە لەکوشتن و تۆقاندن نایەوێ دان بەو تاوانەدا بنێت کەکاتی خۆی ئەنجامدراوە. لام سەیرە وڵاتێکی گەورەو خاوەن مێژووی زیاتر لە٥٠٠ ساڵ ناتوانێ دەستبەرداری ئەو تاوانە ببێت، حکومەتی ئێستای تورکیا ئەگەرچی حکومەتێکی عەلمانیە بەڵام ناتوانێت لەکوشتاری ئەرمەنەکاندا خۆی دابڕێت و بەرەو مێژوویەکی تازە بڕوات کەپێی دەڵێن مێژووی دیموکراسی و هەنگاونان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا".

"دڕەیی" پێشنیاز دەکات تورکیا حیساباتی خۆی لەڕووی مێژووییەوە پاکتاو کات تاکو لەگەڵ دنیای تازەدا خۆی بگونجێنێ و پێویستە بەکردەوە دەری بخات ئەم حکومەتە جیاوازە لەگەڵ ئەو حکومەتەی کاتی خۆی کوشتارەکەی ئەنجامداوە، ئەگەر نا هێرشی ئەوروپا لەمەڕ کوشتاری ئەرمەن هەر بەردەوام دەبێت تاکو تورکیا ملدەدات".

"گوشاری ئەوروپا لەسەر حکومەتەکەی ئەردوگان سەبارەت بەمەسەلەی ئەرمەن لەسەروبەندی داواکاری ئەنجامدانی ریفۆرمی دیموکراتی و پەرەپێدانی رەوشی مافی مرۆڤدایە، بۆیە دوورنیە ئەجیندەی گۆڕانکاریش ئەنگێزەی خۆی هەبێ. . . گۆڕانکارییەکان تەنها ناوخۆیی نین، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە جیهان بەرەو گۆڕان دەچێت و تەنها قسە بەس نییە بڵێیت لەناوخۆ گۆڕانکاری دەکەم. سەرکردایەتی ئێستای جیهان بەدەست ئەمریکاوەیە و ناهەقیش نییە ئەگەر ئەقارەکە بەرەو دیموکراسی و مرۆڤدۆستی بەرێت، وە ئەو ئەجیندایەی بۆ تورکیا دانراوە بۆ ئەوەیە ریفۆرمەکان خێراتر بکرێت، بۆ دابڕانە لەمێژوویەکی پڕ لەنەفرەت.

سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن هەندێ لەسوڵتانەکانی عوسمان حەڤدە برای خۆیان کوشتووە تاکو لەسەر دەسەڵات بمێننەوە، بەسەدان ژن خراونەتە ئاوەوە خنکێنران و تاکو نهێنی سوڵتانەکان ئاشکرا نەبێت، واتا مێژوویەکی پڕ لەتاوان لەوڵاتدا هەبووە، جێگای سەرسوڕمانە کەئەم حکومەتە خۆی بەحکومەتێکی دیموکراتی دەزانێت کەچی ئازایەتی ئەوەی تیا نیە خۆی لەو مێژووە دابڕێت و ئەو ئەجندایە قبوڵ بکات کەدنیای پێشکەوتوو خستوویەتیە بەردەمی لەکاتێکدا بەقسە دەیەوێ لەگەڵ ئەو دنیا دیموکراسییە هاوشان بێت ".

**نێردراوی ئاسۆ پرسی: وەك جۆرێك لەتەحەدا تورکیا دەڵێت با بچین ئەرشیفی سەردەمی عوسمانیەکان هەڵدەینەوە بزانین وایە، ئایا ئەمە بێ منەتی تورکیا ناگەیەنێ؟**

"بەبڕوای من بێمنەتیەکی بێ واتایە، بێ بناغەیە، هەموو کتێبە مێژووییەکان باس دەکەن سوارەی "حەمیدیە" بەمەبەستی سیاسی دیاریکراو دەستیان کردووە بەقەتلوعامی زیاد لەملیۆنێك کەس لەئەرمەنەکان بەبیانووی دین و مەزهەب، ئەوانەیش کەنەکوژراون

ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر بوون، بەبەهانەی ئەوەی گوایە ئەمانە پشتیوانی لەئەوروپاو روسیا دەکەن.

ئێمە وەکو کورد کتێبە مەزنەکەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەبەردەستماندایە بەشێوەیەکی جوانو وورد باسی کوشتاری ئەرمەن دەکاتو، بەداخەوە میللەتی کوردیش بەشێك بووە لەو کوشتارە ".

**ئاسۆ پرسی: پێت وایە کاتێك فایلی کۆمەڵکوژی ئەرمەن هەڵدەدرێتەوە کورد کەخۆی قوربانی جینۆسایدە . پێش ئەوەی حەقی خۆی وەربگرێت . بکەوێتە بەرامبەر بەرپرسیاریەتی؟**

بابەکر دڕەیی: "نەخێر! چونکە لەهەر شوێنێك تاوان هەبێت دەبێت تاوانبار بدۆزرێتەوە. تاوانباری سەرەکی دەسەڵات بوە، واتە عوسمانییەکان تاوانکاری سەرەکین چونکە بەڵگە مێژووییەکان لەئەرشیف ماون، شایەتحاڵەکان ماون، میللەتی ئەرمەن زیندووە، بەشێك لەرۆشنبیرانی گەلی کورد لەیاداشتەکانیاندا ئەو راستیانەیان نووسیوە کەچی روویداوە".

**ئاسۆ: بەڵام لایەنی مۆراڵی هاتنە قسە لەسەر کوشتاری ئەرمەن هێشتا پرسیاری گومانئامێز هەڵدەگرێت. ئەوروپا لەسەر هاودینەکانی خۆی هەڵدەداتێ. لەسەدەی نۆزدەدا رۆژئاوا رەوشی کریستیانەکانی نێو وڵاتانی ئیسلامیو بەتایبەتیش قەڵەمڕەوی عوسمانلی کردە بیانوی دزە کردن بۆ ناوەوە تا سیاسەتەکانی خۆی بمەشێنێت. کورد جارانو ئێستاش لەتورکیا دەکوژرێنو کەس لەسەر وان نەهاتە قسە!**



دڕەیی: "پێم وایە ئەوروپا پرنسیپێکی رۆشنو دیاریکراوی هەیە کەپرنسیپی دیموکراسیە، رەنگە لەجێبەجێکردنیدا هەڵە هەبێ بەڵام کاتێك پرنسیپی خۆرئاوا دیموکراسیو رێزگرتنە لەحورمەتی ئینسانو مافی مرۆڤ، کوشتاری ئەرمەنەکان ئەوە دەهێنێ زیاتر بایەخی پێ بدرێت چونکە ژمارەی کوژراوەکان لەملیۆنێکی تێپەڕاند. راستە لەکوردیش کوژراوە بەڵام بەو ئەندازەی ئەوان نەبووە، بەداخەوە لەکاتی کارەساتەکەش کورد هۆکاری جێبەجێکردنی بەشێکی تاوانەکە بوو، ئەویش هۆکاری دینو مەزهەب رۆڵی خۆی تێدا گێڕاوە، سوڵتانەکانی عوسمانی ژیرانە ئەم هۆکارە دینییەیان بەکارهێناوە. مەسەلەکەش ئەوە نیە ئەرمەن مەسیحین. ئەوروپاو ئەمریکا داکۆکیان لەموسڵمانەکانی بۆسنیاش کرد، بگرە دژی سربە مەسیحیەکان وەستان. مەسەلەکە ئەوەیە ئێستا کێ قوربانیەو کێ جەلادە؟، ئەوە نیە کێ موسڵمانەو کێ مەسیحیە. لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا موسڵمان موسڵمان دەکوژێت. دەبینین ئەوروپاو ئەمریکا هاتنە عیراقو ئێمەیشیان رزگار کرد چونکە ئەم پرنیسپەی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لەدوو سەدە. بۆ داواکردنی شتی مادی لەوانەیە ئەرمەنەکان داوای شتی لەو جۆرە بکەن بەڵام لەڕووی جوگرافیاوە، ئەرمەنەکان دەوڵەتێکی خۆیان هەیە، حاڵی حازر کار بۆ ئەوە دەکرێت تورکیا دان بەتاوانەکەدا بنێت، بەڕای من ئەمەش زۆر گرنگەو کێشەکەش چارەسەر دەکات چونکە شتەکانی دیکە بەئۆتۆماتیکی دێنە ئاراوە. بنچینەی مەسەلەکە لایەنی مۆراڵی یە. لایەنی ئابووری شتێکی لاوەکیە، تورکیا خۆی لەلایەن ئەوروپاو

ئەمریكاوە بەلێشاو یارمەتی دەدرێت، ئەگەر لەڕووی مۆراڵییەوە دانی بەمەسەلەكەدا نا ئەوا بەچوونە ناو یەكێتی ئەوروپاوە كێشە ئابووریەكەی بەئاسانی بۆ چارەسەر دەكرێت. ئەم فشارە بۆ ئەوەیە توركیا پرنسیپی رێزگرتن لەمافی مرۆڤ جێبەجێ بكات و دان بەكوشتارەكەدا بنێت، ئەوروپا ترسیان لە"ئێستا"ی توركیا هەیە بۆیە بۆ "مێژوو" دەگەڕێنەوە".

**پرسیار: بۆ ئەندامێتی توركیا لەیەكێتیی ئەوروپا كۆمەڵێك مەرجیان داناوە، یەكێك لەو مەرجانە باسكردنی مێژووی كۆنی و ساغكردنەوەی مەسەلەی ئەرمەنە، بەڵام توركەكان دەڵێن ئەوروپا وا تەماشای یەكێتیی ئەوروپا دەكەن كە یانەیەكی مەسیحیە بۆیە بیانوو دەهێننەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن توركیا بچێتە ناو ئەوروپا؟**

بابەكر دڕەیی: "ئەمە قسەی ئەو توركانەیە كەدەیانەوێ توركیا لەناو كۆمەڵەی ئیسلامی و لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە. ئەمە بەهانەی ئانتی ئەوروپییەكانە، بەڵام توركیا ئەوە دەزانێ كارتی چوونە ناو یەكێتی ئەوروپا زمان و ئاین نیە، ئابووری و كلتوورە، توركیا ئێستا لەڕووی كلتورەوە زۆر لەگەڵ ئەوروپا تێكەڵە، مەیلە سیاسییەكانی توركیا دابەش بووە، مەیل هەیە لەگەڵ ئەوروپا نزیكە، هەیە لەگەڵ ئیسلامدا نزیكە، بەڵام ئاقاری زاڵ بەرەو ئەوروپایە، بۆیە ئەو قسەیەی كەدەڵێ یەكێتی ئەوروپا یانەیەكی مەسیحیە بەهانەیەكی بێ بناغەیە و سیاسیەكانی توركیا ئەوە دەزانن كەیەكێتی ئەوروپا یەكێتییەكی قەومی نیە، چونكە ئەروپا بریتییە لەچەندین نەتەوە و زمانی جیاواز،



یەكێتی ئەوروپا لەسەر بناغەی كلتووری دیموكراسی بنیاد نراوە، بەڵام هەیە پێی وایە توركیا سەر بەكلتووری ئیسلامیە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مێژوو.

**پرسیار: بەڵام نازانرێ داخۆ نۆرەی فایلی كوشتاری كورد، ئەوانەی لەسەر دەستی عوسمانلی و توركیای ئەتاتورك جینۆساید كراون، دێت یان جارێ ماویەتی؟**

دڕەیی: "ئایا رۆژئاوا دەیەوێت لەم كاتەدا فایلی كوردیش باس بكات لەكاتێكدا لەعیراقدا شتێكیان بۆ كورد كردووە؟ بەڵێ دەیانەوێ باسی ئەو بابەتەش بكەن بەڵام مەسەلەكە ئەوەیە حزبێكی سیاسی كوردی كە بەتەواوی لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەوروپا و ئەمریكا بێت لەتوركیادا نیە. ئایا خودی بزووتنەوەی كورد لەكوردستانی توركیا دەتوانێ بەلۆژیكێكی تازەوە قسە بكات و كێشەكەی وا باسبكات كەهەم نوخبەی سیاسی نوێ لەتوركیا و هەم دەسەڵاتدارانی ئەوروپا و ئەمریكاش قبوولی بكەن و دیفاعی لێ بكەن؟ وەكو دەیبینین رۆژانە لەئەوروپا باسی كێشەی كوردی توركیا دەكرێت. بەڵام لەئاستی رەسمی وەكو ئەوەی بۆ ئەرمەنەكان دەكرێت، بۆ كورد شتی وەها نیە، بۆ داهاتوو مەزەندە دەكرێت شتی وەها بكرێت. پێویستە توركیا خۆی لەوەزعی دنیا تێبگات چونكە ئەوروپا و ئەمریكا بەهێزترین چەكیان بەدەستە ئەویش چەكی دیموكراسیە، سوریاش دەبێت تێبگات لەبارەی فایلی مافی مرۆڤ و دیموكراسی یەوە ناتوانێت خۆی رابگرێت، سوریا ناچارە خۆی چاك بكات و لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا خۆی بگونجێنێت، ئێران

وشيارانەتر خەريكى مەسەلەكەيە: لەجياتى ئەوەى لەسەر فايلى كورد قسە لەگەڵ ئێران بكرێت ئەمريكا و ئەوروپا هاتوون فايلى بۆمبى ئەتۆمى ئێران هەڵدەدەنەوە، بێگومان ئێران خۆى ئەو هەڵوێستەى داوە بەدەستەوە تا رۆژئاواييەكان بێنو محاسەبەى بكەن، لەئێران چەندين فايل هەيە باسى لێوە بكرێت. وڵاتەكانى ناوچەكەى ئێمە لەژێر شەپۆلى دەريايەكى بەهێزدان كەپێى دەوترێت ديموكراسى و عەلمانيەتو مافى مرۆڤ. . . هيچ رێگايەك نيە جگە لەوەى دەبێت ملى بۆ بدەن".

**پرسيار: بەڵام لەڕووى مۆراڵييەوە ئايا كورد دەتوانێ داواى قەرەبوو لەدەوڵەتى عيراق بكات لەسەر كارەساتى هەڵەبجەو ئەنفال؟**

درەيى: " وەكو رەسميات حكومەتى ئێستا ميراتگرى حكومەتى كۆنە، هەرچەند سەركۆمار كوردەو پێكهاتەى دەوڵەت گۆڕاوە. سەركۆمار خۆى هاونەتەوەى قوربانيانى هەڵەبجەيەو ئێستا خەڵكى هەڵەبجە خۆيان لەبەغدا حوكم دەكەن. لەبەرامبەردا، زيندوكردنەوەى تاوانى هەڵەبجەو ئەنفال بەرامبەر ناسيۆناليزمى عەرەبى ئەوپەڕى حەقانيەتەو دەبێ ناسيۆناليستى عەرەبى داواى لێبوردن لەكورد بكەن. دەوڵەتى عيراقيش لەڕووى ماديیەوە دەتوانێتو دەبێت قەرەبوويان بكاتەوە. دەبێ هەڵەبجە وەكو كارەساتێكى جينۆسايد بەڕەسمى بناسرێت لەعيراقدا، بەڵام خەڵكى عيراق مولزەم نين داواى لێبوردن بكەن چونكە ئەوان خۆيان قوربانى دەستى رژێم بوون.



## لەيادى ٣٠ ساڵەى دامەزراندنى " يەكێتى نيشتيمانى كوردستان " دا
## راچەنين لەهەناوى شكست دا

٢٠٠٥/٥/٢٨

٣٠ ساڵ لەمەوبەر دنياو ناوچەى خۆرهەڵاتى ناوەراست وەك ئێستا نەبون. جيهانى ٣٠ساڵ پێش ئێستا جيهانێك بو تەواو جياواز لەو دۆخو هەلومەرجەى مرۆڤەكانى ئێستا، لەسەرتاسەرى كوردستانو وڵاتەكانى هاوسنورى عيراقدا ژيانى تێدا دەبەنەسەر.

سەرەتاى حەفتاكان لەئاستى جيهاندا ساڵانێك بو كە دوجەمسەرى زلهێزى دنيا، خۆرهەڵاتو خۆرئاوا (سۆڤيەتو ئەمريكا) لە دەسپيكى حاڵەتى پێكەوەژياندا بونو ئيمزاكردنى چەندين پەيماننامەى سياسىو ئابورىو عەسكەرى لەنێوانياندا، هەرجۆرە هەوڵو خۆراپسكانێكى ناوچەيى بۆ راكێشانو تێوەگلاندنى لايەك دژبە لايەكى تر، ياخود سود وەرگرتن لەئيمكاناتى سياسى لايەكو خۆقايمكردن دژبە دەوڵەتە ستەمگرەكانى ناوچەكە، پوچەڵ و بێهێزدەكرد.

ریکەوتنی هەردو جەمسەر بۆ کەڵك وەرگرتنی "هاوبەش" لەدۆخی سیاسی چەسپاو لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، پیکهاتن و ریکەوتنیکی مۆرکراو نەبو، بەلام سەرجەم روداوە مێژوویی‌و سیاسیەکان دەیسەلمێنن کە هەردوولا سوربون لەسەر دڵراگرتنی یەکدی‌و تەگەرە دانەنان بۆ هێزی بەرامبەر.

ئەودەمی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرۆکی جیهان‌و تاکە زلهێز نەبوو. سۆڤیەت رەقیب‌و "برابەش"ی سیستمی دیموکراسی خۆرئاوا، لەگەڵ ئەوەدا کە تۆوی چەندین قەیرانی سیاسی‌و ئابوری لەهەناوی دا هەلگرتبو، بۆدابەشکردنی هەر دەسکەوت‌و نێچیریك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی تری دنیادا، سەرەرای خویندنەوەی ئەمریکا، وەك تفەنگی ئامادە کراو، هەمیشە لەسەرپێ‌و ئامادەی تەقان بو.

گرومیکۆ، وەزیری دەرەوەی ئەودەمی سۆڤیەت، سەبارەت بە پەیوەندیەکانی ئەو سەردەمەی سۆڤیەت‌و ئەمریکا کە روو لەگەشەو پێشکەتن بون لەبیرەوەریەکانیدا نوسیویەتی "بەدرێژایی ئەو قۆناغە (واتا سالانی ١٩٧٠بەدواوە) ژمارەی ئەو رێکەتنانەی کە لەنێوان ئەمریکاو سۆڤیەتدا ئیمزاکران زۆرتر بون لەهەموو ئەو پەیمانانەی کە لەسەرجەم قۆناغی پەیوەندی دیبلۆماسی‌یاندا ئەنجام درابون، ئەم ریکەوتنانە بنەمایەکی فراوانیان بۆ پەیوەندی دولایەنە سازداو میکانیزمی بۆ راوێژو گفتوگۆ سیاسیەکان دارشت‌و ئیمکانی ئەوەیشی پێکهێنا کە پێشبرکەی چەکداری ئاقارێکی رولەنزمی بگرێتە بەر"(١)

هەروەها سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەسۆڤیەت‌و ولاتانی بلۆکی خۆرهەلات نوسیویە "بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی فۆرد (١٩٧٤ ـ ١٩٧٦) هەمان هێڵی درێژە پێدا کە نیکسۆن دیاریکردبو، ئەم هێڵە بریتی بو لەوەرچەرخانی ئاراستە لەسەردەمی تێکهەڵچونەوە بۆ سەردەمی دیالۆگ" (٢)

" سەردەمی دیالۆگ"ی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت کە لەهاتنی نیکسۆنەوە تاهاتنی کارتەر بەگەرمی درێژەی کێشا، بۆمەسەلەی کورد لەعیراقدا بەو واتایەبو کە حکەمەتی بەعس دەستی کراوەیە بەئارەزووی خۆی لەنێوان دوزلهێزدا مانۆڕ بدات‌و مادام کە دەسەلاتدارانی بەعس ئامادەن لەگەڵ هەردولادا پەیوەندی دیبلۆماسی ببەستن‌و ئالۆگۆڕی ئابوری درێژە پێبدەن، هەرجۆرە شۆڕش‌و سەربزیویەك لەناوخۆی ئەم جوگرافیا دیاریکراوەدا، نەك هەر مۆری پەسندو پشتیوانی لێ نادرێ بەڵکو هەوڵ دەدرێ رەوایەتی لێ بسەندرێتەوەو لەبێشکەدا بخنکێنرێ‌و لەژێر زەبری بێدەنگیەکی قورسی سیاسی‌و دیبلۆماسی‌و راگەیاندن دا لەباربچێ.

مەسەلەکە لەو سەردەمەدا واوەتر بو لەپەیوەندی "دۆستانە"ی ئەمریکاو سۆڤیەت. تێوریزان‌و قەڵەم بەدەستانی مۆسکۆ، بەدەرلە "سەردەمی دیالۆگ" کە پانتایەکی باشی بۆ سۆڤیەت رەخساندبو تا چەك‌و تەقەمەنی بەعیراق‌و ولاتانی دیکە بفرۆشێ، لەبواری ئایدیۆلۆژی‌و فیکریشەوە پاساوی سیاسی‌و تیۆریان بۆ رژێمی بەعس‌و هاوچەشنەکانی دەهێنایەوەو وەك رژێمی "شۆڕشگێڕ" و "دژە ئیمپریالست" بەجەماوەریان دەناساندن‌و شەرعیەتیان

بۆ مسۆگەر دەكردن و ریگای بەردەوامبون و بەهێزبونیان بۆتەخت دەكردن.

پرۆفیسۆر برۆتنتس، یەكێك لەو تیوریزانانەی سۆڤیەت، لەكتێبێكی دوبەرگی زلدا هەبونی بەعسو هاوبیرە شۆڤێنیو مرۆڤ كوژەكانی لە عیراقو سوریاو وڵاتانی تری عەرەبی دا بەپۆزەتیف دەزانیو مەسەلەی دەسەڵاتداربونی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عروبەوی بەمژدەبەخش دائەناو هەرجۆرە كۆمەكیكی سۆڤیەت بۆیان بەهەنگاوی "دژە ئیمپریالیستی" لەقەڵەم ئەدا، نوسیویەتی "ئەو دەوڵەتانەی كە بەهۆی دیموكراتە شۆڕشگێرەكانەوە رێبەری دەكرین، بەهەوڵدانیان بۆفراوانكردنی پەیوەندی چەند لایەنەو هاوكاری نزیك لەگەڵ كۆمەڵگای سۆسیالستی دا دەناسرێنەوە. . . ئەحمەد حەسەن ئەلبەكری سەرۆك كۆماری عیراق، لەگوتارێكی رادیۆ تەلەفزیۆنیدا لە ١مایسی ١٩٧٣ دا، نزیك بەم مەسەلەی راگەیاند. . . ئەو قایمكردنی یەكێتی تێكۆشان لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریبەخشی نەتەوەیی هەرسێ كیشوەرو بەهێزكردنی رشتەی یەكێتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسسالیستو لەسەروی هەموانەوە یەكێتی سۆڤیەت. . لەسەنتەری ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوەی عیراق دەستنیشان كرد.

"السەورە" ئۆرگانی نیورەسی حزبی بەعسی عیراق، لەلێكدانەوەیەكدا سەبارەت بەدیداری سەددام حسێن، جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و جێگری سكرتێری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی لە مۆسكۆ . . . نوسی "ئێمە لەوباوەڕەداین كە پەیوەندی دۆستیو هاوكاری لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتو سەرجەم كۆمەڵگای سۆسیالستی



پێ بەپێ بەهێز دەبێتو پەرەدەستێنێ، چونكە ئەم پەیوەندیانە خاوەنی بنەمایەكی قایمنو لەچوارچێوەی یەكیتیەكی ستراتیژی چەسپاودا گەشەدەكەن" (٣)

پشتیوانی سۆڤیەت بۆ عیراقو بەعس، وە دوركەتنەوەی ئەمریكا لەهەرجۆرە پشتگیریەك بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، بەتایبەت دوابەدوای كێشەی ڤیتنامو تیشكانی نەفسی ئەمریكا لەو قەیرانە جیهانیەدا ، باشتر ناوەرۆكی ئەونامەیە روون دەكاتەوە كە هێنری كەیسنگەر لەمانگی شوباتی ١٩٧٥ دا (یەك مانگ پێش ئاشبەتاڵ) ناردویەتی بۆ بارزانیو لەپەنای دو بەهانەی زۆر بێجێو ناوەرۆكدا، زۆر بەرێزەوە، دیداری بارزانی رەت دەكاتەوەو دەنوسێ: "من لەو قەناعەتەدام كە نهێنیكاری دەورێكی زۆر بایەخداری گیراوە لەئەنجامدانی ئەو كارانەی تا ئێستا ئەنجاممان داون، تەنها لەبەر ئەو هۆیەو، سەرباری نیگەرانیمان لەسەلامەتی شەخسیت، دودڵم لەپێشنیاركردنی ئەوەی كە شەخسی لێرە دیدار بكەین." . .!! (٤)

"نهێنیكاری" و "سەلامەتی شەخسی" بارزانی كە كەیسنگەر دەیكاتە بەهانە بۆ خۆدزینەوە لەدیتنی سەرۆكی شۆڕشی ئەودەمی كوردستان، خۆدزینەوەی ئەمریكایە لەچونە ژێرباری هەر لێپرسراویەتێك كە لەوەدوا بەسەر بارزانیو بزوتنەوەی كورددا هاتو وایكرد شاو سەددام لەجەزائیر مانگی هەنگوینی ئەو شكستەی كورد لەژێر چەتری رەزامەندی ئەمریكاو كۆنەپەرستی ناوچەكەدا بگێڕن.

پەشیمانی دواتری كەیسنگەرو ئەمریكا لەفرۆشتنی جوڵانەوەی كورد بە كۆنەپەرستی ناوچەكە، وە داننانی سەرانی ئەمریكا بەهەڵەی سیاسی و

ئەخلاقی پشتکردنە کورد، هەروەك لەراپۆرتی "پایك" دا بەدرێژی باسی لێوە کراوە، بەهیچ کلوچێك نەیانتوانی وە ناتوانن پاساوی ئەو تاریکستانە بدەنەوە کەلەساڵی ١٩٧٥ و ساڵانی دواتردا لەژێر سایەی بەعسی عیراقدا بۆمیللەتی کورد پێکهات.

حکومەتەکانی عیراق‌و ئێران، دوابەدوای ئاشبەتال و ملدانی شەرمهینەرانەی سەرانی پارتی بەو پیلانەی بەهاوکاری‌و پشتگیری تورکیاو میسرو ئوردون لە کورد کرا، لەسەرکوت‌و ئیهانەکردنی گەلی کورددا کەمترین درێخیان نەکرد.

"دەسەڵاتدارانی بەعس، لەئەندامێکی بچوکیانەوە تائەندامێکی سەرکردایەتیان  وا خۆیان بەژێرکەوتنی کوردەوە بائەدا کە عیراق بەهەمو دانیشتوان‌و تەواوی سامان‌و دارایییەوە موڵکی ئەوانەو لەمەو دوا بۆهیچ هێزو لایەنێك نیە دەستدرێژی ئەوسنورە بکات کە بەعس بۆیان دائەنێ، گەر هەستیان بەهەر جوڵەیەك بکردایە کە بۆنی دژایەتی ئەوانی لێ بهاتایە، بەجۆرێکی دڕندانە لێیان ئەداو لەناویان دەبرد بێئەوەی گوێ بەهیچ داب‌و نەریت‌و یاسایەك بدەن یان نرخ بۆشتێك دابنێن کە پێی بووترێ مافی مرۆڤ" (٥)

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەوهەلومەرجەدا پێك هات.

لەهەلومەرجێکدا کە زلهێزەکانی دنیا سەرقالی کێشەکانی خۆیان‌و دلدانەوەی یەکتری‌و، حکەمەتەکانی ناوچەکە لەبۆسەی لەناو بردنی جوڵانەوەی هەقخوازانەی کوردو، جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردیش، بە هۆی "ئاشبەتال" ەوە لەو پەڕی لاوازی‌و بێهێزیدا بەسەری دەبردو



دەسەڵاتی عەشایری‌و گەندەڵی کارگێڕی‌و وابەستەیی بەئیرادەی دوژمنانی کوردەوە زەبری کاریگەری لێ‌وەشاندبو وە کردبویە  جوڵانەوەیەکی بێ ناوەڕۆك.

تاریکستانی ساڵی ١٩٧٥، بەتەواوی واتای وشە شەوەزەنگێکی ئەنگوستەچاو بوکە جگەلە مرۆڤی بویرو بەرچاورون‌و نەترس، نەدەکرا هەموکەس توخنی بکەوێ‌و ریسك بەژیان‌و مانیەوە بکات.

سەرباری ئەوەش "یەکیتی نیشتیمانی کوردستان" دامەزراو دری بە تاریکی دا.

"یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەرهەمی پەلە پەل‌و کاری سەرپێی نەبو. . بەڵکو بەرهەمی پێگەیشتنی بیرێکی شۆڕشگێرانەو واقیعی بوو دەربارەی بزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد. . .

لەدایك بونی ی . ن . ك ئەنجامی پەی بردنێکی هۆشیارانە بو بە پێداویستیەکانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیەکی زۆرلێکراو. . . ئەوپێداویستیانەی یاسایەکی زانستی گشتی  کۆیکردۆتەوە  لە "پیویستبونی پارتی پێشڕەو"، "یەکیەتی نیشتیمانی هێزە دیموکراتەکانی گەل" و "لەشکری گەل" دا بەمەرجێك پارتە پێشڕەوەکە رابەرایەتی بکات.( بروانە: یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی؟) (٦)

دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سەردەمێکدا بوکە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرقالی خۆئامادە کردن بون بۆ بێدەنگیەکی درێژخایەن‌و خۆخواردنەوە لەبن دەست‌و پۆستاڵی رژێمی بەعس دا ، وە

لەوباوەڕەدا نەبون هێزێکی سیاسی یان چەکداری بەوزوانە بتوانێ روناکیەك لەوسەری تونێلی تاریکی ژیاندا هەڵکات بۆیان.

دەسپێشکەری دەستەی دامەزرێنەری (ی . ن . ك) بۆ سازدانەوەی خەباتو جۆشدانەوەی تێکۆشان تەنها دومانگ دوای شکستێکی مێژوویی و ترسناك، ئەوەی سەلماند کە گەلی کورد دەتوانێ دەستەیەکی پێشڕەوو لیوەشاوەو بەرچاورونو خاوەنبەرنامە پێشکەش بەنەوەکانی داهاتو بکاتو، بە ویستیکی پۆلاینو عەقلیکی کراوەوە داکۆکی لەمانو ژیانی بکات.

بەیاننامەی دامەزرانی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١دا زۆر بەرونی ئامانجەکانی گەلی کوردو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ی دەستنیشان کرد:

"یەکەم: رزگارکردنی عیراق لەزنجیری کۆیلەیی کۆلۆنیالیزمی ئابوریو سیاسی،

دووەم: کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی دیکتاتۆریەتی خوێنڕێژ،

سێهەم: پێکهاتنی دەسەڵاتێکی نیشتیمانی دیموکراتی ئیئتیلافی خاوەن توانا بۆدابینکردنی دیموکراسیەت بۆسەرجەم گەلی عیراق،

چوارەم: دانانی بەمافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینەدا لەچوارچێوەی عیراقێکی سەربەخۆدا،

پێنجەم: جێبەجێ کردنی ریفۆرمی کشتوکاڵ لەقازانجی جەماوەری جوتیارانو سنعەتیکردنی وڵاتو بەکارهێنانی سامانە نەوتیو کانزایەکەیو پێشخستنی کۆمەڵگای عیراقی، ئینجا سازدانی زەمینەکانی گواستنەوە بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم"



وەدیهاتنی زۆربەی ئەوخواستانەی کە یەکەمین بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك ئاماژەی پیکردون، وەزیندوبونی ئەو خواستانەی کە لەهەمان بەیاندا باسکراونو پاش سی سال تازەییان لەدەست نەداوە، دەریدەخات کە ئیستاش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێزێکی مەزنە کە دەتوانێ وەك پێشڕەوێکی بێ وێنەو بێ رکەبەر، خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رابەری بکاتو بەدیدگایەکی مۆدێرنترو پێشکەوتوانەترەوە، ریفۆرمی پیویست بەسەر ئەو خواستانەدا بهێنێ کە هەلومەرجی سەردەمو زەمان ئەرکی گۆڕینیانی هێناوەتە ئاراوەو ئەو خواستانە باس بکات کە ئیمکانی جێبەجێ بونیان لەباری بابەتیەوە فەراهەم ترە.

مانەوەی بەرنامەو خواستی ی. ن. ك دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەك بەگەشیو تازەیی، سەختی ئەو ئەتمۆسفێرە دەردەخات کە سەرکردەو پێشمەرگەی ی. ن. ك تیایدا خەباتیان دەکردو ئازایەتیان نیشانئەدا، ئەتمۆسفێرو دۆخێك کە وەدیهاتنی بەشیك لە ئامانجەکان گشت ئەو مەودا زەمانی و قوربانیەی پێویست بوە کە ی. ن.ك بەخشیویەتی، هەروەها دەیسەلمێنێ کە لێکدانەوەی رێبەرانو دامەزرێنەرانی ی. ن. ك بۆ هەلومەرجو دۆخی سەردەمو ناوچەکە لەگەڵ واقیع جوت بوەو تێپەڕینی ٣٠ ساڵ نەیتوانیوە بەرنامە و بەیانی دامەزراندنی ی. ن. ك تەنانەت تا ئاستێکی بەرچاویش کۆنبکات.

هێشتاش یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرەتای ریگادایە.

ئەگەر ٣٠ ساڵ بۆ تەمەنی مرۆڤێکی ئاسایی مەودایەکی درێژە ئەوا بۆ ژیانی حزبێك زۆر لەوە کەمترە. ی. ن. ك حزبی میللەتەو گەلی کورد

خاوەنیەتی. مێژووی ی. ن. ك لەسالآنی رووبە ڕووبونەوەدا لەگەڵ دوژمنـدا پڕپەتی لەسەروەری و راوەسـتان لەبەرامبـەر رەقتریـن سیـستمی سـەرکوتدا، بۆیەش خوینێکی زۆر لەجەستەی ی. ن. ك و گەلی کورد لەو ئاقارەدا تکاوەو پێشرەوی گەلی کوردو شۆڕشەکەی بەبێ بەخشینی ئەو خوێنەی لەجەستەی ی. ن. ك رژاوە مەحال بوو.

سـەرکەوتنی ی. ن. ك لـە وەدیهێنـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانو پەرلـەمانی کوردسـتاندا، هـەروەها لەروخانـدنی حکومـەتی بـەعسو دامەزراندنەوەی حکومەتی عیراقدا، وە ناردنی کەسایەتی بەرجەستەو هەرە دیاری حزب بۆ سەرۆکایەتی عـیراق، ئـەوە دەسـەلمێنن کـە ئاینـدەی ی. ن. ك گەشەو وەك چۆن بەشـیك لـە ئاواتـەکانی یەکـەمین بـەیانی دامەزرانـدن بـێ کەمو زیاد هاتونە دی، ئێستاش ی. ن. ك لەباریدا هەیە بەرنامە بۆ ئاینـدەی کوردستانو عیراق دابنێو پێـداگر بـێ لەسـەر بـەدیهێنانو جێبـەجێکردنی، وە هەمان ئەو میللەتە رێبەری بکات کە بە لێوەشاییەوە، بەدرێـژایی ٣٠سـاڵ لەبەرامبەر بەعسو هاوشێوەکانیدا رێبەری کردو بەسەرکەوتنی گەیاند.

١- بیرەوەریەکانی گرۆمیکۆ، تاران، ل٤١٦

٢- هەمان ل٤١٧

٣- شۆرشە رزگاریبەخشە نەتەوەییە هاوچەرخەکان، ك ن پرۆتنتس،ل١٦١

٤- یەکیتی نیشتیمانی کوردستان(١٩٧٥-١٩٧٦)، سەروەر عەبدولرەحمان، ل٢٢٤

٥- هەمان ل٣٠٢

٦- "یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی؟" هەمان سەرچاوە ل ٣٠٢



ئایا یەکیتی قابیلی نوێکردنەوەیە یان نە؟

**یەکەم:**

ئایا یەکیتی قابیلی نوێکردنەوەیە یان نە؟

٢٠٠٥/٦/١

**سایتی ریفۆرم**

**یەکـەم : بێگومـان (ی. ن. ك ) قـابیلی نوێکردنەوەیـە.** یـەکێتی ئازاد نیـە لـەنێوان "نـوێ بونـەوە"و "نـوێ نەبونـەوە"دا لایـەکیان هەڵبـژێرێ. ناچارەو دەبـێ خـۆی نـوێ بکاتـەوە. ئەگـەر وانـەکات دەمـرێو ناتوانـێ لەگـەڵ گۆڕانکارییـەکانی نـاو کۆمـەڵگای کـوردو جیهـانی سـەدەی ٢١ دا هەڵبکاتو رۆڵی بەڕێوەبردنو رێبەریکردن ببینێ.

خاڵی هەرە گرنگو بنچینەیی لـە"نوێکردنـەوە"ی یـەکێتی دا ئەوەیـە کە بزانرێت یەکێتی لە"ناوەوە"، واتـە لـەناوخۆی حزبـدا نـوێ نابێتـەوە، وە لەبناغەدا نوێ بونەوەیەکی واهی ئاسان نیەو ئەوەی بۆ نوێبونەوەی یـەکێتی پێویستە ئەوەیـە کـە فـەزای" دەرەوە"و ئەتمۆسفێری کۆمـەڵگا بگۆڕێتو بەهۆی ئەو گۆڕانەی کە بەسـەر سـەرجەم کۆمـەڵگادا دێت (ی. ن. ك)یش ناچاردەبێو دەتوانێ خۆی تازە بکاتەوە.

گرفت لەوەدایە کەگۆڕینی ئەتمۆسفیری کۆمەڵگاو دەرەوەی حزبیش ـ دیسان . بەهۆی یەکێتی یەوە جیبەجێدەبێت و دەبێ نوخبەی دەسەلاتداری (ی. ن. ك) و ئەوانەی لەپەراویزیدان رۆڵی سەرەکی و بناغەیی تیدا ببینن.

بۆ ناساندنی "دنیای دەرەوە"ی یەکێتی پێویستە ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی تەوەرەیی بکرێت کە"فەزا"ی دەرەکین بەنیسبەت حیزبەوە.

***ـ قایم کردن و بەهێزکردنی پەرلەمانی کوردستان:***

بێهەبونی دەزگایەکی یاسادانەری ئازاو تۆکمە کەبتوانێ فشار و چاودیری بخاتە سەر دەزگاکانی جێبەجێکردن و دادوەری، مەحاڵە بتوانین باس لەهەبونی حزبێك بکەین کەخۆبەخۆو لەناودا توانای تازەبونەوەی هەبێ. ئەوە دەزگای یاسادانەرە کە دەیان خەڵکی تیکۆشەرو یاساناس ی تیاکۆدەبێتەوەو لەرێگای یاسای گونجاوەوە دەتوانن سنوور مەوداکانی حزبێك پێناسە بکەن و لە چاکەو خراپەکانی بکۆڵنەوەو لەکاتی سەرپێچی و ملنەدانی ئەندامێکی دا بەهێزی "یاسا" روبەڕووی ببنەوە.

ئەگەر حزب نوێنەری گروپێك یان چەند گروپێکی کۆمەڵگا بێت، پەرلەمان . بەپێی تەعریف . نوێنەری "هەموو" کۆمەڵەو بەم پێیە دەشێ ئەو چاوەڕوانیە لەحزبێکی عاقڵ بکرێ کە بەپێی بەرژەوەندیەکانی پەرلەمان و یاسا، کە تەعبیر لە بەرژەوەندی گشت میللەت ئەکات، خۆی رێك بخاتەوە، وە پیویستە یەکێتی باشترین کادرو سەرکردەکانی بۆ بارەگای یاسادانان رەوانە بکات و لە کەنالی



پەرلەمان و بە هۆی چەکوشی یاساوە تەعدیلی پیویست لە بۆدی حزبەکەی خۆی ـ یان ئەوانیتر ـ دا بکات.

***ــ بەرەسمی ناسین و دانانی بەدەسەلاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن دا.***

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگاو ئەو گەندەڵی و گرفتانەی دێنە سەر رێگای رێکخراوە جیاجیاکان (وە لەوانەش حزب) جگەلە گەڕانەوە بۆ دامەزراوە سەرانسەری و میللی یەکانی وەك دەزگای "دادوەری " و "جێبەجێکردن" رێگایەکی تر نیە.

هەزاران بڕیارو هەڕەشە، سەدان کۆبونەوەو کۆنفراس، ملیۆنان لاپەڕەی نوسراو لەناوخۆی حزبێك دا بایی ئەوە نین کە مرۆڤەکانی ناو حزب، وەك مرۆڤە ئاساییەکانی تر، بکەونە ژێر سێبەری ئەو میکانیزمەی کەهەر سێ دەزگای "یاسادانان "و "دادوەری "و "جێبەجێکردن" لەپرۆسەیەکی ئاسایی دا لەکۆمەڵدا هەیانە. ئینسانەکان تەنها کاتێك هەست بەدڵنیایی و متمانە دەکەن و پێشدەکەون کە بزانن لەژێر سایەی حکومەتێکی عادل دا ئەژین. حکومەتی عادل یش ئەو حکومەتەیە کەهەرسێ دەزگاکەی بەرێكوپێکی چاودێری یەکتری دەکەن و میدیایەکی ئازاد چاوەدیری هەموان دەکات و هێزی حزب و عەشیرەو خێل و "ملیاردیرەکان" نابنە بەردی خڕ بۆ رێگرتن لەو یاسایانەی بۆ هەموان وەك یەکن و "تاك"ی حزبی و ناحزبی بە یەکسان تەماشا دەکرێ.

تا یەکێتی نەتوانێ پەرلەمان و حکومەت و سیستەمی دادوەری بۆ کورد دروست بکات ، ناتوانێ حزبەکەی خۆی چاك بکات. ئێستا یەکێتی گروپێکی بچوکی ناو ئەشکەوت نیە کە بە بڕیارێك هەموان پێکەوە بخەون و پاشان هەستنەوە، یەکێتی حزبی دەسەڵاتەو لەمەودای قابیلی پێشبینی کردن دا شتێکە واهی لەئارادا نیە کە بیسەلمێنێ یەکێتی لەحزبی دەسەڵاتەوە دەبیتە حزبی ئۆپۆزسیۆن.

ئەگەر یەکێتی لەحزبی سەرپەرشتیکەری ئەندامەکانی خۆیەوە گۆڕا بۆ حزبێك کە لەرێگای یاساوە سەرپەرشتی سەرجەم کۆمەڵگا دەکات، دەتوانێ نەك هەر نوێکردنەوەی "حزبی" ئەنجام بدات، بەڵکو لەتوانایدا دەبێ سەرجەم کۆمەڵ گورج تر لەوەی کە هەیە بەرەو بڕیاری چارەنوسی و گرنگ بەرێ و نویکردنەوەی گەورە ئەنجام بدات.

نوێبونەوە و سەرکەوتنی یەکێتی لەگرەوی ئەوەدایە کە"دەوروبەر"ی حزب وا لێبکرێ کە قانونمەندی بسەپێنێتە سەر هەموان بەشێوەیەك کەئەو سەپاندنە لەپرۆسەیەکی نۆرماڵ و ئاسایی دا بەرێوەبچێت و وەك وڵاتانی ئەورپایی ئەندام و کادری حزب تەنها ئەوکاتە بێتە دەنگ کەهەڵبژاردن و کۆنفرەنسی حزبی و پێویستیە"گروپی"یەکان لێی بخوازن. بە کورتی زیندویتی ی. ن.ك و نویبونەوەی لەوەدایە کە یاسا بکاتە سەروەری ئەندام و کادرەکانی و سەرکردایەتیەکەی و سەرۆکەکەی .... وە تەسلیم بەو ریساو پرەنسیپانە بیت کە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان ی ئەورپاش



تەسلیمی بون. ئەمەش "تەسلیمبون" نیە، بەهیزبونی ماسولکەو عەقلکرانەوەیە لە دنیای سەدەی ٢١ دا.

**دووەم ـ جگە لەوانەش دەکرێ بۆ نوێ کردنەوەی یەکیتی چەند خاڵێکی تریش بوترێن:**

١ـ پێویستە مەسەلەی ریفۆرم و نوێکردنەوەی حزب لەئاستی کۆمەڵگادا گفت وگۆی لەسەر بکرێ و ئەوپەڕی شەفافیەت بڕەخسێ بۆ چۆنیەتی مۆدێرنەکردنی سەرجەم لایەنەکانی حزب.

٢ـ باشترە بۆ نوێکردنەوەی یەکیتی بچینە سەر ئەو قەناعەتەی کەچاککردنی حزب تەنها کاتێك سەرئەگرێ کە بە "ناو" و "ناونیشان" باس لەو کەسانە بکرێ کە رێگرن لەپێشکەوتنی یەکێتی و بۆ بەرژەوەندی خۆیان یاخود بەپێی تێگەیشتنی هەڵەیان نایانەوێ نوێکردنەوە رووبدات.

٣. بنچینەی چەقبەستویی لە یەکیتی دا هەبونی ئەو گەندەڵیەیە کە بەسەرتاپای ژیانی کۆمەلایەتیەوە دیارە. چارەسەری ئەم دیاردەیە جگە لەوەی کە لەخاڵی "یەکەم"دا باسکرا، دەشێ لەرووی تاکتیکیەوە کەسێکی وەك "فۆکیە تنویل" بهێنرێتە مەیدان تاکو لانیکەم ئەو سیما ناشرینەی هەندی کەس داویانە بە دەسەلات بێتەوە ئاستێکی مەعقول تر.

٤ـ نوێکردنەوەی یەکیتی لەدنیایەکی وەهمی دا رونادات. ئەوانەی ئەم حزبە نوێ دەکەنەوە لەئەستێرەیەکی ترەوە بانگهێشت ناکرێن. مەرجی بناغەیی بۆ سەرکەوتنی نوێبونەوە ئەوەیە کە ئەو کادرو

**ئەندامانە بواری قسەکردن و لیپرسراوەتیان بۆ برەخسێ کەخاوەنی پاکترین پێشینەن و هەڵگری تێڕوانینی روون و دیاریکراون بۆ ئێستا و ئایندەو توانایی ئەوەیان هەیە لەرووبەڕووبونەوەی جۆراو جۆردا بەرگەبگرن و فشارە باوەکانی وەك: ژیانی کەشخەو فەنتازیای مۆدێل و کەڵەکەکردنی پارە و وەلائاتی شەخسی کاریان تی ناکات.**



## رێکنەکەوتن و مەترسیەکانی

(لەپەرراوێزی وتاری "رێکەوتن و مەترسیەکانی" رێبین هەردی دا)

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە ( ٣٧٠٠ ) ٢٠٠٥/٦/١٧**

**کاك رێبین هەردی لەوتارێکی جوان دا کە دو ستونی لەهەفتەنامەی "هاولاتی" (ژ٢٢٧ ی٨\٦\٢٠٠٥) داگیر کردوە، سەبارەت بەرێکەوتنی ی. ن. ك و پ. د. ك و دانانی سەرۆکی هەرێم بۆ ٤ساڵ، هەندێ قسەو باسی هێناوەتە ئاراوە کەدەهێنن زۆریان لەسەر بوترێ، بەلام لەو سۆنگەیەوە کە بۆچونەکانی رێبین زۆرتر خوێندنەوەی ئایندەن و پێشبینی ئەوە دەکەن لەداهاتوودا شتێك رو بدات (بۆ نموونە کوردستان دەبێتە مەملەکەتی دیکتاتۆریەت)، من واز لەو ئاقارەی وتارەکەی دەهێنم و یەك مەسەلە لەوتەکانی دەردەکێشم کە پێموایە بنج و بناغەی وتارەکەی لەسەر بنیات نراوەو شیکردنەوەی هەڵەی بۆ خراوەتە روو.**

**وتاری "رێکەوتن و مەترسییەکانی" بەراشکاوی تەئکید لەوە دەکات کە پاش نەمانی سەدام و رژێمەکەی "مەترسی ئەوتۆ" لەسەر کورد نەماوە.**

بەشیكی وتارەكە دەگوێزمەوە: " لەو كاتەدا كەبونی سەدام حسێنو دامو دەزگا موخابەراتیو سەربازیەكەی بەراستی هەڕەشەیەك بو لەسەر ژیانو مانەوەی ئەزمونی هەرێمی كوردستان {ناسیۆنالیزمی كورد} نەیتوانی بەهیچ شێوەیەك سنورێك بۆ ئەو شەڕە دابنێتو كۆمەڵگا لەدەوری یەكچارەنوسیو چونیەكی كۆبكاتەوە، بەڵام هەنوكە كە سەدام حسێنو سەرانی ڕژیمی بەعس لەزینداندانو بەواقعی هەڕەشەیەكی ئەوتۆ لەسەر هەرێمی كوردستان نەماوە، هەردو هێزە سەرەكیەكەی كوردستان كە ناكۆكیو بیروبۆچونی یەكجار جیاوازیان بۆ مەسەلەی سەرۆكایەتی هەریم و شكلی دەولەتو پەرلەمان هەبو ...... لە ناكاو لەگەڵ دانیشتنیكی هەردو سەركردە بە ئاسانی ریككەوتنو هەمو شتیكی تایبەت بە سەرۆكایەتیو یەكخستنی ئیدارەو پەرلەمانو كوردستانیان چارەسەر كرد."

١ـ سەرجەم روداوە سیاسیەكانی چەند هەفتەی رابوردو دەیسەلمێنن كەمەترسی لەسەر كوردستان كۆتایی پێ نەهاتوە. ئەگەر مەبەستمان لەمەترسی بریتی بێت لە "مافخوران" بەشێوەیەكی گشتی، واتە لەزەوی داگیركرانەوە تا دەگاتە هەڕەشەی تێكهەڵچونو شەڕی دەستەو یەخە لەسەر مەسەلە جۆراو جۆرەكانی گەلی كورد لەگەڵ گەلی عەرەب لەچوارچێوەی جوگرافیای لەعنەتی عیراق دا، ئەوا عەقڵێكی زۆر قوڵو چاوێكی زۆر تیژ پێویست نین تا ببیننو حاڵی بن كە ئاقاری گرفتەكان رو لەكوێ دەگات.



كاك رێبین وەك هەموو خەڵكی كوردستان دەزانێت كە روحی عروبەو ئیسلامچێتی توندو ڕەو تا چ ئەندازەیەك لەناخو دڵی برا عەرەبەكانماندا روچون.

- پیری بڕیاریاندا سەدان پۆلیسی شاری كەركوك بەئەنقەستو بۆ ئەوەی خەڵكی تر لەشوێنیان دابنێن خانەنشین بكەن"

ـ هەفتەی پێشو سەرۆك وەزیران فەرمووی كەركوك وەك خۆی دەمێنێتەوە دەسكاری ناكرێ"

ـ عەممار حەكیم لە "الشەرقلئەوسەت" رایگەیاند كە بروایان بە فیدرالی نەتەوەیی نیەو كەركوكیش نادری بە كورد"

ـ شەهرستانی دەفەرموێ كەركوك شارێكی عیراقیە،

- دوێنێ كۆنگرەی سوپای بەدر بەسەركەوتویی كۆتایی بەكارەكانی هێنا، واتە لەمەودوا لەشكری شیعە ئامادەی دەسبەكاربونەو وەك پێشمەرگە حسابی بۆ دەكرێت!

ئەمانەو دەیانو سەدان بەڵگەی تر كە بێ هیچ شكو گومانێك دەیسەلمێنن كە "رێككەوتن" لەگەڵ براكانی باشوردا رو لەباشە نیەو "رێككەوتن" لەناو خۆماندا ئەو پەڕی پێویستو ناچاریە.

وەهمی نەمانی مەترسی بۆ سەر هەرێمی كوردستان جگە لەخۆخڵەتاندنو خەڵك تەفرەدان ئاكامێكی تری نیە. بەپێچەوانەوە، ئەو مەترسیەی ئێستا لەسەر هەرێمی كوردستان هەیە ئەگەر لەرواڵەتو رەسمیاتدا نەبینراوو كەمبایەخ بێت، لەناوەرۆكو واقیع دا زۆر قوڵو سامناكە.

وەڵامی ئێمەی کورد، بەوانەی ئەندامی حزبن‌و ئەوانەش کەرەخنە لەحزب‌و کاری سیاسی حزبەکان دەگرن چی دەبێت کاتێك شاری کەرکوك قوت بدریَ‌و رێگا لەپەیوەست بونی بەهەرێمی کوردستانەوە بگیریَ؟

وەڵامی ئێمە چی دەبێت کاتێك خواستە نەتەوەییە رەواکانمان لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتداری عەرەبەوە پشت گوێ بخریَ‌و لەوەندو کۆسپی بخرێتە سەر رێی؟

ئەی وەڵامی عروبەوی‌و ئیسلامیەکان چی دەبێت کاتێك ئێمە پێ لەسەر خواستەکانمان دادەگرین‌و ئامادە نابین یەك سانتیمەتر لەسەر کێشە رەواکانمان سازش بکەین؟

هەڕەشەو مەترسی هەر ئەوەنیە کە فرۆکە بەسەر سەرماندا بخولێتەوەو دۆشکە هەراسانمان پێ هەڵچنێ، بەڵکو لەوەشدایە کە "زۆربە" ی ئەو مرۆڤانەی لەوڵاتێکدا لەتەکماندا ئەژین ئامادە نەبن مافەکانمان بەرەسمی بناسن‌و وەك خوشك‌و برای خۆیان رەفتارمان لەگەڵدا بکەن. مەترسی لەوەدایە کە نوخبەی عەرەبی عیراق هێشتاش لەخەوی ١٤٠٠ ساڵە راست نەبۆتەوەو دنیا وەك خۆی نابینێ‌و ئەم نەبینینەی دنیاش بەوە دەشکێتەوە کەهێزی شاراوەی ٢٠ ملیۆن مرۆڤ بەرەو ئاقاری شەرەنگێزی بڕوات‌و ئاراستە بکریَ‌و، لەسەر کوتی ئێمەو فەوتانی ئێمە دا ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆی دەمە زەرد بکاتەوە.



٢ـ کەمکردنەوەی قەبارەی ئەو هەڕەشانەی لەعیراق دا لەسەر کورد هەن کارێکی مەترسیدارە. ئەم مەترسیەش کاتێك زۆرتر بەرجەستە دەبێت کە لەلایەن عاقڵ‌و تێگەیشتوەکانی کورد خۆیەوە پاسا‌و بدریت‌و بە هەند نەگیریت.

چاوگێڕانێکی خێرا بەرۆژنامەکانی کوردستان‌و سایتەکان و گویهەلخستنیکی سەرپییی بۆ هەوالەکانی پایتەخت، هەر مرۆڤێکی وشیار دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە "مەترسی" یەکانی سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەت گەر ئاستە ئیقلیمیەکەش بێتە ناو لێکدانەوەو شیکردنەوەوە، چی وا لەجاران( پێش روخان) کەمتر نین بە تایبەت گەر بزانین رژێمی سەدام لە ٩١ بەواوە ئیتر وا لەمەنگەنە درا بوو کە نەتوانێ وەك هەشتاکان جەزرەبەمان لێ بدات، سەرباری ئەوەی کە وەك دەڵێن: "تا مرۆڤ لەسەرکەوتن نزیکتر بێتەوە مەترسیەکانی کەوتنیشی زۆرتر دەبن"، کورد لەعیراق دا لەسەرکەوتن نزیك بۆتەوە، بۆیە هەقە ئەوانەی بەتەنگ ئێستەو ئایندەیەوەن مەترسیەکان بێ بایەخ نەکەن‌و هەڵسەنگاندنی وردو ژیرانە بۆ سەرجەم ئەبعادەکانی عروبەو توانا وێرانکاریەکانی ئەنجام بدەن، هەروەها لێکدانەوەی گشتگیربۆئاستی توانایی نوخبەی دەسەڵاتداری شیعەو سوننە لەجێبەجێ کردنی پرۆژەی دیموکراسیدا یاخود لە "جێبەجێ نەکردنی" پرۆژەی دیموکراسیدا فۆرمۆلە بکەن.

خەوبینین بە حوکمێکی دیموکراسیانەوە لەکوردستاندا، ئەگەر بۆ کاك رێبین‌و کەسانی تر تەنها لەئاستی ئەکادیمی‌و ئەندێشەدا قابیلی

قسه لێکردنه، بۆ سەدان کادیرو ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەسەلەی سیاسەتی رۆژو مانەوەو بەردەوامبونە لە کاری سیاسیدا، بەڵام ئەم راستیە بەو مانایە نیە کاك رێبین هەرەشەو مەترسیەکانی سەر گەلی کورد بەکەم بنرخێنێ یاخود ئێمە (وەك ئەندامی ی. ن. ك) مەترسیەکانی لەناوچونی دیموکراسی لەکوردستان و حزبەکاندا کەمبایەخ بکەین.

مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی تێگەیشتنە لەراستیەکی گرنگ: تا ئەو کاتەی مەترسیەکانی سەر خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان کەمتر ببنەوە، مەترسیەکانی سەر دیموکراسیەت لەناوخۆی کوردستانیشدا کەم دەبنەوەو بواری تەراتێن و خۆکردنە "دیکتاتۆر" (بەمەفهومی کاك رێبین) کەمتر دەبێتەوە. پەیوەندی نێوان گەشەکردنی دیموکراسی لەکوردستان و سەنتەردا پەیوەندیەکی راستەوانەیە: ئەگەر لەسەنتەردا مافەکانی مرۆڤ، مافی هاوڵاتیبون، مافی ژنان مافی دیاریکردنی چارەنوس و سەرجەم مافە ئینسانیەکانی تر خاوەنیان بۆ پەیدا بو، وە کەسانێك هەبو ئاڵاکانیان بەرز بکاتەوەو بەرز رایشەکێنێ، ئەوا لەکوردستانیشدا مافی "جیاوازبون" و"جیاوازبیرکردنەوە" و مافەکانی تر مسۆگەرترن و ناکۆکیەکان شەففافتر دەبن و من و کاك رێبین و هەزارانی تر راشکاوانە تر دەتوانین لەسەر مەسەلەکان هەڵدەێنێ و بەچاوێکی میکرۆسکۆبیەوە دیقەتی سەرۆك و سەرکردەکان بدەین.



بەڵام گوناهی ئێمە نیە کە لەجوگرافیایەکی نەفرەتلیکراودا ئەژین و لە شانسی سەرۆکەکانی کورد (یان لەبێ شانسیان) هەمیشە بەغدا بۆتە سەنتەری کەسانی مێشك گەندەڵ و ناسیۆنالیست و توندوڕەو..

گوناهی سەرۆکەکانمان نیە کەجەعفەری و شەهرستانی و فلان و فیسار ناچاریان دەکەن جیاوازیەکانیان وەلابنێن و شتە گرنگەکان پشت گوێ بخەن و خەریکی دیاردە "گرنگترەکان" بن...... هەڵە لەکەسەوە نیە کە مەترسیەکانی "رێکنەکەوتن"ی هەر دوو حزب دەبێتە کارەسات و کورد دەکاتە گاڵتە جاری نێوخۆو دەرودراوسێ و جیهان.

مەسەلەی نەمانی "جیاوازیەکان" کە نوسەری "مەترسیەکانی رێککەوتن" هێندە بۆی بەپەرۆشە ئەوەندەش جیدی نیە. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەیەکێتی و پارتیەوە هەیە، بە ئەندازەیەك جیاوازی هەن کە دەیان نوسەری بەرێزی وەك هەردیش دەتوانن لەئۆقیانوسەکەی دا مەلە بکەن و جیاوازیەکانی ناوخۆی ی. ن. ك یش لەسەردەمی دیموکراسیەت دا هێند ئاشکراو شەفاف کەوتونە بەردەمی جەماوەر کە کاك رێبین لەغەمی نەمانی "جیاوازی" دا نەبێ و لە بواریکدا قەڵەم تاو بدات کە بەکردەوە بۆتە بواری چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك و مەیدانێك بۆ وەرچەرخانی وشیاری سیاسی خەڵکی کوردستان.

## شکستی ڕەفسەنجانی

٢٠٠٥/٦/٢٧

بابەتی سەرنجڕاکێش لەهەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئەمساڵی ئێراندا، زیاتر لەوەی كە سەركەوتنی محمود ئەحمەدی نەژاد بێ، شكستی عەلی ئەكبەر هاشمی ڕەفسەنجانی یە.

شكستی ڕەفسەنجانی بەواتای بێكەڵك بونو لەكاركەوتنی مۆدیلێكە لەكاری سیاسی كە لەساڵەكانی سەرەتای شۆڕشەوە تائێستا، لەڕێگای كەسایەتی جۆراوجۆری سیاسییەوە لەناوخۆی ئێراندا درێژەی پێدراوەو دەشێ بوترێ ڕەفسەنجانی دەركەوتوترینو هەڵكەوتوترین كەسایەتی ئەو ڕەوتە بو كە خۆی لەداپۆشینی ململانێ سەرەكیەكاندا ئەبینیەوەو هەوڵی ئەدا بەڕواڵەت دەم لەچاكسازی بداتو لەناوەڕۆكدا ئاو بكاتە ئاشی نەریتپارێزو توندڕەوەكانەوە.

ڕەنگە لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا، دوای ئایەتوڵڵا خومەینی، كەمكەس هێندەی ڕەفسەنجانی كاریگەری سیاسیو كۆمەڵایەتی لەسەر ڕەوتو ئاقاری گشتی ڕوداوەكانی ناوخۆو دەرەوەی ئێران دانابێ.

ئەو كە لەدایك بوی ساڵی ١٩٣٤ی گوندی بەهرەمان ی ناوچەی ڕەفسەنجانی كرمانە، یەكێك بو لەو سیاسەتمەدارە مەزهەبیانەی كە پانتاییەكی زۆری لەگۆڕەپانی شۆڕشو دوای شۆڕش داگیركردو توانی



بەرزترین پلەكانی دەسەڵات لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردودا وەدەست بێنێو، ڕۆڵێكی ئێجگار چالاك لەسەرخستنی ڕەوتی ئیسلامی ناو شۆڕشی ئێران دا وازی بكاتو دو خول سەرۆكی پەرلەمانو دو دەورە سەرەك كۆمارو ماوەیەك فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانو پاشان، دوای هەڵبژاردنی محمدی خاتەمی بەسەرەك كۆمار، دەزگایەكی تایبەتی بۆ كارو گوشاری سیاسی بەناوی "شورای دیاریكردنی بەرژەوەندی نیزام" دامەزراندو هەوڵیدا بۆ تاقە چركەیەك لە"دەسەڵات" دورنەكەوێتەوەو جێبەجیكاری كاملی ئەوقسەیە بێت كە دەڵێ" سیاسەتمەداری سەركەوتوو ئەو مرۆڤەیە قەت لەدەسەڵات دانابڕێ" . . .

نهێنی بناغەیی كەسایەتی ڕەفسەنجانی لەئاوێتەكردنی بەكردەوەی دو مەفهومی ناكۆك دا خۆی دەبینێتەوە كە زۆربەی شارەزایانو لێكۆڵەرەكان بۆ وەسفكردنی ئەو لەسەری یەكدەنگن: "نەریتپارێزیی پراگماتیست" . . .

پێش شكستی ئەم جارەی بەچەند ڕۆژێك، لەكاتی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی، ڕەفسەنجانی ڕایگەیاند: "من بناغەداڕێژەری چاكسازی بووم لەئێران". ئنجا بۆ ئەوەی گوێگرەكانی - كە بریتی بون لەژمارەیەك خوێندكاری گەنج - بخاتە ژێر سیحری بیرو باوەڕەكانیەوەو ناڕاستەوخۆ پەیامێك بدات بەریفۆرمخوازەكان كە گوایە لەسەنگەری ئەواندایە، ئەمەشی بۆ زیاد كرد:"دەوڵەتی خاتەمی قۆناغێكی پێشكەوتووتری لەو چاكسازیەیە درێژە پێداو ئەو ڕەوتەش

(واتە ڕەوتی چاکسازی) درێژەی دەبێت". بەڵام ئەگەر ئەو قسە تازانەی ڕەفسەنجانی بەڵگە بن بۆ "پراگماتیست" بونی و بیسەلمێنن لەدنیا حاڵیەو دەزانێ "بەرژەوەندی" خۆیو وڵاتەکەی لەوەدایە کە ریفۆرمو چاکسازی ببیتە ڕەوتێکی بێ گەڕانەوەو ناشێ بەرهەڵستی بکرێ، لایەنی "نەریتپارێز"ی لەشەخسیەتو مێژووی ئەودا هێندە بەرچاو بوە کە ژمارەیەکی زۆر لەڕیفۆرمیستە چالاکەکان بڕوای پێ نەکەنو یەخەی بگرنو داوای حساباتی سیاسی کۆنی لێ بکەنەوە.

ئەکبەری گەنجی، یەکێك لەو چالاکە سیاسیانەی کە ٦٢ مانگ بەهۆی بیروباوەڕی شەفافو رادیکاڵانەیەوە لەزینداندا بەسەر بردو بەهۆی گوشاری کۆنە پارێزەکانەوە لەگۆڕەپان وەدەرنرا، لەوتارێکدا ڕەفسەنجانی بە "عالیجناب سرخپوش" ناودەباتو دەنوسێ:

"دەبێ ڕەفسەنجانی لەدو زەمینەی دیاریکراودا وەڵامدەرەوەی هاووڵاتیان بێت:

**یەکەم:** درێژەدانی شەڕ دوای داگیرکردنی خرمشهر کە بوە هۆی شەهید بونی سەدەها هەزارکەس لەباشترین رۆڵەکانی ئەم خاكو ئاوەو هەزاران سەقەتی بەجێهێشتو ملیارەها دۆلاری خەسارەت لێ کەوتەوە،

**دوەم:** کوشتاری زنجیرەیی جیاواز ئەندێشانو ناکۆکەکان."

جگە لەوەش، گەنجی ئەو قسەیەی ڕەفسەنجانی کە دەڵێ "من لەگەڵ چالاکی توندڕەوانەدا ناکۆکم " بە ڕاست دانانێ چونکە لەسەردەمێکدا



کە ئەم پێی وایە" پاکترین قۆناغ " بوە، ٨٠کەس لەسیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆن تیرۆرکراونو چەندین رۆشنبیرو ئەندێشمەند لەسەر نوسینی نامەی ناڕەزایی بەندکراونو دادگای میکۆنوس (کوشتنی د. سادق شەرەفکەندی) هاتۆتە ئاراوەو دەیان چالاکی دەرەوەی سنوور جێبەجێ کراون.

راگرتنی پارسەنگی نێوان پراگماتیزمو نەریتپارێزی ـ وەك کرۆکی سەرجەم ناکۆکیەکانی هەناوی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکان . لەرەفسەنجانی دا گەیشتبوە ئاستێك کە نالوێ "هەبون"ی کەسایەتی ڕەفسەنجانی لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا باس بکرێ.

هەرچۆنێك بێت، ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە "سەردەمی ڕەفسەنجانی"، واتە زۆربەی ساڵانی دوای سەرکەوتنی باڵی ئیسلامی ناو شۆڕشی ئێران، لەلایەکەوە بریتی بوە لەکوشتو کوشتاری ناڕازیانی ئۆپۆزسیۆنو بێدەنگکردنی رۆشنبیرانو هەڵگرانی بیروباوەڕی جیاوازو، لەملایشەوە هەوڵدان بوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری ئێرانو مۆدێرنەکردنیو، ئەم دوو ئاقارەش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاوێتەی یەکدی کرابونو وا دەخرایە بەرچاو کە بەبێ سەرکوتی ئۆپۆزسیۆن "سەرداری سازەندەنگی" (ئەمە ناوێکی ڕەفسەنجانی بو!) ناتوانێ درێژە بەژیانی سیاسی بدات.

دەنگدانی ژمارەیەك لەخەڵکی ئێران . ئەگەر لەواقیع دا "دەنگدان"ێك لەئارادا بێت . بە محمود ئەحمەدی نەژادی سەربەباڵی توندڕەوو نەریتپارێز، ئەو راستیە ئیسپات دەکات کە شێوازی "پەنتەرناش"

لەکاری سیاسیداو، یاریکردن لەسەر دوپەت و دانیشتن لەنێوان دوکورسیدا، باوی نەماوەو کۆمەڵگای ئێرانی خوازیاری "گۆڕان"ە بەهەرنرخێك بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو "نرخ"ە هێنانە سەرکاری کەسێك بێت کە بەئاشکرا لەگەڵ ئاوات و خواستە دیموکراتیەکاندا دوژمن بێت بەڵام ئومێدی ئەوەی لەناوچاواندا بێت کە "ناکۆکیەکان" بەرەو یەکلابونەوە دەبات و بەشێوەیەکی شەفاف و بێگرێ و گۆڵ "شەڕ" لەسەر ئیمان و بەهاکانی دەکات. دورخستنەوەی رەفسەنجانی لەکورسی دەسەڵات بۆ کاتێکی دیارینەکراو . بەمەزەندە بۆ هەتاهەتایە . ئەو پەیامەش دەگەیەنێت کە کۆمەڵگای ئێران لەسەر لێواری رووبەڕووبونەوەو پێکهەڵپژانە: رووبەڕووبونەوەو پێکادانی ئەوکەس و لایەنانەی دەیانەوێ ئێران لەسەر ریتمی ئیمام خومەینی بڕوات و "دیموکراسی خۆرئاوایی" بخنکێنێ (باڵی ئەحمەدی نەژاد) لەگەڵ ئەو تاقم و گروپانەی کەنوێنەرایەتی زۆربەی خەڵکی ئێران دەکەن و لەسەردەمی خاتەمی و چاکسازیە ئیفلیجەکەیدا سەرەتا لەپەرلەمان و پاشان لەحکومەت و دواتر لەسەرجەم دەزگاکاندا پاکتاو کران و بەهۆی ناشێلگیری سەرکردەکەیانەوە بونە ئاردی ناو دڕك و ئێستە لەهەوڵی ئەوەدان کە جارێکی تر هەستنەوەو، بەکەڵك وەرگرتن لەگۆڕانە جیهانی و ناوچەییەکان (بەتایبەت گۆڕانەکانی ناو عیراق) دوایین وزەی سیاسیان بخەنەوە کار.

شکست و کۆتاییهاتنی رەفسەنجانی و هاتنی ئەحمەدی نەژاد بەواتای لەگرێژەنەچون و شێوانی ریزبەندیە سیاسیەکانی ناو ئێران



نیە، بەڵکو شەفاف بونی ئەو ریزبەندیانەیە کە باڵی "میانەرەو" بەدرێژایی چەندین ساڵ لەهەوڵی ئەوەدابو پەردەپۆشیان بکات و نەیەڵی بگەنە ئاستی رووبەڕووبونەوە.

خاتەمی و رەفسەنجانی وەك نوێنەران و ئاڵاهەڵگرانی چاکسازی و پراگماتیزمی مەزهەبی (میانەڕەو) زیاتر لە ٢٠ ساڵیان لەتەمەنی ئێران خوارد و نەیانتوانی گۆڕانێك بهێننە ئاراوە کە لەگەڵ کۆمەڵگای شارستانی و پێشکەوتوی ئەو وڵاتەدا تەریب و گونجاو بێت. هاتنی ئەحمەدی نەژاد "أضعف الایمان"ە بە "گۆڕان" ئەگەر تەنانەت بەئاقارێکی نەزانراو و پێشبینی نەکراویشدا بێت.